

پاشکۆی تایبەت بە ئێراق
لە پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی لەسەر بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوەی
توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ دا.

# عێراق

ڕێنمایی بۆ چالاکان لە عێراق
1ی شوباتی 2018

IICI Institute for International Criminal Investigations

# پاشکۆی تایبەت بە ئێراق
## لە پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی لەسەر بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ دا

# عێراق

ڕێنمایی بۆ چالاکان لە عێراق
1ی شوباتی 2018

Institute for International Criminal Investigations

سپاس و پێزانین ........................................................................................................ 1

مافی کۆپیی ئەم پاشکۆیە، و تێبینی لەبارەی گۆڕین و گونجاندنی ئەم پاشکۆیە ................................ 1

خۆبواردن لە بەرپرسیارەتی ......................................................................................... 1

لەبارەی IICI ........................................................................................................... 1

سەرناوەکان ............................................................................................................ 2

بەشی 1: بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی و ئەم پاشکۆیە، و تێبینیەکانی تر لەسەر ئەم پاشکۆیە ................. 4

بەشی 2: تێگەیشتن لە توندوتیژیی سێکسی .............................................................................. 6

الف. لێکدانەوەی توندوتیژیی سێکسی لە بەستێن (کۆنێکست) دا ............................................................. 6

*1. ڕەگەز و ململانێ لە عێراق* .............................................................................................. 6

ج. توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ و دەرەندەیی دا لە عێراق ............................................................ 7

*بەکارهێنانی توندوتیژیی سێکسی و ئەشکەنجە دژی نەیارانی سیاسی و بەندکراوان لەلایەن سەدام حوسێنەوە* ........ 7

*زیاتربوونی توندوتیژیی سێکسی لەدوای هێرشی ئەمریکا* ...................................................................... 8

*پەرەپێدانی توندوتیژی بەرلە هێرشی داعش و گرتنی ناوچەکان لە 2014* ................................................... 8

*توندوتیژیی سێکسی و بەکۆیلەکردنی سێکسی لەلایەن داعشەوە -لە 2014 بەدواوە* ....................................... 9

د. کاریگەریی توندوتیژیی سێکسی لە عێراق ........................................................................................ 10

بەشی 3: ڕێگەکانی لێپێچینەوەی تاوانکاران و چارەسەرەکان .................................................................. 13

ج. لێکدانەوەی گشتی لەبارەی ڕێگەکانی لێپێچینەوەی تاوانکاران و چارەسەرەکان بۆ قوربانیان ................................. 13

*1. شوێنە ناوخۆییەکان (لە عێراق)* ........................................................................................... 13

*2. میکانیزمەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی* ....................................................... 15

*3. دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و دەرخستنی ڕاستیەکان* ........................................................................... 16

*4. دادگا و تریبیوناڵە نێودەوڵەتی و هاوبەشەکان* ........................................................................... 16

*5. هەنگاوە یاساییەکان لە وڵاتی سێیەم - دەسەڵاتی دادگاییکردن لە دەرەوەی وڵات لەوانە دەسەڵاتی دادگاییکردنی جیهانی* ... 16

بەشی 4: لێپێچینەوەی هەر تاکێکی تاوانکار ........................................................................................ 19

الف. پێشەکی ............................................................................................................................ 19

*1. چوارچێوەی یاسایی* ......................................................................................................... 19

ب. پێکهاتەکانی تاوان ....................................................................................................................... 20

*تاوانە سەرەکیەکان لە چوارچێوەی یاسای عێراقیی پەیوەندیدار بە توندوتیژیی سێکسی دا* ...................................... 20

*یاسای عێراقی - جۆرەکانی بەرپرسیارەتی* .................................................................................. 24

د. ڕێساکانی تایبەت بە پرۆسەی دادگایی و بەڵگە ........................................................................................ 29

*1. ڕەزامەندی* ............................................................................................................ 29

*2. ئیسباتکردن* .............................................................................................................. 30

*3. هەڵسوکەوتی سێکسیی پێشتر و دواتر* ............................................................................... 30

*4. هەنگاوەکانی تر بۆ پاراستن* .......................................................................................... 31

بەشی 7: زیان مەگەیەنن ................................................................................................................ 33

الف. چەمکە سەرەکیەکان ............................................................................................................... 33

*1. زیان* ..................................................................................................................... 33

**ب. ڕەزامەندی ئاگاهانە** ........ 37

**ج. کەمکردنەوەی زیان** ........ 40

*1. هەڵسەنگاندنەکانی هەڕەشە و مەترسی لە عێراق ........ 40*

*2. کێشەکانی هەماهەنگی لە باکووری عێراق ........ 41*

*4. ئیرجاعکردن لە عێراق (پیاوان، ژنان، کچان و کوڕان) ........ 42*

**بەشی 9: پلاندانان ........ 44**

**پاشکۆ 1: پەیڕەونامەی کۆکردنەوەی بەڵگە کەڵکوەرگرتن لە یاسای عێراقی ........ 47**

## سپاس و پێزانین

ئەم پاشکۆیە بە نوێنەرایەتیی ئەنستیتوی لێکۆڵینەوەی تاوانە نێودەوڵەتیەکان (IICI) ئامادە کراوە، لەلایەن دوکتۆر Ingrid Elliott MBE، لە ڕێکخراوی دادوەریی تاوانی نێودەوڵەتی و پسپۆڕی SGBV، تیمی پسپۆڕانی بەریتانی بۆ ڕێگرتن لە توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ، و ڕاوێژکاری باڵای بەریتانیا سەبارەت بە ڕەگەز و دادوەری لە کاتی ململانێ دا. ستێفانی باربوور، لێکۆڵەری SGBV و چالاک لە بواری دادوەریی تاوانی نێودەوڵەتی، وەکوو پسپۆڕێکی سەربەخۆ پێداچوونەوەی بۆ ئەم پاشکۆیە کرد. هەروەها، سووزان عاررف، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی بەهێزکردنی ژنان (WEO)، پێداچوونەوەی بۆ ئەم پاشکۆیە کرد. IICI سپاسی ئەوان و ئەو کەسە بێ ناو و نیشانانە دەکات کە لە پێداچوونەوە دا دەوریان هەبووە. هەروەها بەڕێوەبەری بەرنامەی IICI، گابریێل ئوستویزێن (Gabriël Oosthuizen)، پێداچوونەوەی بۆ ئەم پاشکۆیە کردووە.

ئەم پاشکۆیە بە پاڵپشتیی بەخشندەی «نووسینگەی بیانی و کۆمنوێڵثی حکوومەتی بەریتانیا (FCO) ئامادە کراوە.

## مافی کۆپیی ئەم پاشکۆیە، و تێبینی لەبارەی گۆڕین و گونجاندنی ئەم پاشکۆیە

**IICI خاوەنی مافی کۆپیی ئەم پاشکۆیە یە.**

**بەڵام، ئامانج ئەوە یە کە ئەم پاشکۆیە بەڵگە و ئامرازێکی زیندوو و بەسوود بێت. هەموو بەکارهێنەران ئازادن کە بە دڵی خۆیان ئەم پاشکۆیە بە کار بهێنن، هەڵەکانی ڕاست بکەنەوە و یان بیگونجێنن لەگەڵ ئەو مەبەستەی کە بە کاری دەهێنن. بۆ ئەمجۆرە گۆڕانکاریانە، پێویست ناکات ڕەزامەندی لە IICI، نووسەری ئەم پاشکۆیە یان FCO وەربگرن. بەڵام هەرکات کە گۆڕانکاریەک لەم پاشکۆیە دا دەکەن، تکایە بە شێوەیەکی شیاو ئێقراری پێ بکەن.**

## خۆبواردن لە بەرپرسیارەتی

IICI بەرپرسیار نابێت لە چۆنیەتی بەکارهێنان وە یا دەستتێبردنی ئەم پاشکۆیە یان ئەو بەڵگەی کەم ئەم پاشکۆیە خراوەتە سەری، واتە پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی لەسەر بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ دا، لەلایەن کەسانی ترەوە، و هەروەها بەرپرسیار نابێت لە هەرجۆرە پاشهات و دەرەنجامێک کە بەهۆی ئەو بەکارهێنانە یان گونجاندنە ڕوو دەدات. هەموو بەکارهێنەرانی ئەم بەڵگانەی کە ناویان برا بەرپرسیارن کە هەڵسەنگاندنی پێویست بکەن لەبارەی گونجاوبوون و بێمەترسیبوونی بەکارهێنان وە یا کارپێکردنی ناوەرۆکی ئەم بەڵگانە.

ئەم پاشکۆیە ڕەنگە هەندێ هەڵەی نەخوازراوی تێدا بێت، بەو شێوەی کە لە بەشی 1ی ئەم پاشکۆیە دا ڕوون کراوەتەوە. پێویستە بەکارهێنەران خۆیان پشکنین بکەن و بزانن ئایا ناوەرۆکی ئەم پاشکۆیە بەرۆژە یان دروستە.

## لەبارەی IICI

ئەنستیتوی لێکۆڵینەوەی تاوانە نێودەوڵەتیەکان پسپۆڕە لە بواری دروستکردن و بەهێزکردنی توانایی لێکۆڵەران و چالاکانی نێودەوڵەتی، نیشتمانی، کۆمەڵگای مەدەنی و هتد لە بواری بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، کۆمەڵکوژی و پێشێلکاریە جددیەکانی مافی مرۆڤ. خولەکانی فێرکردنی ئەم ڕێکخراوەیە بریتین لە ڕاهێنان لەبارەی لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی سێکسی و ڕەگەزی لە کاتی ململانێ دا. بۆ زانیاریی زۆرتر لەبارەی IICI سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن: www.iici.global.

# سەرناوەکان

| | |
|---|---|
| CARSV | توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ و دڕەندەیی دا |
| CAT | پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە |
| CBO | ڕێکخراوی کۆمەڵگەیی |
| CED | پەیماننامەی پاراستنی هەموو کەسێک لە بێسەروشوێنبوونی بەزۆر |
| CEDAW | پەیماننامەی نەهێشتنی هەڵاواردن بەرانبەر بە ژنان |
| CERD | پەیماننامەی نەهێشتنی هەڵاواردنی نژادی |
| CIJA | کۆمیسیۆنی دادوەری و بەرپرسیاربوونی نێودەوڵەتی |
| CMR | بەڕێوەبردنی کلینیکیی لاقە |
| COI | کۆمیسیۆنی لێپرسین |
| CPC | یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان |
| CRC | پەیماننامەی مافەکانی منداڵان |
| AR-CRC | پرۆتۆکۆلی پاشکۆی پەیماننامەی مافەکانی منداڵان سەبارەت بە مافەکانی منداڵان لە ململانێی چەکداری دا |
| CRPD | پەیماننامەی مافەکانی کەسانی کەمئەندام |
| DCVAW | بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، KRI |
| FCO | نووسینگەی بیانی و کۆمنوێڵثی حکوومەتی بەریتانیا |
| FFM | شاندی دەرخستنی ڕاستیەکان |
| FGM | خەساندنی ژنان |
| GBV | توندوتژیی ڕەگەزی |
| GOI | حکوومەتی عێراق (فیدراڵ) |
| IICI | ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی تاوانە نێودەوڵەتیەکان |
| ICC | دادگای تاوانی نێودەوڵەتی |
| ICCPR | پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەبارەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان |
| ICESCR | پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەبارەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان |
| ICJ | دادگای نێودەوڵەتی |
| ICRC | کۆمیتەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور |
| IHT | دادگای باڵای عێراق |
| IIIM | میکانیزمی بێلایەن و سەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ سووریا |
| INGO | NGOی نێودەوڵەتی |
| IP2 | پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی لەسەر بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ دا، وەشانی 2م مارچی 2017 |
| IPV | توندوتیژیی هاوسەر |
| KRG | حکوومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان، عێراق |
| MOMA | وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان |
| NGO | ڕێکخراوی مەدەنی |
| NHRI | دەزگای نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ |
| PSEA | ڕێگرتن لە کەڵکـلێوەرگرتن و بەدڕەفتاریی سێکسی |
| PSVI | دەستپێشخەریی ڕێگرتن لە توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ دا، نووسینگەی بیانی و کۆمنوێڵثی حکوومەتی بەریتانیا |
| SGBV | توندوتیژیی سێکسی و ڕەگەزی |
| SGM | کەمینە سێکسی و ڕەگەزیەکان |
| SOP | ڕێسای ستانداردی کارکردن |

UJ دەسەڵاتی دادگاییکردنی جیهانی

UK شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای گەورە و باکووری ئیرلەند

UN نەتەوە یەکگرتووەکان

UNAMI نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عێراق

UNCOI کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان

UNFPA سندووقی جەماوەری نەتەوە یەکگرتووەکان

UNGA کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان

UNSC ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان

US ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

# بەشی 1: بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی و ئەم پاشکۆیە، و تێبینیەکانی تر لەسەر ئەم پاشکۆیە

تێبینی لەبارەی بەکارهێنانی پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی و پاشکۆی تایبەت بە عێراقی. پێویستە ئەم پاشکۆیە و وەشانی مانگی ئادار (وەشانی 2)ی پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی لەسەر بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوەی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ دا پێکەوە بخوێنرێنەوە. باشترین ڕێبازی دیاریکراو بۆ بەبەڵگەکردنی توندوتژیی سێکسی وەکو تاوانێک یان پێشێلکارییەکی یاسای نێودەوڵەتی (IP2).[1]

ئەم پاشکۆیە زانیاریی تەواوکەری تایبەت بە عێراقی تێدا یە. ئەمە نابێتە جێگرەوەیەک بۆ IP2 و بەگشتی ناوەرۆکی IP2 دووبارە ناکاتەوە. ئەم پاشکۆیە ئاساییانە ناکرێت بە تەنیا بە کار بهێنرێت.

شێوازی ڕیزکردن، فۆرماتکردن، ژمارەلێدانی بەشەکان و پاراگرافەکان، و هتد لە ئەم پاشکۆیە دا هاوشێوەی IP2 ـە بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر و ئاسان لە تەنیشتی IP2 دا بە کاری بهێنن.

بە هەمان شێوەی نموونەی ئینگلیزیی IP2، دەبێ تەرجومەی کوردی و عەرەبیەکەیشی لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2018 دا بخرێتە سەر ماڵپەڕی FCO.

بەردەنگی سەرەکیی ئەم پاشکۆیە ئەو کەسانەن کە بەڵگە کۆ دەکەنەوە یان بەشداری دەکەن لە پڕۆسەکانی بەرپرسیاربوون بۆ توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ و دڕەندەیی دا (CARSV) لە عێراق یان سەبارەت بە عێراق، چ وەکوو ئەندامی کۆمەڵگای مەدەنی بەشدار بن، یان وەکوو پسپۆڕی یاسایی، لێکۆڵەر، داواکاری گشتی یان دادوەری بە فەرمی ڕاسپێردراوی حکوومەتی عێراق یان حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یان وەکوو چالاکی نێودەوڵەتی. بەڵام، ئەم پاشکۆیە (و IP2) هەروەها ڕەنگە بەسوود بێت بۆ ئەو چالاکانەی کە بەڵگە کۆ دەکەنەوە سەبارەت بە ئەو حاڵەتانەی توندوتیژیی سێکسی و ڕەگەزی (SGBV) کە پەیوەندیی بە ململانێی ڕابردوو یان ئێستا لە عێراق یان جۆرەکانی تری تاوانەوە نیە.

بۆ ئەم پاشکۆیە، مەبەست لە «چالاکوانی ڕاسپێردراو» ئەو کەسە یان ڕێکخراوە یە کە بە ڕەسمی دەسەڵات یان ئەرکی حکوومی پێ دراوە بۆ ئەوەی لە جێبەجێکردنی یاسا، لێکۆڵینەوە، شایەتیی پسپۆڕانە، لێپێچینەوە وە/یا داوەری دا بەشداری بکات. دەکرێت ئەم ڕاسپاردەیە یان فەرمانە، بۆ نموونە، ڕاستەوخۆ لەلایەن حکوومەتێکەوە بدرێت، لەڕێگەی یاسایەکی نیشتمانیەوە، لەڕێگەی ڕێکەوتنێک لەگەڵ حکوومەتێک، لەڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەپێی دەسەڵاتەکانی لە بەشی VII، یان لەڕێگەی ڕێکخراوێکی ترەوە کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەم فەرمانە ڕەسمیە بدات.

ئەم پاشکۆیە تەئکید دەکاتە سەر جیاوازیەکانی نێوان یاسای تاوانی نێودەوڵەتی و ئەو ڕێسا و ڕێبازانەی کە لە IP2 دا دیاری کراون و ئەو یاسا و ڕێسا و ڕێبازانەی کە لە عێراق هەن یان پەیوەندییان بە عێراقەوە هەیە. بەکارهێنەرانی ئەم پاشکۆیە دەبێ ئەوە بزانن کە یاساکان ڕەنگە بگۆڕدرێن و دەبێ هەموو ئەو مادە و بڕگە یاساییانەی کە لێرەدا باس کراون لەگەڵ یاسا نوێکانی عێراق بەراورد بکرێن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاژاوە و توندوتیژیەی کە لەم ساڵانەی دوایی دا بەرۆکی عێراقی گرتووە، مومکینە میکانیزم و یاسای نوێ، هەروەها پێناسەی نوێ بۆ تاوانەکان و ڕێسای نوێ بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و کار لەسەر تاوانەکان دابنرێت. لەڕاستیدا، بەردەوام گفتوگۆ دەکرێت لەسەر ئەوەی کە چۆن دڵنیا ببین کە بکەرانی ئەمجۆرە تاوانانە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبنەوە، و لەم دواییانە لەسەر داوای حکوومەتی عێراق (GOI) میکانیزمێکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی دانراوە کە ئێسا خەریکن چوارچێوەی کاری بۆ دیاری دەکەن بە هەمان شێوەی کە ئەم پاشکۆیە خەریکە نیهایی دەکرێتەوە.

ئەو بڕگە و بابەتە یاساییانەی کە لە ئەم پاشکۆیە دا باس کراون لەسەر بنەمای تەرجومەی ئینگلیزیی دەقە ئەسڵیەکەن کە بە زمانی عەرەبیە. مەرجەع دەقە ئەسڵیە عەرەبیەکە یە و لەبەر ئەمە زۆر گرنگە کە بەکارهێنەی ئەم پاشکۆیە سەرنجی دەقە ئەسڵێە عەرەبیەکە بدات.

عێراق سیستەمێکی فیدراڵیی هەیە، و بەپێی دەستووری فیدراڵ، هەرێمی کوردستان (KRI) هەندێ دەسەڵاتی ئیجرایی، یاسایی و دادوەریی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم بەو واتا یە کە ڕەنگە لە هەرێمی کوردستان بە یاسای جیاواز کار بکرێت. ئەم جیاوازیانە لەم پاشکۆیە دا بەرجەستە کراون، بەڵام، بەکارهێنەران دەبێ بەپێی ئەو ناوچەی کە لەسەری کار دەکەن، یاسا نوێکان چێک بکەن.

[1] IP2 لەلایەن نووسینگەی بیانی و کۆمنوێڵث (FCO)ی حکوومەتی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیای گەورە و باکووری ئیرلەند (UK) بڵاو دەکرێتەوە، و نووسەرە سەرەکیەکانی بریتین لە فێرۆ ڕیبێیرۆ (Ferro Ribeiro) و داناێ ڤان دێر ستراتێن پۆنتۆز (Danaé van der Straten Ponthoz). دەتوانن IP2 لە ماڵپەڕی FCO دابگرن، لە ناونیشانی www.gov.uk/government/publications/international-protocol-on-the-documentation-and-investigation-of-sexual-violence-in-conflict.

هەروەها یاسا تەفسیری دادوەریی بۆ دەکرێت. حاڵەتەکانی توندوتیژیی سێکسی لە دادگاکانی عێراق بەنیسبەت زۆر کەمن و پەیداکردن و دەستگەیشتن بە تۆمارەکانی دادگا زۆر ئەستەمە. بۆ ئامادەکردنی ئەم پاشکۆیە هەندێ بەڵگەی زارەکی لەبارەی تەفسیری یاسا و شێوازی کار لە دادگاکانی عێراق کۆ کراونتەوە، بەڵام ئەمەیش بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێت و لەوانەیە لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق دا جیاواز بێت.

دەتوانین بڵێین زانیاریەکانی نێو ئەم پاشکۆیە لە نیوەی تشرینی دووەمی 2017 بەدواوە دروستن، مەگەر پێچەوانەی ئەمە وترابێت.

لە حاڵێک دا کە بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەی بکەرانی تاوانی SGBV لە عێراق بە نیستبەت زۆر کەم ئەنجام دراوە، لەم ساڵانەی دوایی دا، لە وەڵامی ئەو تاوانانەی SGBV کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک لەلایەن داعشەوە ئەنجام دراون، هەوڵەکانی بەبەڵگەکردنی تاوانەکان لە باکووری عێراق زۆر زیاتر بووە.[2] هەروا کە لە خوارەوە بە وردی باس دەکرێت، ئێستا کێشەیەکی جددی هەیە، ئەویش ئەوە یە کە کۆمەڵێک لایەن بە شێوەی بێبەرنامە و ناهەماهەنگ هەوڵی بەبەڵگەکردنی تاوانەکان دەدەن کە ڕەنگە بەم کارەیان زیان بە ڕزگارکراوان و هەوڵەکانی لێپێچینەوەی تاوانباران بگەیەنن لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەنێو IP2 و لەنێو ئەم پاشکۆیە دا باس کراون. ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێت سەبارەت بە تاوانەکانی CARSV لە باکووری عێراق یان پەیوەست بەم ناوچەیە و هەروەها سەبارەت بە ململانێکانی تری ڕابردوو و ئێستا لە عێراق بەڵگە کۆ بکەنەوە، ئێمە پێداگرانە داوایان لێ دەکەین لە خۆیان پرسیار بکەن کە هەوڵەکانیان بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە خزمەتی چ ئاماجێک دەکات، چ سوودێکی بۆ ڕزگارکراوان هەیە، ئایا لایەنێک هەیە کە بە فەرمی ڕاسپێردرابێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە و چۆن دەتوانن کارەکانیان هەماهەنگ بکەن و بۆ ئەوەی مەترسیی دووبارەکاری و زیانگەیاندن کەم بکەنەوە.

**تێبینی لەبارەی گونجاندنی ئەم پاشکۆیە هەروا کە لە سەرەوە وتمان، ئامانج ئەوە یە کە ئەم پاشکۆیە بەڵگە و ئامرازێکی زیندوو و بەسوود بێت.**

**هەموو بەکارهێنەران ئازادن کە بە دڵی خۆیان ئەم پاشکۆیە بە کار بهێنن، نوێیَ بکەنەوە، هەڵەکانی ڕاست بکەنەوە و یان ئەوجۆرەی کە دیانەوێت لەگەڵ مەبەستی خۆیان بیگونجێنن. بۆ ئەمجۆرە گۆڕانکاریانە، پێویست ناکات ڕەزامەندی لە IICI، نووسەری ئەم پاشکۆیە یان FCO وەربگرن. بەڵام هەرکات کە گۆڕانکاریەک لەم پاشکۆیە دا دەکەن، تکایە بە شێوەیەکی شیاو ئێقراری پێ بکەن.**

[2] هەندێکی تر لە ناوەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بریتین لە حکوومەتی ئیسلامیی عێراق و سووریا (ISIS)، حکوومەتی ئیسلامیی سووریا و شام (ISIL)، حکوومەتی ئیسلامی، و حکوومەتی ئیسلامیی عێراق و شام.


# بەشی 2: تێگەیشتن لە توندوتیژیی سێکسی

**A.** لێکدانەوەی توندوتیژیی سێکسی لە بەستێن (کۆنێکست) دا

1. ڕەگەز و ململانێ لە عێراق

لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق، پەیوەندی و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای مۆدێلی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆنی پیاوسالارانە یە، و نۆرمەکان بە شێوەیەکی قووڵ بۆ دوو ڕەگەزی نێر و مێ جیا کراونەتەوە کە دەبێت پابەند بن پێیانەوە. پیاووان وەکوو ڕەگەزی زاڵ، بەخێوکەری بەهێز، پارێزەر و بڕیاردەر دەبینرێن. ژنان زۆرتر وەکوو هاوسەر، دایک و کچ سەیر دەکرێن - «پاک» و ناسک کە دەبێ بپارێزرێن؛ وە ئاساییانە وا بیر دەکرێتەوە کە باشترین شوێن بۆ کارکردن و پاراستنیان ماڵەوە یە. بێگومان هەندێ گۆڕانکاری و جیاوازیش هەن؛ هەم کەسانی زۆر پارزێکارتر هەن، هە کەسانی پێشکەوتووتر کە کەمتر باوەڕیان بە جیاکردنەوەی ڕۆڵی ژن و پیاو هەیە. هەروەها بە تێپەڕبوونی کات بیروڕاکان گۆڕاون، و هەندێ شاری عێراق لە ماوەی دوو دەیەی 1990و 2000 دا بە شێوەیەکی بەرچاو پارێزکارتر و توندڕەوتر بوونە.[3]

توێژینەوەیەک لە ساڵی 2011 لە عێراق نیشان دەدات کە چۆن ئەم نۆرمە ڕەگەزیانە کاریگەری دادەنن لەسەر ڕەفتار، ئازادیەکان و توندوتیژیی نێوان ژن و پیاو. ئامارەکانی عێراق نیشان دەدەن کە ڕادەیەکی زۆر لە توندوتیژیی ڕەگەزی (GBV) دژی ژنان هەیە، بەتایبەت توندوتیژیی نێوخێزان[4] و «کوشتنی ناموسی».[5]



Source: I-WISH 2011.

[6]

ڕووادان و چۆنیەتیی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ و دەرەندەیی دا (CARSV) تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی بەستێن/کۆنتێکست دا یە. ئەو کولتوور و نۆرمە ڕەگەزیانەی کە ئەم جۆرە توندوتیژیە تێدا ڕوو دەدات، فۆرم و ئامانجی دیاری دەکەن. کاریگەریی CARSV لەسەر ڕزگاربووان زۆربەی کات بەپێی بەها و لێکدانەوەکانی ئەو کۆمەڵگەی کە کەسی ڕزگاربوو لێی دەژێیت بەرجەستە دەکرێت.

---

3 نموونەیەکی تر، دوای جەنگی کەنداو لە 1991، هەندێ یاسا و سیاسەت هەموار کران یان جێبەجێ کران کە مافەکانی ژنانیان کەم کردەوە، چونکە ڕژیم هەوڵی دەدا بەم کارانە پاڵپشتیی ڕێبەرانی تایفی و ئایینی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لەم ماوەیە دا، لە یاساکانی عێراق دا سزاکانی کوشتنی «ناموسی» کەم کرانەوە. سەیری ئەمە بکە: چاودێری مافی مرۆڤ, *هیچ کەسێک پارێزراو نیە: بەدرەفتاری لەگەڵ ژنان لە سیستەمی دادوەریی تاوانی عێراق دا*، 2014، لاپەڕەی 17.

4 چاودێری مافی مرۆڤ، *توندوتیژیی نێوخێزان لە عێراق، شرۆڤەی چاودێری مافی مرۆڤ لەبارەی ڕەشنووسی یاسای دژی توندوتیژیی نێوخێزان لە عێراق*، 2017، لاپەڕەی 1 («توێژینەوەی تەندروستیی خێزانی عێراقی ( IFHS)لە ساڵی 2007/2006 دەریخست کە لە هەر پێنج ژنی عێراقی یەکێک تووشی توندوتیژیی جەستەیی نێوخێزان بووە»).
https://www.hrw.org/sites/default/files/supporting_resources/iraq_dv_formatted_memorandum_final_english.pdf

5 *بۆ نموونە ئەمە بخوێنەوە،* وەزارەتی ناوخۆی شانشینی یەکگرتوو، *سیاسەتی وڵات و زانیاری لەبارەی عێراق: تاوانی «ناموسی» لەنێو کوردان،* ئابی 2017، بەشی 7.3 بەربڵاوی. https://www.justice.gov/eoir/page/file/995246/download

6 گرافیکی وەرگیراو لە UNIRAQ. *نامیلکەی زانیاری لەبارەی ژنان لە عێراق* (2013)
http://www.uniraq.com/index.php?option=com_k2&view=item&id=498:women-in-iraq-factsheet&Itemid=626&lang=en

له بەشی 7 (زیان مەگەیەنن) دا زانیاریی زۆرتر لەبارەی بەستێنی کۆمەڵگا لە عێراق پێشکەش دەکرێت، لەو بەشە دا باسی کۆسپ و مەترسیەکانی بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوەی هەرچەشنە توندوتیژیی سێکسی لە عێراق، و ناوزڕان لە کۆمەڵگا و ئەو زیانانەی کە دواتر ڕزگاربووان تووشیان دەبن، دەکەین.

## ج. توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ و دڕەندەیی دا لە عێراق

ژمارەیەکی زۆر لە عێراقیەکان پێیانوایە کە بەرلە دەستپێکردنی تاوانەکانی داعش لە 2014، هیچ جۆرە توندوتیژیی سێکسی لە عێراق نەبووە.[7] بەڵام، لە مێژووی ئەم دواییە عێراق دا بە ڕوونی دەتوانن حاڵەتەکانی CARSV ببینین.

### ***بەکارهێنانی توندوتیژیی سێکسی و ئەشکەنجە دژی نەیارانی سیاسی و بەندکراوان لەلایەن سەدام حوسێنەوە***

لەو ساڵانە دا کە سەدام حوسێن حاکم بوو (1979 هەتا 2003)، عێراق تووشی کۆمەڵێک ململانێ و ناسەقامگیریی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بوو. بۆ نموونە، لە جەنگی عێراق و ئێران (1980 هەتا 1988) دا هەندێ هەڵمەتی ناوخۆیی ئەنجام دران دژی ئەو کەسانەی کە ڕژیمی سەدام حوسێن پێیوابوو دژی ڕژیمن وە یا، بۆ نموونە، بە شێوەیەک لایەنی ئێران دەگرن. جیا لە ژنانی تر، ژنانی ئیسلامگەرا و ژنانی کورد، ئەشکەنجە دەکران و ئازاری سێکسی دەدران وەکوو ئامرازێک بۆ بێئابڕووکردنی خێزانەکانیان، وە زۆربەی کات وەکوو ڕێگەیەک بۆ هێرشی ناڕاستەوخۆ بۆ سەر پیاوە سیاسیە نەیارەکان.[8] چەند حاڵەت لە ئەم سەرکوتکردنە دڕندانەیە بریتین لە تۆڵەکردنەوە لە خەڵکی ناوچەی دوجەیل و بەلەد لە 1982 و هەڵمەتی ئەنفاڵ دژی کوردان لە 1986 هەتا 1989. بڕیارەکانی دادگای باڵای عێراق (IHT) لە دوای ڕووخانی ڕژیم لە 2003 نیشان دەدەن کە تا چ ڕادەیەک توندوتیژیی سێکسی دژی نەیاران بە کار هێنراوە. توندوتیژیی سێکسی بەشێک بوو لە پرۆسەی ئەشکەنجە و تۆقاندنی نەیاران لە بەندیخانەکان دا.[9]

*تۆڵەکردنەوە لە دوجەیل و بەلەد 1982*

هەرچەند دادگای باڵای عێراق لە بڕیاری خۆی دا ئاشکرا تاوانی توندوتیژیی سێکسی دەستنیشان نەکرد، بەڵام ئەم دادگایە ڕایگەیاند کە توندوتیژیی سێکسی بەشێک بووە لە ئەشکەنجە دژی ئەو ژنانەی کە لەدوای تۆڵەکردنەوەی دوجەیل بەند کراون. ئەمە بریتی بوو لە «لاقەکردنی کەسوکار؛ هەڕەشەی لاقەکردنی قوربانی؛ ناچارکردنی قوربانی بۆ سەیرکردنی دەستدرێژی بۆ سەر کەسێکی تر؛ ڕەفتاری سووک لەگەڵ قوربانی؛ بۆ نموونە بەزۆر ڕووتکردنەوەی، بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشە، وەکوو هەڕەشەی زیانپێگەیاندنی جددی.»[10] ئەم ڕەفتارانە لە زیندانی ئەلحەکیمیە، زیندانی ئەبووغوریب و لە کەمپی دەستبەسەرکردنی بیاوانی لیە. بۆ دادگا دەرکەوت کە شایەتەکان، لەبەر شوورەیی کۆمەڵایەتی و ترس لە ناوزڕان، ناڕاستەوخۆ لەبارەی توندوتیژیی سێکسی قسەیان کردووە: «ژنان شەوانە ئەشکەنجە دەکران»، ئەوان «جلی ژنانیا دەردەهێنا»؛ یان «لاقی ژنێکیان بەرز دەکردەوە» و «زۆربەی کچەکان لەبەر کاریگەریەکانی ئەشکەنجە شوویان نەکرد».

*هەڵمەتی ئەنفاڵ دژی کوردان، 1986 هەتا 1989*

هەڵمەتی ئەنفاڵ زۆرتر لەبەر لەناوبردنی سەرتاسەری و پلانبۆدانراوی گوندەکان(نزیکەی: 4500 گوند)، ژمارەی زۆر قوربانیان (نزیکەی: 182000 کەس) و بەکارهێنانی چەندجارە و مەرگباری چەکی کیمیایی لە ناوچە مەدەنیەکان، لەوانە هێرشی کیمیایی هەڵەبجە کە هەزاران کەسی کوشت، ناسراوە. بەڵام، هەمان شێوازی توندوتیژیی سێکسی و ئەشکەنجە دژی کەسانی بەندکراو بە کار هێنرا. ژنان لە پیاوان جیا کرانەوە و چەندین جار لەلایەن چەند کەسەوە لاقە کران؛ هەندێکیان بە بەرچاوی کەسوکاریانەوە؛ هەندێکی تر بە بەرچاوی ژنانی ترەوە. دەوترێت هەندێ لە ژنەکان لە ئاکامی ئەم توندوتیژیە دا مردوون.[11]

هەرچەند لە بڕیارەکانی دادگای باڵای عێراق دا هیچ وردەکاریەک نیە لەبارەی بەکارهێنانی توندوتیژیی سێکسی وەک ئامرازێکی ئەشکەنجە دژی بەندکراوە نێرینەکان لەم بەندیخانانە دا، ڕەنگە هۆکاری ئەم باسنەکردنە بگەڕێتەوە بۆ شوورەییبوون و نکۆڵیکردن لە توندوتیژیی سێکسی دژی ڕەگەزی نێرینە لە عێراق، نەک سەلماندنی ئەوەی کە شتی وەها ڕووی نەداوە.

---

[7] نووسەر لە ماوەی کارکردنی لە عێراق ئەم بیروڕایانەی کۆ کردووەتەوە.

[8] *ئەمە بخوێنەوە:* نادیە ئەلعەلی، *توندوتیژیی سێکسی لە عێراق: کۆسپەکانی بەردەم سیاسەتی فیمینیستیی ترانسناسیۆناڵ، زانکۆی SOASی لەندەن*، گۆڤاری ئەورووپیی توێژینەوەکانی ژنان، 2016، لاپەڕەی 11.

[9] *ئەمە بخوێنەوە،* ئەلعەلی (2016)، لاپەڕەی 10:

[10] کاترین ڕاهنارتەر و گارێث ستانسفیلد، دانپێدانانی ئەو ئازارانەی کە بەهۆی توندوتیژیی سێکسی و تاوان بە فەرمانی حکوومەت ڕوویان داووە: *هەڵسەنگاندنێکی دادگای باڵای عێراق*، توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، 2015، بە گێڕانەوە لە بەڵگەی کەیسی دوجەیل ژمارە 9/1 یەکەم/2005 (بەو شێوەی کە Mizna Management LLC تەرجومەی کردووە)، بەڵگەی 3 لە 6، لاپەڕەی 48، لاپەڕەی 37/38، 73 و بەڵگەی 4 لە 6، لاپەڕەی 11 (پەیوەندیدار بەم پاراگرافە).

[11] لێکۆڵینەوەی ڕاهنارتەر و ستانسفیلد لە سەرەوە بخوێنەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەی ئەلعەلی (2016)، لاپەڕەی 12 («توندوتیژیی سێکسیی سیستەماتیک لەوانە لاقەکردنی ژنان لە بەندیخانەکان»). هەروەها لێکۆڵینەوەی چۆمان هەردی بخوێنەو، بەسەرهاتە ڕەگەزیەکانی کۆمەڵکوژی: ڕزگاربووانی ئەنفاڵ لە کوردستانی عێراق، 2011

جۆرەکانی تری توندوتیژیی سێکسی کە لە ڕژێمی سەدام دا بە کار هێنراون بریتین لە ڕفاندنی ژنانی گەنج و کچانی عێراقی لە بەغدا و و دەستدرێژی کردنە سەریان لەلایەن عودەی حوسەین (یەکێک لە کوڕەکانی سەدام) و میلیشیاکانیەوە.[12]

*زیاتربوونی توندوتیژیی سێکسی لەدوای هێرشی ئەمریکا*

لە ساڵانی نێوان هێرشی سەر کەویت و یەکەمین جەنگی کەنداو لە 1990 هەتا هێرشی ئەمریکا و ڕوخانی ڕژیمی سەدام لە 2003، گەمارۆ، قەیرانی ئابووری، و زیاتربوونی پارێزکاری بوو بەهۆی زیاتربوونی توندوتیژیی ڕەگەزی، لەوانە توندوتیژیی نێوخێزان. دوای 2003، بە هاتنی هێزی بیانی، لاوازبوونی ئاسایش و جێبەجێکردنی یاسا لەلایەن حکوومەتەوە، و ناسەقامگیری/سەر هەڵدانی بەچاو، ڕاگەیەندرا کە حاڵەتەکان و جۆرەکانی توندویژیی ڕەگەزی لەوانە توندوتیژیی سێکسی زیادیان کردووە: «ڕاگەیەندرا کە توندوتیژیی نێوخێزان، هەڕەشەی زمانی و جەستەیی، هەراساندنی سێکسی، لاقەکردن، هاوسەرگیریی بەزۆر - هەروەها زۆرتربوونی موتعە یان وەک دەوترێت هاوسەرگیریی کاتی - قاچاخی مرۆڤ، لەشفرۆشیی بەزۆر، خەساندنی ژنان، و تاوانی ناموسی، لەوانە کوشتن، بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە».[13] هەروەها ڕاگەیەندرا کە حاڵەتەکانی ڕفاندن و لاقەکردنی ژنانی عێراقی زۆر خێرا زیادی کردووە.[14] ڕێکخراوی Heartland Alliance پێیوابوو کە توندوتیژیی دژی کچان هەتا 2011 بووبوو بە عورف.[15]

بەکار هێنانی توندوتیژیی سێکسی وەکوو ئامرازی ئەشکەنجە لە بەندیخانەکانی حکوومەت و هەروەها لە بەندیخانەکانی هێزە بیانیەکان، وەک ئەبووقورەیب، بەردەوام بوو. ڕەفتارە خراپەکانی هێزە بیانیەکان لەم بەندیخانانە دا بریتی بوون لە هەندێ جۆری شەرمەزارکەری توندوتیژیی سێکسی، وەک بەزۆر ڕووتکردنەوە، ئەنجامدانی کردار یان ژێستی سێکسی بەزۆر، خۆڕەحەتکردنی بەزۆر لەبەرچاوی سەربازانی ژن یان بەسەر زیندانیەکانی تر دا، لاقەکردن (لەوانە بە بەکار هێنانی چرای کیمیایی و دەسکە گسک) و هەڕەشەی لاقەکردن. زۆربەی کات لەم کردارانە فیلم یان وێنەیان گرتووە. ئەم توندوتیژیە لەلایەن سەربازانی پیاو و ژن بەرانبەر بە زیندانیانی پیاو و ژن ئەنجام دراوە.[16] سەربازانی ژنی ئەمریکی هەروەها ڕایانگەیاندووە کە هاوکارە پیاوەکانیان توندوتیژیی سێکسییان لەگەڵیان کردووە.[17]

*پەرەپێدانی توندوتیژی بەرلە هێرشی داعش و گرتنی ناوچەکان لە 2014*

دوای چوونەدەرەوەی هێزە نێودەوڵەتیەکان/ئەمریکیەکان لە 2011، توندوتیژی و سەرهەڵدان لە عێراق پەرەی سەند. داعش (یان هاوبیرەکانی پێشووی) هێرشی زۆرتر و زۆرتریان کرد هەتا 2014 کە دەستیان کرد بە داگیرکردنی خاک، و بە شێوەیەکی سیستەماتیک توندوتیژیی سێکسییان بە کار هێنا و توندتر لە جاران ژنانیان کرد بە کۆیلەی خۆیان. لەم ماوەی پەرەسەندنی توندوتیژیە دا، لە بەندیخانەکانی عێراق بەردەوام توندوتیژیی سێکسی وەکوو ئامرازێکی ئەشکەنجە بە کار دەهێنرا. ڕاپۆرتەکانی توندوتیژیی سێکسی دژی ژنان و پیاوانی بەندکراو لە بەندیخانەکانی وەزارەتی داد بوو بە هۆی ئەوەی کە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق پشتڕاستی بکاتەوە ئەم توندوتیژیە «بەربڵاو» و «سیستەماتیک» بووە.[18]

هەروەها لەلایەن میلیشیای بێ ناو و نیشانەوە چەندین جار هێرش کرایە سەر پیاوانێک کە گومانی هاوڕەگەزخوازیان لێ دەکرا، لەوانە «هەڵمەتی کوشتن لە 2009» و «کوشتنی ڕۆژاواییخوازەکان» لە 2012. ئەمە جیا لەوەی کە توندوتیژیی ڕەگەزی بووە، هەروەها هەندێ لایەنی توندوتیژیی سێکسیشی تێدا بووە، لەوانە بەزۆر ڕووتکردنەوە و سووکایەتی پێکردن، خەساندن، بەزۆر

---

[12] *ئەمە بخوێنەوە،* ئەلعەلی (2016)، لاپەڕەی 12.

[13] *ئەمە بخوێنەوە، ئەلعەلی (2016)، لاپەڕەی 16.* خەڵک باوڕیان وابوو کە هەردووی باندەکانی تاوان و پۆلیستی عێراق دەستیان هەیە لە قاچاخکردنی مرۆڤ بۆ وڵاتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوین.

[14] هێنیا دەکاک، *چارەسەرکردنی توندوتیژیی سێکسی، بەدڕەفتاری و کەڵکی خراپ لێوەرگرتن،* وەشانی تایبەتی FMR, ساڵی 2007، لاپەڕەی 39 (http://www.fmreview.org/sites/fmr/files/FMRdownloads/en/FMRpdfs/FMR27/full.pdf)؛ چاودێری مافی مرۆڤ، *جەوی ترس و تۆقان: توندوتیژیی سێکسی و ڕفاندنی ژنان و کچان لە بەغدا، 2003.*

[15] Heartland Alliance، «توندوتیژیی ڕێکخراو دژی ژنان و کچان: یاسا و عورف لە عێراق»، 2011. https://www.heartlandalliance.org/international/wp-content/uploads/sites/15/2017/02/Institutionalized-Violence-Against-Women-and-Girls-in-Iraq-Laws-and-Practices-January-2011.pdf

[16] ئەمە بخوێنەوە، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، لە پشتەوەی ئەبووغورەیب: *بەندکردن و ئەشکەنجەکردن لە عێراق، 2006* (https://www.amnesty.org/en/documents/mde14/001/2006/en/)؛ چاودێری مافی مرۆڤ، ڕێگای ئەبووغورەیب، 2004، لاپەڕەی 26 و 27، دەسکەوتەکانی ڕاپۆرتی تاگوبا (هێزەکانی ئەمریکا)؛ ئەلعەلی (2016)، لاپەڕەی 19.

[17] *بۆ نموونە، ئەمە ببینە،* هێلێن بێنێدیکت، *سەربازی تەنیا: جەنگی تایبەتی ژنانێک کە لە عێراق خزمەت دەکەن، 2015،* Beacon Press.

[18] سەیری ئەمە بکە: چاودێری مافی مرۆڤ، *هیچ کەسێک پارێزراو نیە: بەدڕەفتاری لەگەڵ ژنان لە سیستەمی دادوەریی تاوانی عێراق دا، 2014* (https://www.hrw.org/report/2014/02/06/no-one-safe/abuse-women-iraqs-criminal-justice-system). هەروەها ئەمە ببینە: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، *ڕاپۆرتی وڵات سەبارەت بە عێراق لە 2013* («لە ڕاپۆرتی مانگی ئایاری خۆی دا، وەزارەتی مافی مرۆڤ ڕایگەیاند سێ ئیدعای لاقەکردن و 13 ئیدعای بەدڕەفتاریی سێکسی دژی ژنان، و هەروەها 14 ئیدعای لاقەکردن و 47 ئیدعای بەدڕەفتاریی سێکسی دژی پیاوان لە بەندیخانەکانی وەزارەتی داد تۆمار کراوە»).

کەتیرە/چەسپ کردنە نێو کۆم (کە بووەتە هۆی مەرگ) و هەروەها لاقەکردن. بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەم کوشتنە سیستەماتیک و بەربڵاوانە لەسەر بنەمای هەندێ لیست لەلایەن میلیشیاکانەوە ئەنجام دەدران و ڕەنگە بۆ ئەم مەبەستە *فتوا درابێت*.[19]

*توندوتیژیی سێکسی و بەکۆیلەکردنی سێکسی لەلایەن داعشەوە -لە 2014 بەدواوە*

لە 2014، داعش دەستی کرد بە پاکتاوکردنی نژادی و داگیرکردنی خاک لە باکووری عێراق. لە حوزەیرانی 2014، شاری مووسڵی گرت و پاشان لە مانگی ئاپ، هێرشی کردە سەر شنگال. کەمینە ئایینیەکان، وەک ئیزەدیەکان، بەتایبەتی کرانە ئامانج. کاتێک هێرش کرایە سەر گوندەکانیان، سەربازانی داعش پیاوانی پێگەیشتوویان کوشت، و ژنان و کچانیان ڕفاند بۆ نێو سیستەمێکی کۆیلەداری کە لاقەکردن، هاوسەرگیریی بەزۆر و فۆرمەکانی تری توندوتیژیی سێکسی لە خۆ دەگرت. داعش بازرگانیەکی پلانبۆدانراو و سیستەماتیکی کۆیلەداری بەڕێوە دەبات و بازاڕی کۆیلەی سێکسی هەیە، لیستی نرخی ڕەسمی و ڕێسای داریکراوی هەیە بۆ فرۆشتن یان ڕادەستکردنی مافی خاوەنیەتی کۆیلەکان، و ژنان و کچانی تەنانەت هەفت ساڵان وەکوو کۆیلە بە دیاری دەدرێن یان دەفرۆشرێن بە چەکدارانی تر یان بازرگانانی ناوچەکە. هەندێکیان تەنانەت تا 15 جار وەکوو کۆیلەی سێکسی دەفرۆشرانەوە. ژنان و کچان، زۆربەی کات لەگەڵ منداڵە بچووکەکانیان، لە سنوورەکانەوە ئەمدیو و ئەودیو کراون، و زۆرێکیان لەلایەن چەندین کەسەوە چەندین جار لاقە کراون وە بەزۆر ناچار کراون شوو بکەن، منداڵ لە بار ببەن، منداڵیان ببێت، نەهێڵن منداڵیان ببێت، و زۆر شێوازی تری ئەشکەنجە و بەدرەفتاری لەگەڵیان کراوە، لەوانە بەزۆر گۆڕینی ئایین، لێدان، برسیڕاگرتن، و بەکارهێنانیان وەکوو قەڵخانی مرۆیی لە بەرانبەر هێرشی ئەو فرۆکە بێفرۆکەوانانەی کە ئەندامانی داعشیان دەکردە ئامانج. ئەوانەی کە هەوڵیان دەدا هەڵبێن یان خۆیان بکوژن، هەندێکیان بە لاقەکردنی گەلەیی سزا دەدران.[20]

| چەند نموونە لە توندوتیژیی سێکسی لە عێراق | |
|---|---|
| ڕفاندن و لاقەکردن. | *چەند نموونە لە توندوتیژیی سێکسیی باو لە بەندیخانەکان:* |
| کۆیلەی سێکسی، بازرگانیکردن بە ژنان و کچان. | خەساندن، لەکارەبادان و لێدانی ئەندامی زاوزێی پیاوان و ژنانی بەندکراو؛ سووتاندنی مەمکی ژنان. |
| هاوسەرگیری بەزۆر، لەوانە هاوسەرگیریی منداڵان. | ناچارکردنی پیاوان بە خۆرەحەتکردن. |
| | ڕووتکردنەوەی بەزۆری پیاوان و ژنان. |
| لاقەکردن بۆ مەبەستی «تەمێکردن» | ڕەفتاری سێکسیی بەزۆر یان لاساییکردنەوەی سێکسی (لەوانە سێکسی دەم). |
| بازرگانیکردن بە مرۆڤ و لەشفرۆشیی بەزۆر. | ئەنجامدانی توندوتیژیی سێکسی بەزۆر یان سەیرکردنی بەزۆر. |
| خەساندن (و کوشتن)ی پیاوانی هاوڕەگەزخواز. | هەڕەشەی توندوتیژیی سێکسی دژی کەسوکاری مێ، لەوانە کچی بەندکراوەکان. |
| ئەنجامدانی «پشکنینی کچێنی» بەزۆر. | |
| خەساندنی ژنان یان بڕینی ئەندامی زاوزێ (««FGM). | |
| لەباربردنی بەزۆر. | |

**تێبینی**: لە ڕوانگەی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیەوە گرنگە کە حاڵەتە ڕاستەوخۆکانی توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ و درەندەیی دا کە خاڵی تەرکیزی ئەم یاسایە (IP2، لاپەڕەی 11 و 18 تا 20 بخوێنەوە («توندوتیژیی سێکسی وەکوو تاوانی جەنگ، تاوان دژی مرۆڤایەتی، کرداری کۆمەڵکوژی یان حاڵەتی جددی دیکەی پێشێلکردنی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، یاساکانی ماڤی مرۆڤ یان یاسای مرۆڤدۆستی») جیا بکەینەوە لە جۆرە بەربڵاوترەکانی توندوتیژیی سێکسی و توندوتیژیی ڕەگەزی کە ئەوانیش لە ماوەی ئەم ململانێیانە و دواتر زیادیان کردووە. ئەم جۆرە بەربڵاوترانە ڕەنگە بەپێی یاسای نیشتمانی تاوان بن و ڕەنگە حاڵەتگەلێک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بن کە لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی مافی مرۆڤ یان دادگا مەدەنیەکان دا بە جۆرێکی تر دادگایی بکرێن و سزا بدرێن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە، ئەم چەند نموونەی خوارەوە بخوێننەوە.

[19] *بۆ نموونە ئەمە ببینە:* چاودێری مافی مرۆڤ، *ئەوان دەیانەوێت لەناومان ببەن: کوشتن، ئەشکەنجە، حەزی سێکسی و ڕەگەز لە عێراق*، 2009 (https://www.hrw.org/report/2009/08/17/they-want-us-exterminated/murder-torture-sexual-orientation-and-gender-iraq); IGLHRC، *لێکۆڵینەوەی سەرەتایی سەبارەت بە عێراق*، 2013، لاپەڕەی 9 تا 13 (https://web.archive.org/web/20131003222620/http://www.iglhrc.org/sites/default/files/Iraq%20Baseline%20Study%20Final%20with%20Table%20of%20Contents%201.29.13.pdf).

[20] وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (2017) *ڕاپۆرتی وڵاتی عێراق بۆ 2015*، لاپەڕەی 52؛ https://www.state.gov/documents/organization/253137.pdf
ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (2014) *هەڵهاتن لە دۆزەخ: ئەشکەنجە و توندوتیژیی سێکسی بەرانبەر بە دیلەکانی داعش لە عێراق*؛ https://www.amnesty.org.uk/files/escape_from_hell_-_torture_and_sexual_slavery_in_islamic_state_captivity_in_iraq_-_english_2.pdf
UNCOI بۆ سووریا (2016) *"ئەوان بۆ کاولکردن هاتبوون»: تاوانەکانی داعش دژی ئیزەدیەکان.*
http://www.ohchr.org/Documents/HRBodies/HRCouncil/CoISyria/A_HRC_32_CRP.2_en.pdf

بۆ نموونە، لە ماوەی سەرکوتی دڕندانەی دژبەران لەلایە سەدام حوسێنەوە، یاسای 101 کە سزای مەرگی بۆ لەشفرۆشی دەسەپاند[21] دژی سەدان دژبەری مێینە و هاوسەر و دایک و خۆشک و کچی دژبەرە پیاوەکان بە کار هێنرا. ئەمە جۆرێکە لە توندوتیژیی ڕەگەزی (کە ڕەنگە وەکوو تاوانی دژی مرۆڤایەتی هەژمار بکرێت)، بەڵام توندوتیژیی سێکسی نیە و لەبەر ئەمە ناکەوێتە چوارچێوەی CARSV-ەوە.[22] نموونەیەکی تر، ڕێژەی ئەو باوک و دایکانەی کە زوو ئامادەکاری دەکەن بۆ شووکردنی کچە منداڵەکانیان لە هەندێ ناوچەی ئێراق زیادی کردووە، بەتایبەت بە ناوچە لادێییەکان. هەرچەند ڕەنگە ئەمە لە بارودۆخی ململانێ و ناسەقامگیری دا دیاردەیەکی باو بێت، ڕەنگە ڕاستەوخۆ جۆرێک لە CARSV نەبێت چونکە تاوانێک نیە کە ڕاستەوخۆ لە ململانێی چەکداری دا یان لە پەیوەند لەگەڵ ململانێی چەکداری دا ڕووی دابێت (بەو شێوەی کە لە یاسای تاوانەکانی جەنگ دا پێناسە کراوە) وە یا هێرش دژی خەڵکی مەدەنی نیە (بەو شێوەی کە لە یاسای تاوانی دژی مرۆڤایەتی دا دیاری کراوە) بەڵکوو یەکێکە لە پاشهاتە ئیحتماڵیەکانی ململانێ (بەڵام لێکدانەوەی وردی ڕاستیەکان و یاساکان ڕەنگە بمانگەیەنێت بە نەتیجەیەکی جیاواز). خەساندنی ژنان (FGM) لە سەرانسەری عێراق باو بووە بەڵام بە تایبەت لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی زۆر بووە، و لێکۆڵینەوەیەک لە 2014 نیشان دەدات نزیک بە 70% لە ژنان (هەموو تەمەنێک) لە هەولێر بەر کاریگەریی ئەم دیاردەیە کەوتوون (هەرچەند ژمارەی ئەو ژنانەی کە لەم دواییانە خەسێنراون زۆر کەمی کردووە، و ئەمەیش هیوامان پێ دەدات بۆ نەوەی نوێ).[23] ئەم جۆرە لە توندوتیژیی سێکسی، هەرچەند باوە، ڕەنگە ڕاستەوخۆ پەیوەندی نەبێت بە ململانێ و دڕندەییەوە، و لەبەر ئەمە ناتوانین بە جۆرێک لە CARSV پێناسەی بکەین.

بە هەمان ئەندازە گرنگە ئاماژە بکەین کە لە یاسای عێراق دا تەواوی حاڵەتەکانی CARSV (بەو شێوەی کە لە IP2 ئاماژەی پێ کراوە) نایاسایی یان تاوان نین. هەروەها هەندێ جۆری بەربڵاوتری SGBV نایاسایی یان تاوان نین. بۆ نموونە، لە عێراق ئەگەر باوک و دایک ڕازی بن یان دادگا پەسەندی بکات، هاوسەرگیریی کەسانی ژێر 18 ساڵ یاساییە (لە هەرێمی کوردستان وەها نیە). بەپێی یاسای عێراق، «جووتبوونی سێکسی» بەبێ ڕەزامەندی بە لاقە هەژمار ناکرێت ئەگەر قوربانی لە ماوەی دەستدرێژی دا یان دواتر «شووی کردبێت» بە کەسی دەستدرێژیکەر. لە یاساکانی عێراق دا هیچ یاسایەک دژی هاوسەرگیری بەزۆر نیە (بەڵام لە یاسای هەرێمی کوردستان دا قەدەخە یە). بەپێی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، لاقەکردنی هاوسەر، هاوسەرگیری بەزۆر و هاوسەرگیری یان ڕەفتاری سێکسی دژی کەسێک کە ناتوانێت ڕەزامەندی بدات (بۆ نموونە لەبەر تەمەنی) ڕەنگە کرداری بنەمای توندوتیژیی سێکسی بن وەکوو تاوانی نێودەوڵەتی (CARSV) (بە مەرجێک هەموو لایەنە یاساییەکانی لەوانە لایەنە بەستێنیەکان ئیسبات بکرێن). بۆ وردەکاریی زۆرتر لەبارەی یاسای نیشتمانی لە عێراق بەشی 4 (لێپێچینەوەی هەر تاکێکی تاوانکار).

## د. کاریگەریی توندوتیژیی سێکسی لە عێراق

زۆربەی ئەو کاریگەریانە کە لە بەشی 2 (تێگەیشتن لە توندوتیژیی سێکسی)، بڕگەی «د» لەبارەی کاریگەریی توندوتیژیی سێکسی (خانەی 6، لاپەڕەی 25 هەتا 27) لە IP2 دا باس کراو، هەروەها عێراقیش دەگرێتەوە. هەندێ کاریگەری هەن کە بەهۆی نۆرمە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان و بەستێنی کۆمەڵگای عێراق شیاوی بەرجەستەکردنن. لە خشتەی خوارەوە دا هەندێ لە کاریگەریەکانی توندوتیژیی سێکسی بەرجەستە کراون کە تایبەتی عێراقن و لەوێ زۆر باون. دەتوانن لە خوارەوە لە بەشی 7 دا زانیاریی زۆرتر لەبارەی مەترسی و هەڕەشەکانی سەر ڕزگاربووان بخوێننەوە.

| چەند نموونە لە کاریگەریەکانی توندوتیژیی سێکسی لە عێراق[24] | | | |
|---|---|---|---|
| هەموو قوربانیان | قوربانیانی مێینە | قوربانیانی نێرینە | قوربانیانی منداڵ |
| جەستەیی | | | |
| • IP2 بخوێنەوە. | • دووگیانیی نەخوازراو<br>• منداڵی لەدایکبوو لە ئاکامی لاقە (لەباربردن لە عێراق قەدەخە یە).<br>• پشکنینی کچێنی بە فەرمانی دادگا (لەلایەن کۆمیتەی پێکهاتوو لە 3 پسپۆڕی پزیشکی دادوەری) | • هەروەها مەترسیی توندوتیژی و مەرگیان لەسەرە ئەگەر خەڵک پێیانوابێت کە ئەوان هاوڕەگەزخوازن یان بێناموسییان کردووە. | • زۆرتربوونی مەترسیی زیانپێگەیاندنی جەستەیی.<br>• زۆرتربوونی مەترسیی زیاندیتنی جەستەیی/مردن بەهۆی دووگیانی/منداڵبوون لە کچانی ژێر 16 ساڵ دا.<br>• «پشکنینی کچێنی» (کچان).<br>• خۆکوشتن (بەرلە دەستدرێژی یان دەستبەجێ دوای دەستدرێژی) (ئەمە سەبارەت بە کچانی کەمتەمەنی دیلی داعش ڕاپۆرت دراوە). |

---

21 IICI دژی سزای مەرگە. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ یاساکان، هەوڵەکان و بیروڕاکانی دژی سزای مەرگ لە سەرانسەری جیهان زیاتر و زیاتر دەبێت.
22 ئەمە بخوێنەوە، ئەلعەلی (2016)، لاپەڕەی 12 و 14.
23 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ، *ڕاپۆرتی وڵاتی عێراق بۆ 2015*، 2017، لاپەڕەی 54.
( .(https://www.state.gov/documents/organization/253137.pdf*هەروەها ئەمە بخوێنەوە*، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، *ڕاپۆرتی وڵاتی عێراق، 2013، لاپەڕەی 50*، کە دەڵێت *58% لە ژنان لە هەولێر و سلێمانی خەسێنراون*
(.https://www.state.gov/documents/organization/220565.pdf).
*بەڵام ئەمە بخوێنەوە*، Heartland Alliance International, *ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە لە ڕێژەی خەساندنی ژنان*، 2015، لاپەڕەی 8 (ئاماری بەدەستهێنراو لە دایکەکان بە هەمان شێوە بوو، بەڵام خەساندنی کچان/نەوەی نوێ لەم ناوچانە بە تەرتیب 16.7% و 11.2% کەمی کردووە).

24 لەم خشتەیە دا *بەگشتی* چەند نموونە ناو دەبرێن کە لە IP2 دا ناو نەبراون. چەند نموونە لەوانە کە لە IP2 دا ناو براون پەیوەندییان بە عێراقیشەوە هەیە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | • کوشتنی «نامووسی» - ڕێژەی لە عێراق زۆرە. | | • منداڵانی لاقەیش ڕەنگە ببنە قوربانیی کوشتنی «نامووسی». |
| دەروونی | | | |
| | • شەرمەزاری، تۆمەتباری.<br>• بیرکردنەوە لە خۆکوشتن، زیانبەخۆگەیاندن لەوانە خۆسووتاندن و ڕێگەکانی تری خۆکوشتن. | • گۆشەگیربوون و دابڕان.<br>• دروستبوونی کێشەی کەسایەتی/ناسنامە لەڕوانگەی «پیاوبوون» یان «ئارەزووی سێکسی». | • دەتوانێت کاریگەری دابنێت لەسەر قۆناخە گرنگەکانی گەشەکردن و ببێتە هۆی دروستبوونی کێشە لە ڕەفتار و پەیوەندی دا - لەوانە پاشوەچوون/وەگەڕیان.<br>• لە سەرەوە ئەم بابەتە بخوێنەوە: بیرکردنەوە لە خۆکوشتن یان زیانبەخۆگەیاندن.<br>• شەرمەزاری، تۆمەتباری، خۆبەسووکـزانین.<br>• زۆرتربوونی مەترسیی تووشبوون بە ناتەواوی و کێشەی دەروونی لە گەورەساڵی دا.<br>• زوو پێگەیشتن و چالاکبوونی هەستی سێکسی. |
| کۆمەڵایەتی | | | |
| • ڕادەی زۆر لە شووره‌یی کۆمەڵایەتی. | • وەکوو «ناپاک»، «بێئابڕوو» بینران لەلایەن خەڵکەوە.<br>• زۆربوونی ڕێژەی «توندوتیژیی نامووسی» لەوانە سووتاندن*<br>• کاریگەری لەسەر هاوسەرگیری و توانای هاوسەرگیری، هەروەها هاوسەرگیریی بەرنامەبۆدانراو وەکوو ڕێگەیەکی پاراستن (بۆ نموونە ژنان و کچان شوو دەکەن بۆ ئەوەی تێکەڵی کۆمەڵگا ببنەوە و کۆمەڵگا قەبووڵیان بکاتەوە).<br>• یاسا هانیان دەدات کە لەگەڵ دەستدرێژیکەر هاوسەرگیری بکەن وەکوو ڕێگەیەکی ئاشتبوونەوە پاراستن. | • شوورەیی و بەدناویەکی یەکجار زۆر لەبارەی قوربانیانی نێرینەی توندوتیژیی سێکسی هەیە.<br>• گریمان و ئەفسانەی کولتووری لەبارەی پیاوبوون و ئارەزووی سێکسی.<br>• توندوتیژی و کوشتن دژی ئەو کەسانەی کە گومانی هاوڕەگەزخوازیان لێ دەکرێت یان بەڕاستی هاوڕەگەزخوازن، لەوانە کوشتنی نامووسی. | • زۆرتربوونی ڕێژە یان مەترسیی دووبارە قوربانیکردن.<br>• دابڕان لە خوێندن.<br>• منداڵانی لەدایکبووی لاقە بەرەڵا دەکرێن یان لە خێزان و کۆمەڵگا دەردەکرێن.<br>• هاوسەرگیری کردن لە تەمەنی کەم دا. |
| کۆمەڵایەتی-ئابووری و یاسایی | | | |
| | • بەپێی یاسا سێکسکردن لە دەرەوەی هاوسەرگیری تاوان و «زینا» یە (بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بە ڕەزامەندی بووە یان نە).<br>• لەباربردن نایاساییە.<br>• منداڵانی لەدایکبووی لاقە سووک سەیر دەکرێن و تۆمار ناکرێن (بێباوکن). | • بەپێی یاسا سێکسکردن لە دواوە لە دەرەوەی هاوسەرگیری تاوانە (بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بە ڕەزامەندی بووە یان نە). | • منداڵانی لەدایکبووی لاقە زۆربەی کات ناویان تۆمار ناکرێت، سووک سەیر دەکرێن و بێبەش دەکرێن.<br>• یاسای هاووڵاتیبوون هەندێ مەرج دادەنێت بۆ هاووڵاتیبوونی منداڵێک کە لە دایکێکی عێراقی و باوکێکی بێوڵات یان نەناسراوی خەڵکی دەرەوەی عێراق لە دایک دەبن (بۆ نموونە داعش بردوویە بۆ سووریا). |

* بێگیخانی، نەزەند (2016)،**توندوتیژیی نامووسی: بەسەرهاتەکان و ستراتژیی پێچەوانە لە کوردستانی عێراق و کوردانی تاراوگە لە بەریتانیا،** تەیلر و فرانسیس، لاپەڕەی 56 و 57: چەند نموونە لە «توندوتیژیی نامووسی» و پاشهاتەکانی: «بەرەڵاکردن، بەندکردن، دەرکردن لە ماڵ، هێرش و سزادانی جەستەیی...، چەقۆلێدان، دەرکردن لە خوێندنگە و بێبەشکردنی تەواو لە خوێندن، هاوسەرگیری بەزۆر، لاقەکردن و لاقەکردن بۆ مەبەستی «تەمێکردن»، ئابڕووبردن لەناو خەڵک، بڕینی لووت و گوێی ژنان، بەزۆر پینەکردنی کچێنی، خەساندنی ژنان. ... سووتاندن، خۆسووتاندنی بەزۆر، خۆکوشتنی بەزۆر و کوشتنی نامووسی.» "ژنانێك کە بە «خراپ»، بێئابڕوو یان مایەی شەرم هەژمار کراون ... ڕاستەوخۆ سزا دراون و، بە ناوی شەرەف و ناموسەوە، ڕووبەڕووی بەدڕەفتاری و ئەشکەنجەی جەستەیی، دەرگالێداخستن، کۆنترۆڵی هاتووچوو، زۆرەملێ،

بێبەشکردن لە خوێندن و کار، بەشوودان بە مەبەستی تەمێکردن، بڕینی ئەندامی لەش، جیابوونەوەی بەزۆر، لەباربردنی بەزۆر/منداڵکوشتن و لەباربردنی بەزۆر بوونەتەوە و ئەمانە وەکوو سزادان بە کار هێنراون.
*ئەنستیتۆی کوردستان بۆ پزیشکیی دادوەری «پشکنینی کچێنی» بۆ هەموو حاڵەتەکانی کوشتن، سووتاندن و خۆکوشتن ئەنجام دەدات، پاشان فایلێک دەنێرێت بۆ دادگا، ئەمە کردارێکی ناپەسەندە کە پەیوەندیی بە شەرەف و ناموسەوە هەیە (و لە ڕووی زانسیتیەوە نەگونجاوە - خوارەوە بخوێنەوە).
بە وتەی دوکتۆر یاسین ئەمین، بەڕێوەبەری ئەم ئەنستیتۆ، کە خۆی لەم پڕۆسەیە دا دەوری هەیە: «60 تا 70 لەسەدی حاڵەتەکانی کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستان پەیوەندییان بە ناموسەوە هەیە» (لاپەڕەی 62).
*لەنێوان کانوونی دووەمی 2010 و حوزەیرانی 2014، کۆی 1158 حاڵەتی خۆسووتاندن و سووتاندن لە هەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەن DCVAW ـەوە تۆمار کراوە. (لاپەڕەی 61).

# بەشی 3: ڕێگەکانی لێپێچینەوەی تاوانکاران و چارەسەرەکان

## ج. لێکدانەوەی گشتی لەبارەی ڕێگەکانی لێپێچینەوەی تاوانکاران و چارەسەرەکان بۆ قوربانیان

ئەم بەشە زانیاریی گشتی دەدات لەبارەی چوارچێوە سەرەکییەکانی لێپێچینەوەی تاوانکاران و چارەسەرەکان -- لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق -- کە ڕەنگە بۆ قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی لە عێراق لە بەردەست بێت. زۆربەی ئەم بژاردانە (لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق) لە ئێستا دا بۆ کاکردن لە ناوخۆی وڵاتن، و لە ئاستی نێودەوڵەتی و دەرەوەی عێراق، هیچ ڕێگەیەکی لێپێچینەوەی تاوانکاران نیە و تەنیا چەند میکانیزمێکی کاریگەری مافی مرۆڤ بۆ قوربانیانی عێراقی هەیە. هەروەها، یاسای نیشتمانیی عێراق ئامرازی سەرەکیە کە دەکرێت لە عێراق بە کار بهێنرێت. هەروا لە لە بەشی داهاتوو دا دەبینین، یاسای عێراقی نە یاسایەکی گرن وەک یاسای تاوانی نێودەوڵەتی لە خۆ دەگرێت نە ڕێگەی باش و گونجاو دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی تاوانباران بەدروستی دادگایی بکرێن و قوربانیان بپارێزرێن. جیا لەمە، یاسای عێراقی ڕێگە نادات کە یاسای تاوانی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ بە کار بهێنرێت و جێبەجێ بکرێت.

لە عێراق بە سیستەمی فیدراڵی کار دەکرێت کە تێدا هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادی تایبەت بە خۆی هەیە (مەگەر دەسەڵاتێک تایبەتی حکوومەتی فیدراڵ بێت).[25] یاساکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک کە یاساکانی هەرێم نیانیگۆڕیبێت کاریان پێ دەکرێت. سیستەمی دادگا لە هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر لە سیستەمی دادگای فیدراڵیی عێراق دەچێت. جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوو سیستەمە لە خوارەوە بە تایبەتی ئاماژەیان پێ کراوە. هەروا کە لە خوارەوە دەتوانن ببینن، ڕەنگە جۆرێک ناڕوونی و بەسەریەکداکەوتن لە کاری دادگاکان یان دەسەڵاتی لایەنە ڕاسپێردراوەکان دا هەبێت. (لە بەشی 1 لە سەرەوە واتا و پێناسەی «لایەنی ڕاسپێردراو» بخوێنەوە.)

ڕەنگە لە داهاتوو دا دادگایەکی نیشتمانیی هاوبەش/دووڕەگە (کە دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکان بەشێک لە دەسەڵاتی بێت) یان دادگایەکی تایبەتی تاوانی نێودەوڵەتیی یان ڕێکخراوی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) بتوانن دەسەڵاتی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تاوان فەراهەم بکەن و پرۆسەیەکی گونجاوتر بۆ ئەنجامدانی کارەکان و پاراستنی بەڵگە و شایەتیەکانی تایبەت بە لێپێچینەوەی حاڵەتەکانی CARSV دابین. هەروەها ڕەنگە لە داهاتوو دا عێراق، بە یارمەتیی نێودەوڵەتی یان بێ ئەمجۆرە یارمەتیە، بەدواداچوون بکات بۆ جۆرە غەیرەتاوانەکانی بەرپرسیاربوون و سزادان/قەرەبووکردنەوە، بۆ نموونە لەڕێگەی دانانی کۆمیسیۆنێک بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان. هەروەها ڕەنگە ە وڵاتانی سێیەمیش ژمارەی کەیسەکانی تاوان و کەیسە مەدەنیەکان بۆ ئەو تاوانانەی کە لە عێراق ئەنجام دراون زیاتر ببێت (هەرچەند بۆ ئەم مەبەستە لە زۆربەی وڵاتەکان دا پێویستە کەسی تاوانکار لە خاکی ئەوان دابێت). هەروەها ڕەنگە بکرێت لە داهاتوو دا میکانیزمی زیاتر بۆ داوای مەدەنی و قەرەبووکردنەوە دابنرێت. شتێک کە گرنگە ئەوە یە کە ئەو بەڵگانەی کە بەپێی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی کۆ دەکرێنەوە -- و لەگەڵ مەرجەکانی ئەم یاسایە و باشترین ستانداردەکانی کارکردن (کە بۆ نموونە لە IP2 دا دیاری کراون) دەگونجێن -- لە هەرکوێ کۆ بکرێنەوە، هەر جێگەی بایەخ و باوەڕپێکراو دەبن.

ئەم میکانیزمانەی کە لە خوارەوە باس کراون ئەوانەن کە هەتا ئۆکتۆبەری 2017 کاریان پێ کراوە.

1. شوێنە ناوخۆییەکان (لە عێراق)

أ. دادوەری

i. تاوان

- **سکاڵای تاوان** دەکرێ بە شێوەی سکاڵای زارەکی یان نووسراو دەست پێ بکات لەلایەن کەسی زیانپێگەیشتوو، هەرکەسێک بە بەپێی یاسا دەبێتە نوێنەری ئەو، یان هەرکەسێک کە دەزانێت تاوانەکە ڕووی داوە. ئەگەر پۆلیس شایەتی تاوانەکە بێت، ئەوانیش دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن. پێویستە سکاڵاکە بدرێتە دادوەری لێکۆڵەر، لێکۆڵەری [دادوەری]، بەرپرسی بنکەیەکی پۆلیس، ئەفسەرێکی شوێنی تاوان، یان، داوکاری گشتی، مەگەر یاسا بە جۆرێکی تر دیاری کردبێت.( یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان «CPC»، مادەی A1.)
- بۆ تاوانی **لاقەکردن**، تەنیا خودی کەسی زیانپێگەیشتوو یان کەسێک کە بە بەپێی یاسا دەبێتە نوێنەری ئەو دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات. (CPC، مادەی A3.) چوارچێوەیەکی زەمەنیی زۆر کورت بۆ دەستپێکردنی سکاڵا هەیە - سێ مانگ لەو کاتەوە کە لایەنی زیانپێگەیشتوو دەزانێت تاوانی لێ کراوە یان لەو کاتی نەمانی هەرکۆسپێکەوە کە پێشتر ڕێگر بووە لە تۆمارکردنی سکاڵا. مافی تۆمارکردنی سکاڵا لەگەڵ مەرگی لایەنی زیانپێگەیشتوو کۆتایی دێت مەگەر یاسا بە جۆرێکی تر بڕیاری دابێت. (CPC، مادەی A6.)

[25] دەستووری عێراق، مادەی 121.

- چەند **ڕێکخراوی ڕاسپێردراو بۆ لێکۆڵینەوەی تاوان** هەن کە دامەزراون و بە جۆرێک دەسەڵات و لێهاتوویی ئەوەیان هەیە کە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش بکەن.[26]

| ئەو لایەنانەی کە ڕاسپێردراون بۆ لێکۆڵینەوەی تاوان لە عێراق و دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعشیان پێ دراوە |
|---|
| (7ی سپیتەمبەری 2014) **کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە** («نووسینگەی کۆمەڵکوژی»)، دادوەرێکی لێکۆڵینەوە بەڕێوەی دەبات و دامەزراوە لەلایەن کۆمیتەی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕەسمی ناساندنی ئەو تاوانانەی کە دژی کوردانی ئێزەدی و کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر ئەنجام دراون (تاوانە نێودەوڵەتیەکان): بواری لێکۆڵینەوە (ئەو تاوانانەی کە لە ناوچەکە ئەنجام دراون/ئەو قوربانانەی کە لە ناوچەکە براون یان ئەو تاوانکارانەی کە لە ناوچەکەن) |
| (لە شوباتی 2015ـەوە لە عێراق) **CIJA** (کۆمیسیۆنی تایبەتی دادوەری و بەرپرسیاربوونی نێودەوڵەتی) – INGO لەگەڵ لێکۆڵەرە ڕاهێنراوە خۆجێیەکان، شیکارانی نێودەوڵەتی، ئامادەکردنی کەیس و ڕاسپاردن بۆ دامەزراندن و پەرەپێدانی توانایی یەکەیەکی خۆجێیی بەناوی یەکەی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی داعش، کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەکانی پەیوەندیی نیوان کەسەکان و تاوانەکان و ئامادەکردنی فایلی کەیسی ئامادەی لێپێچینەوە بەپێی یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. (CIJA لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاسپێردرا.) DCIU بە شێوەی غەیرەپارەیی پاڵپشتیی لۆجستیکی و ئاسایشی لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (MOMA) وەردەگرێت، بەڵام لە کاری لێکۆڵینەوە دا بەتەواوی لە هەر حکوومەت و ڕێکخراوێکی سیاسی سەربەخۆ دەبێت. |
| ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق سێ کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی تایبەتی (لە 3 دادوەری لێکۆڵینەوە و 1 داواکاری گشتی) دروست کرد کە لە سنوونێ جێگیر بوون لەگەڵ یەکەیەکی گەڕاڵ - ئەمانە کەیسەکانیان دەنارد بۆ دادگاکانی تاوان لە پارێزگای نەینەوا (دادگای تاوانی مووسڵ). |
| دادوەرانی لێکۆڵینەوەی تاوان لەو شوێنانەی کە تاوانکاران دەستبەسەر کرابوون، و زۆرتر تەرکیزیان لەسەر تاوانە ترۆریستیەکان بوو، بۆ نموونە دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەتی نەینەوا لەبارەی ترۆریسم. |
| بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان (DCVAW) لە هەرێمی کوردستان پێیوایە کە هەندێ لە کەیسەکانی CARSVی داعش دەکەوێتە نێو بازنەی چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە، و بەتایبەت توندوتیژیی پلەدوو لەوانە «کوشتنی نامووسی»، «هاوسەرگیری بەزۆر»، و هتد. |

- لە عێراق چەند جۆر دادگای تاوان هەیە:: دادگای تاوانەکان بۆ کەیسە ناکورتەکان؛ دادگای سەرپێچی بۆ کەیسە کورتەکان؛ دادگای پێداچوونەوە، وەکوو دادگایەکی لێکدانەوەی دووبارە و تێهەڵچوونەوە؛ دادگای منداڵان (CPC، مادەی C233) بۆ تۆمەتبارانی 9 تا 17 ساڵان؛ دادگای سەربازی بۆ پێرۆسنێلی سەربازی (یاسای سزادانی سەربازی، 2007). لە هەرێمی کوردستان، سیستەمی دادگاکان تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی بەشەکانی تری عێراقە و هەروەها هەندێ دادگای پسپۆڕ هەن کە بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی نێوخیزان دامەزراون.

ii. مەدەنی

- داوای مەدەنی بۆ «زیانی ڕاستەوخۆی مادی یان ئەخلاقی» دەکرێت تۆمار بکرێت وەکوو بەشێک لە دۆسیەی تاوان دژی کەسێکی تۆمەتبار یان هەرکەسێک کە بەپێی یاسای مەدەنی بەرپرسیارە لە کردارەکانی کەسی تۆمەتبار. ئەم داوایە لە هەر کاتێک لە ماوەی کۆکردنەوەی بەڵگە، لێکۆڵینەوەی سەرەتایی، بە شێوەی سکاڵانامە یان داوایەکی زارەکی کە بە تۆماری نووسراوو پشتڕاست دەکرێتەوە دەدرێت بە دادگای تاوان هەتا ئەو کاتەی کە دادکا حوکم دەدات. (CPC، مادەی 9 و 10.)
- هەروەها، داوای مەدەنی دەکرێت لە چوارچێوەی یاسای مەدەنی دا (مادەکانی 202، 203، 205 و 2015 بخوێنەوە) تۆمار بکرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان یان برین لەوانە زیانی مەعنەوی، ئابڕوویی، و هتد.
- لە 2014، کۆمیسیۆنی باڵای عێراق بۆ مافەکانی مرۆڤ (IHCHR) و ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق هەندێ دادگای تایبەتیان دروست کرد بۆ بڕیاردان لەبارەی ئیدعاکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ. زۆرتر لە 4000 دۆسیە نێردراون بۆ ئەم دادگایانە کە پەیوەندییان بە ئیدعاکانی 2015ـەوە هەیە. زۆرێکیان لەبەر نەبوونی بەڵگە یان کەموکووڕیی ئیجرایی ڕەت کرانەوە. هەتا کانوونی یەکەمی 2016 هیچ حوکمێک نەدرابوو.[27]

iii. دەستوور

- هەرچەند لە دەستور/یاسای بنەڕەتی دا هەندێ بڕگە بۆ پاراستنی تاکەکان هاتووە، وا دیارە کە هیچ مافێک بە تاکەکەس نەدراوە کە لەسەر بنەمای پێشێلکردنی دەستوور سکاڵا یان داوا بدات بە دادگای باڵا.

---

[26] تێبینی: CPC، مادەی 53(B): ئەگەر تاوانەکە لە دەرەوەی عێراق ڕووی دابێت، دەبێ داوەرێکی لێکۆڵەر کە وەزیری داد بۆ ئە مەبەستە ڕایسپاردووە کاری لێکۆڵینەوە لەو تاوانە ئەنجام بدات. CPC، مادەی 54، مادەی A54. ئەگەر سکاڵایەک یان ئیدعایەک دژی گومانلێکراوێک تۆمار بکرێت و دوو یان چەند دەسەڵاتداری شیاو لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە بکەن، بەڵگەکانی نێو کەیسەکە دەبێ بدرێن بە ئەو دەسەڵاتدارەی کە یەکەم جار سکاڵاکە یان ئیدعاکە لای تۆمار کراوە. ب. ئەگەر بۆ تاوانێک چەند گومانلێکراو هەبن و سکاڵایەک یان ئیدعایەک دژی هەندێ لەوان تۆمار کرابێت و یەک دەسەڵاتداری شیاو لەبارەی ئەم کەسانە لێکۆڵیەنوە بکات، و دژی گومانلێکراوەکانی تر لای دەسەڵاتدارێکی تر سکاڵا یان ئیدعا تۆمار کرابێت، دەبێ بەڵگەکانی کەیسەکە بدرێن بە ئەو دەسەڵاتدارەی کە یەکەم جار سکاڵاکە یان ئیدعاکە لای تۆمار کراوە. مادەی 55، ئەو ناکۆکیانەی کە دەنێردرێن بۆ دادگای پێداچوونەوە.

[27] *ئەمە بخوێنەوە: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ، ڕاپۆرتی وڵاتی عێراق بۆ 2016، 2017، لاپەڕەی 20.*

ب. نیمچەدادوەری (ڕێکخاوی نیشتمانیی مافەکانی مرۆڤ (NHRI)، ئۆمبادزمان، و هتد.

- کۆمیسیۆنی باڵای عێراق بۆ مافەکانی مرۆڤ: بەپێی دەستوور، مادەی 102، یاسای ژمارە 53ی ساڵی 2008 و هەروەها بەپێی بنەماکانی پاریس، ڕێکخراوی سەرەکیە بۆ پاراستنی ئەو مافە مرۆییانەی کە لە دەستوور دا بەڕەسمی ناسراون. ئەرکی ئەم دادگایە بریتیە لە:
  - وەرگرتن، لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ سکاڵاکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ؛
  - تۆمارکردنی سکاڵا سەبارەت حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ؛
  - سەردان و هەڵسەنگاندنی بەندیخانەکان، ناوەندەکانی توانایێدانەوەی کۆمەڵایەتی، و ناوەندەکانی دەستبەسەرکردن.
- **کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان**
- وزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان: کاری قەرەبووکردنەوەی حاڵەتەکانی دەستگیرکردن و بەندکردنی نایاسایی جێبەجێ دەکات. کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ ڕایگەیاند هەرچەند نزیکەی 8000 کەیس (کە زۆرێکیان کەیسی کۆنن) پەسەند کراون بۆ قەرەبووکردنەوە، بەڵام، بەهۆی کەمیی بوودجە حکوومەت نەیتوانیوە پارەی قەرەبوو بدات.

ج. غەیرەدادوەری:

- نووسینگەکانی مافی مرۆڤە و سندووقەکانی سکاڵانی وەزارەتی داد
- لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ لەبارەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ کە لەلایەن هێزە تایبەتەکانەوە دژی خەڵکی سیڤیل لە شاری مووسڵ ئەنجام دراوە (مانگی ئایار هەتا ئابی 2017)

## 2. میکانیزمەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

عێراق چەندین پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی پەسەند کردووە یان بووە بە ئەندامیان لەوانە پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە (CAT)، پەیماننامەی نەهێشتنی هەڵاواردنی نژادی (CERD)، پەیماننامەی پاراستنی هەموو کەسێک لە بێسەروشوێنبوونی بەزۆر (ICPPED)، پەیماننامەی نەهێشتنی هەڵاواردن بەرانبەر بە ژنان (CEDAW)،پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەبارەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان (ICCPR)، پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەبارەی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان (ICESCR)، پەیماننامەی مافەکانی منداڵان (CRC)، پرۆتۆکۆلی پەیماننامەی مافەکانی منداڵان لە ململانێی چەکداری دا (AC-CRC)، پەیماننامەی مافەکانی کەسانی کەمئەندام (CRPD).

أ. دادوەری:

- هیچ دادگاکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی ناوچەیی یان نێودەوڵەتی دا نیە کە لە ڕووی یاساییەوە ئیلزامی بێت و دەسەڵاتی دادگاییکردنی کەیسەکانی مافی مرۆڤی لە عێراق هەبێت.

ب. نیمچەدادوەری:

- عێراق هیچیەک لە ڕێساکانی دادگاییکردنی سکاڵای تاکەکەسی لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆلە ئێختیاریەکان یان پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ دا قەبووڵ نەکردووە.

ج. غەیرەدادوەری:

- عێراق **ڕێساکانی لێکۆڵینەوەی** قەبووڵ کردووە بەپێی پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە، مادەی 20 (ئەگەر زانیاریی جێباوەڕ هەبێت کە ئەشکەنجەی سیستەماتیک کراوە، لێکۆڵینەوەی نهێنی لەرێگەی هاوکاریکردنەوە ئەنجام دەدرێت کە ڕەنگە تێدا سەردانی لایەنەکان بکرێت و لە ئاکام دا ڕاپۆرتێک ئامادە بکرێت) و پەیماننامەی پاراستنی هەموو کەسێک لە بێسەروشوێنبوونی بەزۆر، مادەی 33 (ئەگەر زانیاریەکان نیشان بدەن کە کرداری جددی، توند یان سیستەماتیک کراوە، ئەوا دیسان دەکرێت لێکۆڵینەوەی نهێنی لەرێگەی هاوکاریکردنەوە ئەنجام بدرێت).
- «سکاڵا» یان کەیسە تاکەکەسیان دەکرێ پێشکەش بکرێن بە هەریەک لە پرۆسەکانی **ڕاپۆرتنووسی تایبەت و گرۆ کاریەکان**، و ئەمە ئۆتۆماتیک ئەنجام دەدرێت بێ ئەوەی پێویستی بە پەسەندکردنی زیاتر لەلایەن حکوومەتەوە هەبێت.

- عێراق **جارنامەی عەرەبی لەسەر مافەکانی مرۆڤ**ی پەسەند کردووە کە لە 2004 دەرکراوە. کۆمیتەیەکی چاودێری بۆ ئەم جارنامەیە دانراوە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانن لە **پرۆسەی پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی حکوومەت** دا بەشداری بکەن.
- دیکە: چاودێریکردنی بەندیخانەکان لەلایەن ICRC و UNAMI-ەوە.

## 3. دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و دەرخستنی ڕاستیەکان

- لە 14ی ئۆگستی 2017، وەزیری دەرەوەی عێراق، نامەی نارد بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSC) و داوای کرد کە لە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش لە عێراق دا یارمەتیی بدەن. لە 21ی ئەیلوولی 2017، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی دەرکرد (بڕیارنامەی 2379ی UNSC) بۆ ئەوەی **تیمێکی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی**، لە پسپۆڕانی نێودەوڵەتی و عێراقی، پێک بهێنرێت و لەلایەن ڕاوێژکاری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرپەرستی بکرێت بۆ ئەوەی بەڵگەکانی تاوانە نێودەوڵەتیەکانی داعش کۆ بکەنەوە و بیارێزن. هەر بەڵگەیەکی کۆکراو دەبێ لە «دادگا بێلایەن و سەربەخۆکانی وڵاتی عێراق» دا بە کار بهێنرێت. بۆ بەکارهێنانیان لە دادگاکانی تر، دەبێ بۆ هەریەک لە کەیسەکان عێراق بە جیا ڕەزامەندی بدات. بوودجەی ئەم پرۆژەیە بە شێوەی یارمەتیی خۆبەخشانە دابین دەکرێت و لە هەنگاوی یەکەم دا ماوەی پرۆژەکە 2 ساڵ دەبێت.
- هەرچەند ڕاسپاردەی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سووریا تەنیا بۆ وڵاتی سووریا یە، ئەم کۆمیسیۆنە ڕاپۆرتێکی لەبارەی تاوانەکانی داعش دژی ئێزەدیەکان ئامادە کرد. ڕاپۆرتەکە تەرکیزی لەسەر ئەوە بوو کە ژنان و کچانی ئێزەدی کاتێک لە عێراقەوە هێنراون بۆ سووریا، چیان بە سەر هاتووە. لەسەر ئەم بنەمایە، ڕوون نیە کە **میکانیزمی بێلایەن و سەربەخۆی نێودەوڵەتی (IIIM) بۆ سووریا** کە دواتر دانراوە چۆن ڕاسپاردەی ئەو لەبارەی ئەو تاوانانە چۆن لێک دەداتەوە.[28]
- ئەرکی UNHRC – OHCHR بۆ لێکۆڵینەوە یان دەرخستنی ڕاستیەکان لەبارەی تاوانەکانی داعش. ئەیلوولی 2014 هەتا مارچی 2015. کاری خۆی لەبارەی دەرکردنی ڕاپۆرت تەواو کرد.[29]

## 4. دادگا و تریبیوناڵە نێودەوڵەتی و هاوبەشەکان

- حکوومەتی عێراق لە یاسانامەی ڕۆما بۆ **دادگای تاوانی نێودەوڵەتی** (ICC) ئەندام نیە .بۆ ئەوەی ICC دەست بکات بە پرۆسەی دادگاییکردن، پێویستە عێراق یاسانامەی ڕۆما پەسەند بکات (هەرچەند پەسەندکردن ڕێگە نادات بە ICC کە لێپێچینەوە بکات بۆ ئەو تاوانانەی کە بەرلە کارپێکردنی یاسانامەی ڕۆما لە عێراق ڕوویان داوە، واتە، پەسەندکردنی ئەم یاسانامە ڕابردوو ناگرێتەوە)، پێویستە UNSC بارودۆخەکە ئیرجاع بکات بە نووسینگەی داواکاری گشتی (ئەم ئیرجاعە دەتوانێت ڕابردوویش لە خۆ بگرێت)، یان دەبێ عێراق بەپێی مادەی (3)12ی یاسانامەی ڕۆما دەسەڵاتی دادگاییکردنی ئەو تاوانانەی کە لە عێراق ڕوویان داوە یان دادگاییکردنی ئەو عێراقیانەی کە تاوانیان کردووە ڕابگەیەنێت (ئەم ڕاگەیاندنە دەتوانێت ڕابردوویش لە خۆ بگرێت).
- یان بەجێگەی ئەمە، نووسینگەی داواکاری گشتی دەتوانێت لێکۆڵینەوە بکات لەو تاوانانەی کە لە عێراق ڕوویان داوە بە یارمەتیی کەسانێک لە ئەو وڵاتانەی کە یاسانامەی ڕۆمایان قەبووڵ کردووە.
- دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی ئەنجام داوە سەبارەت بە ئەو ئیدعایانەی کە دەڵێن کارمەندانی UK Services لەنێوان ساڵانی 2003 و 2008 دا لە عێراق هەندێ تاوانیان کردووە. هەرچەند ئەم لێکۆڵینەوەیە لە 2006 داخرا، لەبەر نەبوونی بەڵگەی کافی بۆ زۆربەی ڕاپۆرتەکان و هەروەها لەبەر ئەوەی کە خوارتر لەو ئاستە بوو کە بۆ ڕووداوە بەڵگەدارەکان دیاری کراوە، لە 2014 دووبارە کرایەوە و هەتا ئێستا کە ئەم نووسراوە بڵاو دەکرێتەوە بەردەوامە.

## 5. هەنگاوە یاساییەکان لە وڵاتی سێیەم - دەسەڵاتی دادگاییکردن لە دەرەوەی وڵات لەوانە دەسەڵاتی دادگاییکردنی جیهانی[30]

چەند نموونە هەن لەو دۆسیانەی تاوان کە لە وڵاتی سێیەم تۆمار کراون بۆ ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانە کە لە عێراق کراون. بۆ نموونە، لە فینلەندا، دوو دەستە کەیس هەن: (1) جەببار سەلام عەممار، هادی حەبیب هیلال: هەردووکیان پێشتر سەربازی عێراقی بوونە و لە فینلاند دەژین، هەردووکاین مەحکووم کراون بە بێڕێزیکردن بە تەرمی مرۆڤ؛ و (2) دوو برای داعشی

---

[28] UNCOI بۆ سووریا (2016) *"ئەوان بۆ کاولکردن هاتبوون»: تاوانەکانی داعش دژی ئێزەدیەکان.*
http://www.ohchr.org/Documents/HRBodies/HRCouncil/CoISyria/A_HRC_32_CRP.2_en.pdf

[29] UNHRC، «*ڕاپۆرتی نووسینگەی کۆمیسیۆنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەبارەی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە سایەی ئەو بەدڕەفتاریانەی کە لەلایەن حکوومەتی بەناو ئیسلامی لە عێراق و شام و گرووپە پەیوەندیدارەکانیەوە کراون*». A/HRC/28/18, 15 March 2015.

[30] ئەمە بخوێنەوە، IP2، لاپەڕەی 33، خانەی 2، دەسەڵاتی دادگاییکردنی جیهانی وەکوو ئامرازێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی حیسانەی تاوانکاران.

مەحکووم کران بۆ بەرگولەدانی 11 سەربازی چەک داماڵراو، وەکوو بەشێک لە کومەڵکوژیی کەمپی سپایکەر کە لە مانگی حوزەیرانی 2014 ڕووی دا.[31]

هەروەها هەندێ لێکۆڵینەوەی جینایی، سەربازی، مەدەنی و غەیرەدادوەری خەریکە ئەنجام دەدرێن سەبارەت بە ئەو ڕووداوانەی کە لە عێراق ڕوویان داوە و هێزە بیانیەکان تێدا تێوەگلاون. بۆ نموونە، لە بەریتانیا، هەندێ پرۆژە هەبوونە وەکوو، تیمی ئیدعا مێژوویەکانی عێراق (کە تیمێکی لێکۆڵینەوەی تاوانە)؛ پرۆژەی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی بەرگری لە مەرگی عێراقیەکان (بۆ ئەو مەرگانەی کە بە دەستی هێزە بەریتانیەکان ڕوویان داوە)؛ لێکۆڵینەوەی ئەلسوەیدی، و ئیدعا مەدەنیەکان لەسەر بنەمای ئیدعاکانی ئەشکەنجە (لەوانە توندوتیژیی سێکسی).

خشتەی خوارەوە ئەو شوێنانە نیشان دەدات کە ڕەنگە قوربانیە عێراقیەکان بتوانن سوودیان لێ وەربگرن بۆ میکانیزمە جۆربەجۆرەکانی دادوەری و لێپێچینەوەی تاوانکاران.

| ئاستی نێودەوڵەتی | | |
|---|---|---|
| **لێپێچینەوەی تاکەکەس** | **لێپێچینەوەی حکوومەت** | **هەردوو** |
| ***دادوەری***<br>• لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەبارەی عێراق/بەریتانیا<br>• دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەسەر ئەو شەڕکەرە بیانیانەی کە خەڵکی وڵاتانی ئەندامی یاسانامەی ڕۆمان<br>• گوشار لە ئاکامی ئیرجاع لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، *پەسەندکردنی یاسانامەی ڕۆما وە یا ڕاگەیاندنی مادەی 12(3)ی یاسانامەی ڕۆما سەبارەت بە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندییان بە داعش/جەنگی ئێستاوە هەیە (خاڵەکانی پێشووتر بخوێننەوە لەبارەی بەکارهێنان یان نەهێنانی ئەم سێ کەناڵی دادوەریە بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی ڕابردوو)*<br>***غەیرەدادوەری***<br>• *عێراق داوای کرد لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەبارەی تاوانەکانی داعش بکرێت.* | ***دادوەری***<br>• دادگای نێودەوڵەتی *(تەنیا وڵات دژی وڵات)*<br>***نیمچەدادوەری***<br>• ڕێساکانی لێکۆڵینەوە بەپێی پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە و پەیماننامەی پاراستنی هەموو کەسێک لە بێسەروشوێنبوونی بەزۆر<br>***غەیرەدادوەری:***<br>• دەزگاکانی جێبەجێکردنی پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاپۆرتەکانی CAT، ICCPR، ICESCR، CERD، CRC، CED، CRPD لە وڵاتان، و UPR، واتە پێداچوونەوەی ناوبەناوی جیهانی *(ڕێکەوتن کراوە کە هیچ ڕێسایەکی سکاڵای تاکەکەسی بە کار نەهێنرێت)*<br>• ڕێسا تایبەتەکان و ڕاپۆرتنووسانی نەتەوە یەکگرتووەکان | ***غەیرەدادوەری:***<br>• تیمی لێکۆڵینەوەی (هاوبەش)ی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوانەکانی داعش.<br>• کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە) و میکانیزمی بێلایەن و سەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ سووریا (کڕاس-ئەوڤەر)<br>• شاندی دەرخستنی ڕاستیەکان لە نووسینگەی نووسینگەی کۆمیسیۆنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، 2014 تا 2015 |

| ئاستی هەرێمی | | |
|---|---|---|
| **لێپێچینەوەی تاکەکەس** | **لێپێچینەوەی حکوومەت** | **هەردوو** |
| - | ***غەیرەدادوەری:***<br>پرۆسەی دیاریکراو لە جارنامەی عەرەبی دا بۆ پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی وڵاتان | - |

| ئاستی ناوخۆی وڵات | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| **لێپێچینەوەی تاکەکەس** | | | | **لێپێچینەوەی حکوومەت** | **هەردوو** |
| ***دادوەری***<br>دادگای تاوان | ***دادوەری***<br>دادگای سەربازی | ***دادوەری***<br>دادگای منداڵان | ***دادوەری***<br>دادگای مەدەنی<br>• ئیدعا مەدەنیەکان لە چوارچێوەی | • کۆمیتەی سەرەتایی مافەکانی مرۆڤ، لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان | • دادگاکانی مافی مرۆڤی عێراق (لە کانوونی دووەمی 2014ـەوە). |

---

[31] *ئەمە بخوێنەوە*، چاودێری مافی مرۆڤ، Q&A: یەکەمین درزەکان لە حیسانەی تاوانکاران دا لە سووریا و عێراق، قەیرانی پەنابەران و کەیسەکانی دادگاییکردنی جیهانی لە ئەورووپا، 2016. https://www.hrw.org/news/2016/10/20/qa-first-cracks-impunity-syria-iraq

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| • دادوەرانی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵبژێردراون.<br>• دادگا ئاساییەکانی تاوان.<br>• بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان، هەندێ دەسەڵاتی دادوەریی هەیە (بەڵام بە شێوەی سەربەخۆ لە سیستەمی داواکاری گشتی لێپێچینەوە بۆ کەیسەکان ناکات).<br>• تۆمەتەکانی تیرۆریزم.<br>• تیمی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدان لە لێکۆڵینەوە ناوخۆییەکان دا. | | | یاسای مەدەنی بەڵام پاراستنی بەرپرسانی حکومی و ئەوانەی کە فەرمانیان پێیان داوە.<br>• دادگا تایبەتیەکانی مافی مرۆڤ. | • نووسینگەکانی مافی مرۆڤە و سندووقەکانی سکاڵانی وەزارەتی داد<br>• لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ لەبارەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ کە لەلایەن هێزە تایبەتەکانەوە دژی خەڵکی سیڤیل لە شاری مووسڵ ئەنجام دراوە (مانگی ئایار هەتا ئاب 2017).<br>• وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان<br>• سکاڵاکان لەبارەی دەستگیرکردنی نایاسایی (هیچ بوودجەیەک بۆ قەرەبووکردنەوە نیە). | • کۆمیسیۆنی باڵای عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ (دەستوور). |

## دادگا و تریبیۆناڵە نێودەوڵەتی و هاوبەشەکان

| | تاکەکەسی | بەرپرسیارێتیی وڵات | | | هەردوو |
|---|---|---|---|---|---|
| | **ئاستی نێودەوڵەتی** | | | | |
| | لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەبارەی عێراق/بەریتانیا دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەسەر ئەو شەڕکەرە بیانیانەی کە خەڵکی وڵاتانی ئەندامی یاسانامەی ڕۆمان<br>*[گوشار لە ئاکامی ئیرجاع لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، پەسەندکردنی یاسانامەی ڕۆما وە یا ڕاگەیاندنی مادەی (3)12ی یاسانامەی ڕۆما سەبارەت بە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندییان بە داعش/جەنگی ئێستاوە هەیە (خاڵەکانی پێشووتر بخوێننەوە لەبارەی بەکارهێنان یان نەهێنانی ئەم سێ کەناڵی دادوەریە بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی ڕابردوو)]* | دادگای نێودەوڵەتی *(تەنیا وڵات دژی وڵات)* | ڕێساکانی لێکۆڵینەوە بەپێی پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە و پەیماننامەی پاراستنی هەموو کەسێک لە بێسەروشوێنبوونی بەزۆر<br><br>دەزگاکانی جێبەجێکردنی پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاپۆرتەکانی CAT، ICCPR، ICESCR، CERD، CRC، CED، CRPD لە وڵاتان، و UPR، واتە پێداچوونەوەی ناوبەناوی جیهانی *(ڕێکەوتن کراوە کە هیچ ڕێسایەکی سکاڵای تاکەکەسی بە کار نەهێنرێت)* | ڕێسا تایبەتەکان و ڕاپۆرتنووسانی نەتەوە یەکگرتووەکان | کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و میکانیزمی بێلایەن و سەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ سووریا (کراس-ئەوڤەر)<br><br>شاندی دەرخستنی ڕاستیەکان لە نووسینگەی نووسینگەی کۆمیسیۆنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، 2014 تا 2015 |
| | **ئاستی هەرێمی** | | | | |
| | - | پرۆسەی دیاریکراو لە جاڕنامەی عەرەبی دا بۆ پێداچوونەوەی ڕاپۆرتی وڵاتان | | | - |
| | **ئاستی ناوخۆی وڵات** | | | | |
| ڕاسپاردەی لێکۆڵینەوە کە لەلایەن CoMی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دراوە بە کۆمیسیۆنی دادوەری و بەرپرسیاربوونی نێودەوڵەتی.<br><br>تیمی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوانە نێودەوڵەتیەکانی داعش. | تاوان: دادوەرانی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵبژێردراون، و دادگاکانی تاوان دیاری کراون. بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان، هەندێ دەسەڵاتی دادوەریی هەیە.<br>دادگا سەربازیەکان<br>دادگاکانی منداڵان<br>ئیدعا مەدەنیەکان لە چوارچێوەی یاسای مەدەنی بەڵام پاراستنی بەرپرسانی حکومی و ئەوانەی کە فەرمانیان پێیان داوە. | کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان<br>نووسینگەکانی مافی مرۆڤە و سندووقەکانی سکاڵانی وەزارەتی داد<br>لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ لەبارەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ کە لەلایەن هێزە تایبەتەکانەوە دژی خەڵکی سیڤیل لە شاری مووسڵ ئەنجام دراوە (مانگی ئایار هەتا ئاب 2017) | | | دادگاکانی مافی مرۆڤ<br>کۆمیسیۆنی باڵای عێراق بۆ مافەکانی مرۆڤ (دەستوور) |

## بەشی 4: لێپێچینەوەی هەر تاکێکی تاوانکار

### الف. پێشەکی

1. چوارچێوەی یاسایی

وڵاتی عێراق ئەندامی پەیماننامەکانی جنێڤ، پرۆتۆکۆلە پاشکۆکانیان و پەیماننامەی کۆمەڵکوژیە. لە ئێستا دا، تاوانە نێودەوڵەتیەکانی وەکوو کۆمەڵکوژی، تاوان دژی مرۆڤایەتی یان تاوانەکانی جەنگ لەنێو یاسای سزادان یان یاساکانی تری عێراق دا وەکوو تاوان تۆمار نەکراون.

لە حاڵێک دا دەستوور بەتایبەتی کارکردنی بەزۆر، کۆیلایەتی، کڕین و فرۆشتنی کۆیلە، بازرگانیکردن بە ژنان و منداڵان، و بازرگانیی سێکسی قەدەخە کردووە ؤمادەی (3)(37)، یاسای سزادان و یاساکانی تاوانگەلێک وەکوو تاوانی جەنگ، تاوانی دژی مرۆڤایەتی یان کۆمەڵکوژییان وەکوو تاوان دیاری نەکردووە یان باسیان لێ نەکردووە. هەندێ لەم تاوانانە ڕەنگە لە یاسای نێودەوڵەتی دا وەکوو CARSV هەژمار بکرێن (بە مەرجێک پێکهاتە یاساییەکان، و بەتایبەت پێکهاتە بەستێنییەکانی تاوانەکان ئیسبات بکرێن).

پێشتر، لە کاتی لێکدانەوەی تاوانەکانی دوای کوودەتای 1968 هەتا کۆتایی ڕژێمی سەدام حوسێن لە 2003، یاسای دادگای باڵای عێراقی (IHT) لە پرۆسەی دادگاییکردن دا تاوانە نێودەوڵەتیەکانی لە بەرچاو دەگرت (لە زۆربەیان دا لە پێناسەکانی یاسای عورفی نێودەوڵەتی کەڵکی وەردەگرت)(ئەگەر تاوانەکان لە نێوان 17ی تەمووزی 1968 و 1ی ئایاری 2003 ڕوویان دابوو). بەڵام، ئەم تاوانانە لە هیچ شوێنێکی تر باس نەکراون، و ئێستا بەهۆی داخستنی IHT ئەم یاسایەش بە سەر چووە. لەم یاسایە دا هەروەها جۆرەکانی بەرپرسیارەتی بۆ تاوانە نێودەوڵەتیەکان دیاری کرابوون کە تا ڕادەیەکی زۆر یەکسان بوو لەگەڵ یاسانامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. لەبەر ئەمە ڕەنگە بکرێت (لەرێگەی دانانی یاسای نیشتمانیەوە) دەسەڵاتی دادگاییرکردنی تاوان نێودەوڵەتیەکانی ڕابردوو بدرێت بە دادگایەکی ناوخۆی وڵات (بەڵام تێبینیی خوارەوە لەبارەی پرینسیپی یاساییبوون و بەکارهێنانی یاسای تاوانی عێراقی بۆ تاوانەکانی ڕابردوو بخوێنەوە).[32]

| تێبینی: پرینسیپی یاساییبوون لە یاساکانی عێراق دا |
|---|
| عێراق پەیمانی نێودەوڵەتی لەسەر مافە مەدەنی و سیاسیەکانی واژۆ کردووە، لەوانە مادەی 15 کە حاڵەتێکی ئاوارتەی لە یاسای نیشتمانی دا بۆ تاوانە نێودەوڵەتیەکان داناوە: «*مادەی 15.2. هیچ شتێکی نێو ئەم مادەیە نابێ زیان بگەیەنێت بە دادگاییکردن و سزادانی هەرکەسێک بۆ هەر کردارێک یان نەکردارێک کە، لە کاتی ئەنجامدانی دا، تاوان بووە بەپێی پرینسیپە گشتیەکانی یاسا کە لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بەرەسمی قەبووڵ کراوە.*» |
| بەڵام، مادەی 15.2 لە دەستووری عێراق یان یاسای نیشتمانی دا نەهاتووە (مادەی 19ی دەستوور، مادەی 1 و 2ی یاسای سزادان). |
| IHT لە ڕووی پرینسیپەکانی یاساییبوون، بەرەنگاریەکی (واتە چالنجێکی) لێک دایەوە لەسەر بنەمای ئەرکەکانی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی دا، لەوانە پرینسیپە ئەساسیەکانی یاسای نێودەوڵەتی (*jus cogens*) و پابەندبوونی عێراق بە پەیماننامەی کۆمەڵکوژی، پەیماننامەکانی جنێڤ 1 تا 4ی ساڵی 1949، پرۆتۆکۆلی پاشکۆی 1ی پەیماننامەکانی جنێڤ لە ساڵی 1977، و جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. |
| ئێستا کە IHT داخراوە و یاسای IHT بەسەر چووە، ئەم کێشەیە ڕەنگە دووبارە ڕوو بدات و دیسان تاوانە نێودەوڵەتیەکان لە یاسای ناوخۆی عێراق دا بوونیان نیە. |

ئەو یاسایەی کە لەم بەشە دا باس کراوە بارودۆخ لە کۆتایی تشرینی یەکەمی 2017 نیشان دەدات. هەموو کاتێک دەکرێت یاساکان هەموار بکرێن و یاسای نوێ دابنرێت. بە هەمان شێوە، دەکرێت ڕێگەی نوێ بۆ لێپێچینەوەی تاوانکار دروست بکرێت بە دانانی مادەی یاسایی نوێ بۆ بنەماکان، ڕێسای کار و بەڵگەکان، کە دەکرێت زیاتر لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی بگونجێت.

لە سایەی شەڕی ئەم دواییە دژی داعش لە عێراق، چەند ڕێگە بۆ لێپێچینەوەی تاوانکاران سەرنجیان ڕاکێشاوە:

- ناردن بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پەسەندکردنی یاسانامەی ڕۆما لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، وە یا ڕاگەیاندنێکی حکوومەتی عێراق لە چوارچێوەی مادەی 12ی یاسانامەی ڕۆمای

---

[32] *هەمە بخوێنەوە،* دەستووری عێراق، مادەی 95 (هیچ دادگایەکی تایبەت یان نائاسایی نیە). بەڵام هەندێ ژووری تایبەت و IHT لەنێو سیستەمی دادگاکانی عێراق دا دروست کراون.

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەبارەی قەبووڵکردنی دەسەڵاتی دادگاییکردنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ بارودۆخێکی تایبەت (تێبینیەکانی پێشووتر بخوێنەوە لەبارەی ئەو کەناڵە دادوەریانەی کە ڕێگە دەدەن یاسا بۆ تاوانەکانی ڕابردوو بە کار بهێنرێن).

- دادگایەکی هاوبەشی تایبەت کە لەڕێگەی ڕێکەوتن لەنێوان ئەنجومەنی ئاسایش یان کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکوومەتی عێراق دروست دەکرێت.
- دانانی ژووری تایبەت لە ناوخۆی وڵات بە یارمەتیی نێودەوڵەتی (ئەم ژوورە لەڕێگەی دانانی یاسای نوێ لە عێراقی فیدراڵ یان لە هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت).
- هەموارکردنی یاسای سزادان، یاسای پرۆسەی دادگاییکردنی تاوان و یاساکانی تایبەت بە بەڵگە و شایەتی بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێت تاوانە نێودەوڵەتیەکان دادگایی بکرێن و هەروەها شێوازی کار و ڕێساکانی تایبەت بە بەڵگە و ڕەوتی دادگاییکردن باشتر بکرێن.
- ناساندنی چەمکی تۆمەتی کەڵەکەبوو/لەسەریەک و ڕێگەدان بە تەفسیری دادوەریی ئازاد بۆ تاوانە سێکسیەکان پێکەوە لەگەڵ تاوانە ترۆریستیەکان.

## ب. پێکهاتەکانی تاوان

### تاوانە سەرەکیەکان لە چوارچێوەی یاسای عێراقیی پەیوەندیدار بە توندوتیژیی سێکسی دا

تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسی کە لە یاسای عێراقی دا دیاری کراون تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازن لەوانەی نێو یاسای نێودەوڵەتی کە لە IP2 و پەیماننامە و یاسای عورمی نێودەوڵەتیی پەیوەندیدار دا دیاری کراون. بە هەمان شێوەی تاوانە ناوخۆییەکان، پێویست ناکات هەریەکە لە پێکهاتە گشتیەکان یان پێکهاتە بەستێنیەکانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان ئیسبات بکرێت. جیا لەمە، زۆرێک لەم تاوانە ناوخۆییانە تایبەتی ڕەگەزێکن و ڕەنگدانەوەی بیروڕا و بەهاکانی کۆمەڵگا لەبارەی نۆرمە ڕەگەزیەکانن؛ لە ئاکامی ئەمە دا، جیاواز لە هەندێ لە سەرچاوەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام نەک هەموویان، زۆرێک لە تاوانە ناوخۆیەکان بە شێوەی یەکسان بۆ قوربانیان یان تاوانکارانی نێرینە و مێیینە بە کار ناهێنرێ – ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێ لە تاوانەکان بۆ قوربانیە نێرینەکان، یان بۆ تاوانکارە مێیینەکان وەکوو تاوان هەژمار نەکرێن. بە هەمان شێوە، ئەو مادانەی کە زەمینە بۆ بچووککردنەوەی تاوان یان بەرگریکردن دەڕەخسێنن دەبنە هۆی کەمکردنەوەی سزاکان یان هەر سزانەدان لەو بارودۆخانە دا کە بەهاکانی کۆمەڵگەی عێراقی بە پیاوان ڕێگە دەدەن دژی ژنان توندوتیژی بکەن. دوایین شت جۆرێک نادڵنیایی یان ناڕوونی لە پێکهاتەی تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسی دا هەیە بە هۆی ئەوەی کە دەستەواژەکان پێناسە ناکرێن و زمانی دەقیق بە کار ناهێنرێت. چەند نموونە لە دوورکەوتنەوەی یاسای عێراقی لە یاسای نێودەوڵەتی و باشترین ڕێکارەکان (سەبارەت بە CARSV) لە خوارەوە ڕوون کراونەتەوە (و بە ڕەنگی شین دیاری کراون).

**تێبینی:** دەسەڵاتی دادگاییکردنی تاوان لە چوارچێوەی یاسای سزادانی عێراقی دا لە سنووری دەسەڵاتی دادگاییکردنی ناوخۆیی تێپەڕ دەبێت و دەسەڵاتی دادگاییکردنی کەسایەتیی چالاک و ناچالاک دەگرێتەوە – یانێ ئەو تاوانانەیش دەگرێتەوە کە لەلایەن هاووڵاتیانی عێراقی یان دژی ئەوان لە دەرەوەی خاکی عێراق ئەنجام دراون.[33] هەروەها، ڕەنگە عێراق دەسەڵاتی دادگاییکردن بە کار بهێنێت بۆ هەندێ تاوان کە لە دەرەوەی ئەم وڵاتە ئەنجام دراون، کاتێک کە ئەنجامدەری تاوانەکە دێتە نێو خاکی عێراق.[34] بازرگانیکردن بە ژنان، منداڵان و کۆیلە یەکێک لەم چەشنە تاوانانە یە، کە ڕەنگە پەیوەندی هەبێت بە ئەندامانی داعشەوە کە ژنان و منداڵانی ئێزەدییان وەکوو کۆیلە لە سووریا ڕاگرتبوو و دواتر هاتنە نێو خاکی عێراق یان ئەو کەسانەی کە تۆڕی قاچاخی مرۆڤیان لەسەر سنوورەکان دانابوو.

| تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسی لە یاسای سزادان دا *(هەموارکراو تا مانگی ئازاری 2010)* |
|---|
| **لاقەکردن: مادەی 393(1)** «سێکس کردن لەگەڵ ژنێک بەبێ ڕەزامەندیی ئەو»؛ یان «سێکسی دواوە کردن لەگەڵ هەرکەسێک بێ ڕەزامەندیی ئەو».<br>بارودۆخی سەخت، لەوانە: ئەگەر تەمەنی قوربانی ژێر 18 ساڵ بێت؛ تاوانکار خزمی قوربانی بێت تا نەوە یان دەرەجەی سێ؛ تاوانکار سەرپەرست، بەخێوکەر یان قەییمی قوربانی بێت یان دەسەڵاتی بە سەر قوربانی دا هەبێت؛ قوربانی خزمەتکاری کەسی تاوانکار بێت؛ تاوانکار بەرپرسێکی حکوومی، ڕێبەری ئایینی، یان دوکتۆر بێت و لە متمانەی پلەوپایەی خۆی یان متمانەی خەڵک بە خۆی کەڵکی خراپی وەرگرتبێت؛ دوو یان چەند کەس تاوانەکەیان ئەنجام دابێت بۆ ئەوەی بتوانن زاڵ بن بەسەر قوربانی دا و ئەو نەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، یان ئەگەر ئەوان چەند جار تاوانەکەیان ئەنجام دابێت؛ ئەگەر قوربانی لە ئاکامی دەستدرێژی دا تووشی نەخۆشیی سێکسی ببێت؛ یان لە ئاکام دا، قوربانی کچێنیی خۆی لە دەست بدات.<br>ئەگەر تاوانەکە ببێتە هۆی مەرگی قوربانی، سزاکەی زیندانی هەتاهەتایی دەبێت.<br>ئەگەر قوربانی کچ بووبێت، دەبێ دادگا فەرمان بدات کە ئەو قەرەبووی گونجاو وەربگرێت.<br>تێبینی:<br>- *زمانی ڕەگەزی لە یاساکان دا ئاشکرا وای دادەنێت کە قوربانی مێینە یە و ئەنجامدەری تاوان نێرینە یە، و ئەو کردارانەی کە ڕەنگە تاوانکارانی مێینە ئەنجامیان بدەن و هەروەها چەندین جۆر توندوتیژیی سێکسی دژی قوربانیانی نێرینەی لە بەرچاو نەگرتووە.* |

[33] *بەمە بخوێنەوە*، یاسای سزادانی عێراق، مادەی 6 تا 15.
[34] *بەمە بخوێنەوە*، یاسای سزادانی عێراق، مادەی 13.

- *«سێکس کردن» بە واتای چوونەناوەوەی چووک لە زێ پێناسە دەکرێت و هەموو جۆرەکانی چوونەناوەوەی سێکسی لە بەرچاو نەگرتووە بەو شێوەی کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتیی گشتی پێناسەیان کردووە، بۆ نموونە سێکسی دەم یان دواوە و پێداکردنی شت.*
- *ئەو کردارانەی کە دژ بە قوربانیانی نێرینە دەکرێن و «سێکسی دواوە نین» لە بەرچاو نەگیردراون (سێکسی دواوە پێناسە نەکراوە بەڵام وا دانراوە کە یانێ بردنەناوەوەی چووک لە کۆمی مرۆڤ).*
- *پێناسەنەکردنی پێکهاتەکانی تاوان دەبێتە هۆی نادڵنیایی.*
- *هەروەها، بەشێک لەو زمانەی کە بە کار هێنراوە رەنگە بەدناوکەر بێت، وە تەرکیزکردن لەگەڵ کچێنی لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ناگونجێت و رەنگە لە ئاکامی دا پرسیاری نەگونجاو و ئازاردەر لە قوربانی بکرێت یان «پشکنینی پەردە»ی بۆ بکرێت.*

---

**سێکسکردن لەگەڵ ژنێک لە دەرەوەی هاوسەرگیری/سێکسی داوە بە ڕەزامەندی: مادەی (1)394** «هەرکەسێک کە لە دەرەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک سێکس بکات بە ڕەزامەندیی ئەو یان لەگەڵ کەسێک سێکسی دواوە بکات، بە ڕەزامەندیی ئەو.» هەمان بارودۆخی سەخت کە لە مادەی 393 دا هاتووە.

تێبینی:

- *سێکسکردنی دوو کەسی گەورە پێکەوە بە ڕەزامەندیی هەردوولا لە دەرەوەی هاوسەرگیری بە تاوان دەزانێت.*
- *ڕوون نیە کە بوونی ڕەزامەندی چۆن ئیسبات دەکرێت.*
- *لێدوان و بۆچوونەکانی سەرەوە بخوێنەوە.*

---

**پەلاماری سێکسی: مادەی (1)396** «هەرکەسێک کە پەلاماری سێکسی بۆ پیاوێک یان ژنێک دەدات یان هەوڵی پەلامار دەدات بێ ڕەزامەندیی ئەو کەسە و بە پەنابردن بۆ زۆر، هەڕەشە، خەڵەتاندن یان ئامرازی تر.»

تێبینی: *پێناسەنەکردنی دەستەواژەی «پەلاماری سێکسی» دەبێتە هۆی نادڵنیایی و ناڕوونی، بۆ نموونە: دەستەواژەی «بێ ڕەزامەندی» چ واتایەکی هەیە، بەتایبەت کە بەدوایدا نووسراوە «و بە پەنابردن بۆ زۆر، هەڕەشە، خەڵەتاندن یان ئامرازی تر»؟ ڕوون نیە کە ئایا ئەمە هەموو بارودۆخێکی ناچاری دەگرێتەوە بەو شێوەی کە لە یاسانامەی ڕۆما و یاسای عورفی نێودەوڵەتی دا پێناسە کراوە یان نە.*

---

**کرداری بێشەرمانە بێ ڕەزامەندی: مادەی 400** «هەرکەسێک کە کردارێکی بێشەرمانە لەگەڵ پیاوێک یا ژنێک ئەنجام دەدات بێ ڕەزامەندیی ئەو.»

تێبینی: *ڕوون نەکراوەتەوە کە بە چ کردارێک دەوترێت «کرداری بێشەرمانە».*

---

**کرداری بێشەرمانەی ئاشکرا: مادەی 401** «هەرکەسێک کە ئاشکرا کردارێکی بێشەرمانە دەکات.»

تێبینی: *لێدوان و بۆچوونەکانی سەرەوە بخوێنەوە.*

---

**نزیکبوونەوەی بێشەرمانە: مادەی (a)(1)402** «هەرکەسێک کە بە شێویەکی بێشەرمانە لە پیاوێک یان ژنێکی تر نزیک دەبێتەوە.»

تێبینی: *ڕوون نەکراوەتەوە کە بە چ کردارێک دەوترێت «نزیکبوونەوەی بێشەرمانە».*

---

**هێرشی ئاشکرا بە شێوەی بێشەرمانە: مادەی (b)(1)402**: «هەرکەسێک کە ئاشکرا/بە بەرچاوی خەڵکەوە بە شێوەی بێشەرمانە هێرش دەکاتە سەر ژنێک بە قسە، کردار یان ئیشارە.» سزای تاوانبارێک کە دووبارەی بکاتەوە قورستر دەبێت.

تێبینی: *ڕوون نەکراوەتەوە کە «بە شێوەی بێشەرمانە هێرش کردن» یانێ چی. ئەم مادەیە تەنیا بۆ ژنانە و ئەو پیاوانە ناگرێتەوە کە ئاشکرا/بە بەرچاوی خەڵکەوە هێرش دەکرێتە سەریان، و تەنیا بۆ ژنانە.*

---

**منداڵ لەباربردن بە زۆر: مادەی (1)418** «هەرکەسێک کە ئەنقەست دەبێتە هۆی ئەوەی ژنێک بێ ڕەزامەندیی خۆی منداڵەکە لەبار ببات.» ئەگەر لە ئاکامی ئەمە دا قوربانی بمرێت یان کەسی تاوانکار دوکتۆر، دەرمانساز، کیمیازان، مامان، یان یاریدەری کەسێکی وەها بێت، سزاکەی قورستر دەبێت.

---

## توندوتیژیی سێکسی دژی منداڵان لە یاسای سزادان دا

**تووشی مەترسی کردنی منداڵێک: مادەی (1)383** «تووشی مەترسی کردنی منداڵێکی ژێر 15 ساڵ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ڕێگەی کەسێکی ترەوە.»

---

**نزیکیی جەستەیی لەگەڵ کچی ژێر تەمەنی یاسایی: مادەی 385** «هەرکەسێک کە لەگەڵ کچێک کە لەگەڵی زیواجی نەکردووە سێکس بکات، بێ ڕەزامەندیی ئەو، وە کچەکە نەگەیشتبێتە تەمەنی 18 ساڵ. ئەگەر بەزۆر لەگەڵ قوربانی سێکس بکرێت یان ئەو کچێنی لە دەست بدات یان لە ئاکام دا نەخۆشیەکی سێکسی بگرێت، یان ئەگەر کەسی تاوانکار بەرپرسیاری گەورەکردن یان سەرپەرستیکردن قوربانی بێت یان بە جۆرێک دەسەڵاتی بەسەری دا هەبێت، ئەوا سزاکەی قورستر دەبێت.

تێبینی:

- *زمانی ڕەگەزی لەم یاسایە دا بەڕوونی وای دادەنێت قوربانی مێیینە یە و ئەنجامدەری تاوان نێرینە یە.*
- *ئەم مادەیە کوڕان ناپارێزێت (لە تاوانکاری نێرینە یان مێیینە).*
- *کچانی ژێر 18 ساڵ کە شوویان کردووە ناپارێزرێن، تەنانەت کاتێکیش کە کردارەکە بێ ڕەزامەندیی ئەوان بێت.*
- *«نزیکیی جەستەیی» پێناسە نەکراوە.*
- *تەرکیزکردن لەسەر کچێنی ڕەنگە ببێتە هۆی بەدناوکردن یان هەڵسوکەوتی زیانبار لەگەڵ قوربانی.*

---

**لاقەکردنی سەخت: مادەی (1)393** بەشی سەرەوە بخوێنەوە – ئەگەر تەمەنی قوربانی ژێر 18 ساڵ بێت تاوانەکە سەختترە.

---

**سێکسی سەخت لەگەڵ ژنێک لە دەرەوەی هاوسەرگری/سێکسی دواوە «بێ ڕەزامەندی»، مادەی (1)394** لەسەرەوە – ئەگەر تەمەنی قوربانی ژێر 18 ساڵ بێت، تاواناکە سەختترە.

تێبینی: *چونکە ئەم مادەیە بەگشتی سەبارەتە بە پەیوەندیی سێکسی بە ڕەزامەندیی هەردوولا لە دەرەوەی هاوسەرگیری یان لەنێوان پیاوان، ئەم فاکتۆرە کە تاوانەکە سەختتر دەکات وای دادەنێت کە کەسانی ژێر 18 ساڵ دەتوانن ڕەزامەندی بدەن.*

---

**پەلاماری سێکسیی سەخت: مادەی مادەی (1)396** لەسەرەوە – ئەگەر تەمەنی قوربانی ژێر 18 ساڵ بێت تاوانەکە سەختترە.

---

**پەلاماری سێکسی بۆ منداڵ (بێ زۆرکردن) مادەی 397** – هەرکەسێک کە پەلاماری سێکسی دەدات بۆ کوڕێک یان کچێکی ژێر 18 ساڵ بێ پەنابردن بۆ زۆر، هەڕەشە یان خەڵەتاندن بە بەندکردن سزا دەدرێت.

تێبینی:

- *ڕوون نیە حاڵەتی پەنابردن بۆ زۆر و حاڵەتی پەنانەبردن بۆ زۆر چۆن لە یەکتر جیا دەکرێنەوە.*
- *بارودۆخی ناچاری لە بەرچاو نەگیردراوە.*

**هاندانی منداڵ بۆ چێژی سێکسی یان پەنابردن بۆ لەشفرۆشی: مادەی 399** – هەرکەسێک کە کوڕ یان کچی ژێر 18 ساڵ هان بدات کە چێژی سێکسی ببات یان پەنا ببات بۆ لەشفرۆشی وەکوو پیشە، یان یارمەتیی ئەو بدات کە کاری وەها بکات. ئەگەر تاوانکار ئەو کەسە بێت کە لە مادەی (2)393 دا وەسف کراوە و دەیەوێت لەم کردارەی سوود بە دەست بهێنێت یان پارە وەربگرێت.

تێبینی: *پێکهاتە یاساییەکان و پێناسەی «چێژی سێکسی» ڕوون نەکراوەتەوە.*

## تاوانە پەیوەندیدارەکانی تر لە یاسای عێراق دا

**یاسای سزادان، جۆرەکانی کوشتنی ئەنقەست و کوشتنی نایاسایی**
**مادەی 405 کوشتنی ئەنقەست**
**مادەی 406 کوشتنی ئەنقەستی سەخت**
**مادەی 410 کوشتنی نائەنقەست**
**مادەی 411 مەرگی بە هەڵکەوت/کوشتن بەهۆی کەمتەرخەمی**

**یاسای سزادان، جۆرەکانی پەلامار**
**مادەی 412 پەلامار بە نیەتی زیانگەیاندنی هەمیشەیی**
**مادەی 413 پەلامار و بارودۆخی سەخت**
**مادەی 414 پەلاماری سەخت**
**مادەی 415 پەلاماری منداڵ**
**مادەی 416 زیانگەیاندن بەهۆی کەمتەرخەمی**

**پەلاماردانی ژنی دووگیان: یاسای سزادان مادەی 419** «بێ دەمارگیری لەبارەی هەر سزایەکی گەورەتر کە یاسای دیاریی کردووە، هەرکەسێک کە پەلاماری ژنێکی دووگیان دەدات، لە حاڵێک دا کە ئاگای لە بارودۆخی ئەو هەیە، بە لێدان یان بریندارکردنی ئەو یان بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئەو یان بەکارهێنانی مادەی ژەهراوی یان بە ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی نایاسایی تر بێ ئەوەی نیەتی لەباربردنی منداڵەکەی بێت بەڵام ببێتە هۆی لەبارچوونی منداڵەکەی.»

**بەندکردنی نایاسایی لەلایەن بەرپرس یان کارمەندی حکوومیەوە: یاسای سزادان مادەی 322** «هەر بەرپرس یان کارمەندێکی حکوومی کە کەسێک دەستگیر دەکات، بەند دەکات یان دەستبەسەر دەکات لە بارودۆخێکی جیاواز لەو بارودۆخەی کە یاسا دیاریی کردووە.»

**بێگاری یان کۆیلەکاری پێکردن لەلایەن بەرپرس یان کارمەندی حکوومیەوە: یاسای سزادان مدەی 325:** «هەر بەرپرس یان کارمەندێکی حکوومی کە کەڵک لە بێگاری وەردەگرێت لە چالاکیگەلێک دا کە هیچ پەیوەندییان نیە بە ئەو چالاکیانەی کە لە یاسا یان دەستوور دا وەکوو بەرژەوەندیی گشتی دیاری کراون، یان لە چالاکیگەلێک دا جیا لەوانەی کە بەپێی پێویستی ناچارن ئەنجامی بدەن یان لە بارودۆخگەلێک دا جیا لەوانەی کە تێدا یاسا ئەم جۆرە چالاکیانە فەرز دەکات.»

**ڕەفتاری بێبەزەییانە لەلایەن بەرپرس یان کارمەندی حکوومیەوە: یاسای سزادان مادەی 332** «هەر بەرپرس یان کارمەندێکی حکوومی کە لە ماوەی ڕاپەراندنی ئەرکەکانی دا بێبەزەییانە لەگەڵ کەسێک ڕەفتار دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەرامەت و ڕێزی لە دەست بدات یان ئازای جەستەیی پێ بگات.»

**ئەشکەنجە لەلایەن بەرپرس یان کارمەندی حکوومیەوە: یاسای سزادان مادەی 333** «هەر بەرپرس یان کارمەندێکی حکوومی کە کەسێکی تۆمەتبار، شایەتێک یان هەواڵدەرێک ئەشکەنجە دەکات یان فەرمانی ئەشکەنجەکردنی دەدات بۆ ئەوەی ناچاری بکات کە دان بنێت بە ئەنجامدانی تاوانێک دا یان شتێک بڵێت یان زانیاری لەبارەی تاوانەکە بدات یان زانیاری بشارێتەوە یان ڕایەکی تایبەت لەبارەی تاوانەکە بڵێت.» «بەکارهێنانی زۆر و هەڕەشەیش بەشێکن لە ئەشکەنجە.»

تێبینی:

- *ئەم مادەیە هیچ ئاماژە ناکات بە ئێش یان ئازاری جەستەیی یان دەروونیی جددی. ئایا بەتەواوی ئەشکەنجەی دەروونی و سێکسی بە ڕەسمی دەناسێت؟*
- *بەتەواوی هەموو ئامانجە قەدەخەکراوەکانی ئەشکەنجەی نەنووسیوە کە لە یاسای نێودەوڵەتی دا هاتووە، وەکوو جیاوازیدانان.*
- *تەنیا ئەو تاوانکارانە دەگرێتەوە کە بەرپرس یان کارمەندی حکوومین.*
- *تەنیا ئەو قوربانیانە دەگرێتەوە کە تۆمەتبار، شایەت یان هەواڵدەرن.*

**ڕفاندن و بەندکردنی نایاسایی: یاسای سزادان مادەی 421** «هەرکەسێک کە بە هەر شێوەیەک کەسێک دەگرێت، بەند دەکات یان بێبەش دەکات لە ئازادی، بێ وەرگرتنی فەرمان لە دەسەڵاتدارێکی شیاو لە بارودۆخێک دا جیا لەوانە کە لە یاسا و ڕێساکان دا دیاری کراون بۆ ئەو مەبەستە، بە زیندان سزا دەدرێت. لەم حاڵەتانەی خوارەوە تاوانکار بە مەرگ سزا دەدرێت:

(1) ئەگەر تاوانەکە لەلایەن کەسێکەوە ئەنجام درابێت کە یۆنیفۆرمی کارمەندی حکوومەتی لەبەر بێت بێ ئەوەی مافی لەبەرکردنی هەبێت یان نیشانەیەکی فەرمیی بە کار هێنابێت کە هی ئەوجۆرە کارمەندانە بێت یان خۆی بەدرۆ وەکوو بەرپرسێکی حکوومی نیشان دابێت یان فەرمانێکی هەڵە بۆ دەستگیرکردن، زیندانیکردن یان دەستبەسەرکردنی کەسێک دەرکردبێت و هاوکات ئیدعای کردبێت کە فەرمانەکە لەلایەن دەسەڵاتدارێکی شیاوەوە دەرکراوە.
(2) ئەگەر لەگەڵ ئەنجامدانی تاوانەکە هەڕەشەی مەرگ یان ئەشکەنجەی جەستەیی یان دەروونی بە کار هێنرابێت.
(3) ئەگەر تاوانەکە لەلایەن دوو یان چەند کەسەوە ئەنجام درابێت یان کەسێک ئەنجامی دابێت کە ئاشکرا چەکی پێ بووبێت.
(4) ئەگەر ماوەی گرتن، دەستبەسەرکردن یان بێبەشکردن لە ئازادی زۆرتر لە 15 ڕۆژ بێت.
(5) **ئەگەر مەبەست لە ئەنجامدانی تاوانەکە بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی دارایی یان پەلاماری سێکسی بۆ سەر قوربانی یان تۆڵەکردنەوە لە قوربانی یان کەسێکی تر بێت.**
(6) ئەگەر تاوانەکە دژی بەرپرس یان کارمەندێکی حکوومی کرابێت کە خەریکی ئەنجامدانی ئەرک یان کاری خۆی بووە یان هەر بە بۆنەی ئەوەی کە لە پیشە و پۆستە دا بووە تاوانەکە دژی کراوە.

**ڕفاندنی منداڵ: یاسای سزادان مادەی 422** «هەرکەسێک کە خۆی یان لەڕێگەی یەکێکی ترەوە بێ بەکارهێنانی زۆر یان خەڵەتاندن کەسێکی ژێر 18 ساڵ دەڕفێنێت». بەپێی فاکتۆرەکانی نێو مادەی 421 ڕنگە سزاکە قورستر ببێت و لەوانەیە سزای مەرگیشی بۆ ببڕدرێتەوە.

**ڕفاندنی ژنێک: یاسای سزادان مادەی 423** «کەسێک کە خۆی یان لەڕێگەی کەسێکی ترەوە ژنێکی گەورەتر لە 18 ساڵ دەڕفێنێت بە بەکارهێنانی زۆر یان خەڵەتاندن، بە مەرگ سزا دەدرێت. ئەگەر هاوکات لەگەڵ ڕفاندن **لەگەڵ قوربانی سێکس بکرێت یان هەوڵی سێکسکردن لەگەڵ** ئەو بدرێت، تاوانکار بە مەرگ یان زیندانی هەتاهەتایی سزا دەدرێت.»

**دابینکردنی شوێن بۆ بەندکردنی نایاسایی: یاسای سزادان مادەی 425** – «هەرکەسێک کە شوێن دابین بکات بۆ بەندکردن یان دەستبەسەرکردنی نایاسایی، لە حاڵێک دا لەم ڕاستیە ئاگادارە.»

**یاسای ژمارە 28ی 2012 بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە** *(بە وتەی ڕێکخراوە ناحکوومیەکان هێشتا بوودجەی تەواوی بۆ دابین نەکراوە یان جێبەجێ نەکراوە)* **مادەی 1** «کۆکردنەوە، گواستنەوە، نیشتەجێکردن یان وەرگرتنی خەڵک بە زۆر، هەڕەشەی بەکارهێنانی زۆر، یان ڕێگەی دیکە، لەوانە زۆرەملێ، ڕفتاندن، فرتوفێڵ، خەڵەتاندن، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دانوستانی پارە، یان دانی ئیمتیاز بە کەسێکی کاریگەر بۆ ئەوەی کەسانی بازرگانیپێکراو بفرۆشن و کەڵکی خراپیان لێ وەربگرن لە ڕێگەی لەشفرۆشی، بەدڕەفتاریی سێکسی، بێگاری، کاری ئیجباری، بەکۆیلەکردن، سواڵکەری، فۆرشتنی ئەندامی لەش، تاقیکردنەوەی پزیشکی.»

**حاڵەتی سەخت (مادەی (2)5)** «(1) بەکارهێنانی هەرجۆرە زۆرەملێ لەوانە شت لێسەندن بە زۆر، هەڕەشە وە یا دەستبەسەرداگرتنی بەڵگەی سەفەر یان بەڵگەی ڕەسمی. (2) بەکارهێنانی ساختەکاری بۆ خەڵەتاندن یان بەقوربانیکردنی قوربانیان. (3) دان یان وەرگرتنی پارە یان ئیمتیاز لە بەرانبەر وەرگرتنی پەسەند یان ئیزن لە کەسێک کە دەسەڵات یان مافی سەرپەرستی بە سەر کەسی قوربانی دا هەیە.»

**فاکتۆرە سەختەکانی تر (مادەی 6)** «(1) ئەگەر تەمەنی قوربانی ژێر 18 ساڵ بێت، (2) ئەگەر قوبانی لە ڕەگەزی مێیینە، یان کەمئەندام بێت. (3) ئەگەر تاوانەکە لەلایەن گرووپێکی تاوانی ڕێکخراو یان نێودەوڵەتیەوە ئەنجام درابێت، (4) ئەگەر تاوانەکە لە ڕێگەی ڕفاندن یان ئەشکەنجەوە ئەنجام درابێت، (5) ئەگەر کەسی تاوانکار خزمەی پلەیەک یان پلەدوو، سەرپەرست، یان هاوسەری قوەبانیەکە بێت، (6) ئەگەر ڕەفاندن بووبێتە هۆی نەخۆشیی مەرگبار یان کەمئەندامیی هەمیشەیی قوربانی، (7) ئەگەر بازرگانیپێکردن لەسەر چەند کەس کاریگەری دانابێت یان چەندین جار لەسەر کەسێک کاریگەری دانابێت، (8) ئەگەر بازرگانیپێکردن لەلایەن کارمەندێکی حکوومەت یان کەسێک کە بەڵێندەری جێبەجێکردنی خزمەتێکی حکوومی بووە ئەنجام درابێت، (9) ئەگەر کەڵک لە کاریگەریی یان لاوازی یان پێداویستیی کەسی قوربانی وەرگیرابێت.»

**بوونە هۆی مەرگ، مادەی 8:** سزای ئەم تاوانە مەرگە.

**تاوانە پەیوەندیدارەکان: مادەی 7** (1) دانان یان بەڕێوەبردنی ماڵپەڕێکی ئینتەرنێتی بۆ بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، (2) تێوەگلان یان ئاسانکاریکردن بۆ گرێبەستێکی بازارگانیکردن بە مرۆڤەوە، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.

**ڕەزامەندی ناکرێت وەکوو کارتێکی بەرگری بە کار بهێنرێت: مادەی 9**

## یاسای ترۆریسمی 2005 (لە دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش دا بە کار دەهێنرێت): پەیوەندیدارترین مادەکان لێرە نووسراون

**مادەی (1)2:** «توندوتیژی یان هەڕەشە بە ئامانجی تۆقاندنی خەڵک یان دروستکردنی مەترسی لەسەر ژیان، ئازادی و ئاسایشی ئەوان یان لەسەر پارە و ماڵیان، بێ لەبەرچاوگرتنی نیەت و مەبەستی ئەو کارە کە لە ئەنجامدانی کردەوەیەکی ترۆریستی دا کە تاکەکەسێک یان چەند کەس پلانیان بۆ داناوە دێتە دی.»

**مادەی (3)2:** «هەرکەسێک کە کاری ڕێکخستن، ڕێبەرایتی یان بەشداریی کردووە لە گرووپێکی ترۆریستی چەکدار دا کە کار دەکەن و پلان دەنن بۆ کاری ترۆریستی و هەروەها یارمەتی دەدەن و بەشداری دەکەن تێدا.»

**مادەی (8)2:** «ڕفاندن یان ڕێگرتن لە ئازادیی تاکەکان یان دەستبەسەرکردنیان بە نیەتی وەرگرتنی پارەی زۆرەملێ بۆ بەرژەوەندیی سیاسی، تایفەگەری، نەتەوەیی، ئایینی یان نژادی کە ئەم کارە هەڕەشە دروست دەکات بۆ ئاسایش و یەکیەتیی نیشتمانی وە پەرە دەدات بە ترۆریسم.»

## ئەو یاسا و هەمووارکردنەوانەی کە تەنیا لە هەرێمی کوردستان کاریان پێ دەکرێت

**یاسای هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی نێوخێزان:**

**مادەی یەک، سێیەم** «توندوتیژیی نێوخێزان: هەر کردەوە و قسەیەک یان هەڕەشەی کردنی ئەو کردەوە یان وتنی ئەو قسەیە لەسەر بنەمای ڕەگەزی لەنێو ئەو پەیوەندیە خێزانیانە دا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خوێن تا دەرەجەی چواری خزمایەتی دروست بوونە یان بەرانبەر بە هەرکەسێک کە بەپێی یاسا ئەندامی خێزانەکە یە، بە جۆرێک کە ڕەنگە ئەم کردەوەیە یان قسەیە زیانی جەستەیی، سێکسی و دەروونی بە کەسێک بگەیەنێت و بێبەشی بکات لە ئازادیەکانی.»

**مادەی دوو، یەکەم:** «هەرکەسێک کە گرێ دراوە بە پەیوەندیەکی خێزانیەوە، ڕێگەی پێ نادرێت کە توندوتیژیی نێوخێزان ئەنجام بدات لەوانە توندوتیژیی جەستەیی، سێکسی و دەروونی لەنێو خێزان دا. ئەم کردارانەی خوارەوە وەکوو نموونەی توندوتیژیی نێوخێزان هەژمار دەکرێن: 1. هاوسەرگیریی بەزۆر، 2. ژنبەژن یان هاوسەرگیریی منداڵ، 3. هاوسەرگیری بەجێگەی خوێنبەها 4. خەساندنی ژانن، 5. تەڵاقی بەزۆر، 6. بڕینی پەیوەندیی خزمایەتی و بێبەشکردنی ئەندامانی خێزان، 7. ناچارکردنی ژن بە لەشفرۆشی لەلایەن مێردەوە، 8. ناچارکردنی ئەندامانی خێزان بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی مەیلی خۆیان کار بکەن یان دەست لە کارەکەیان هەڵبگرن، 9. ناچارکردنی منداڵان بۆ ئەوەی کار یان سواڵکەری بکەن و دەست لە خوێندن هەڵبگرن، 10. خۆکوشتن لە ئاکامی توندوتیژیی نێوخێزان، 11. منداڵ لەبارچوون لە ئاکامی توندوتیژیی نێوخێزان، 12. لێدانی منداڵان و ئەندامانی خێزان بە هەر پاساوێت، 13. پەلاماردان، سووکایەتی پێ کردن و جنێودان بە ئەندامانی خێزان، وەکوو ژێردەست سەیرکردنیان، ئازارگەیاندن بە ئەوان، دانانی گوشاری دەروونی لەسەریان، پێشێلکردنی مافەکانیان و سێکسی بەزۆر لەنێوان ژن و مێرد دا.»

تێبینی:

- *سزاکانی نێو ئەم یاسایە زۆر زۆر کەمن (6 مانگ هەتا لانی زۆر 3 ساڵ).*
- *هەرچەند چاوەڕوان دەکرێت دادگایەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە هەبێت، هێشتا هیچ ڕێسایەکی کاری، بەڵگە، دادوەر و کارمەندی پسپۆڕ و تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دابین نەکراوە.*

| |
|---|
| - *یاسا تەئکید دەکاتە سەر گرنگیی نێوبژیوانی و ئاشتکردنەوە، کە کاریگەریکەی بەهێز لەسەر کارەکان دادەنێت و لە زۆر حاڵەت دا دەتوانێ ببێتە هۆی زیانگەیشتنی زۆرتر بە قوربانی.*[35] |
| **یاسای تایبەت بە هاوسەرگیریی بەزۆر لە هەرێمی کوردستان، دەبێتە هۆی هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی: مادەی 6:** «بایەخی پاراگرافەکانی 1 و 2 لە مادەی 9ی یاساکە دەبێ هەڵسپێردرێت و ئەمەی خوارەوە بخرێتە جێی:<br>1. هیچ کەسوکارێک یان بێگانەیەک مافی ئەوەی نیە کەسێکی نێرینە یان مێیینە ناچار بکات بێ ڕەزامەندیی خۆی هاوسەرگیریی بکات. ئەگەر دوو کەسەکە بە کردەوە نەبووبێتنە ژن و مێرد (واتە جووت نەبووبێتن)، گرێبەستی هاوسەرگیریی بەزۆر بەتاڵە. تەنانەت ئەگەر بووبێتنە ژن و مێردیش، گرێبەستی هاوسەرگیری دەبێ هەڵسپێردرێت. هەروەها، ئەگەر بەپێی مادەکانی ئەم یاسای هاوسەرگیریە دوو کەس شیاوی ئەوە بن پێکەوە هاوسەرگیری بکەن هیچ خزمێک یان کەسێکی تر مافی ئەوەی نیە ڕێگەیان لێ بگرێت.<br>2. خزمێکی دەرەجە یەک کە مەرجەکانی پاراگرافی 1ی ئەم مادەیە پێشێل دەکات، بە دوو تا پێنج ساڵ زیندان سزا دەدرێت [لانیکەم دوو ساڵ و لانی زۆر پێنج ساڵ]. ئەگەر ئەو کەسەی کە ئەم مادە یاساییە پێشێل دەکات خزمی دەرەجە یەک نەبێت، بە زیندانیکردن سزا دەدرێت و ماوەی زیندان دەکرێ لە لانیکەم سێ ساڵ هەتا لانیزۆر دە ساڵ بێت/». |

## یاسای عێراقی - جۆرەکانی بەرپرسیارەتی

جۆرەکانی بەرپرسیارەتیی تاوان لە یاسای عێراقی دا دەبێ بەراورد بکرێت لەگەڵ جۆرەکانی بەرپرسیارەتی کە لە یاسانامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دا دیاری کراوە: IP2، بەشی 4، خانەی 7 (لاپەڕەی 54).

بەرپرسیارەتی تاوانی تاکەکەس لە یاسای سزادانی عێراقی دا

| **پێکهاتە سەرەکیەکانی بەرپرسیارەتیی تاوان لە یاسای عێراقی دا** |
|---|
| دوو لایەنی سەرەکی لە بەرپرسیارەتیی تاکەکەسی بۆ تاوان هەیە: (1) کردار یان نەکرداری کەسەکە لە پەیوەند لەگەڵ تاوانەکە (*کە ناسراوە بە actus reus*) و (2) زانیاری یا نیەتی ئەو لە پەیوەند لەگەڵ کردارەکانی یان نەکردارەکانی یان تاوانەکە (*کە ناسراوە بە mens rea*). |
| کردار:<br>ڕەنگە کردارێک یان نەکردارێک بێت لەلایەن کەسی تۆمەتبارەوە. یاسای سزادان، مادەی 19(4).<br>پێکهاتەی فیزیکیی تاوان بریتیە لە ئەو ڕەفتارە تاوانکارانە کە لە کاتی ئەنجامدانی کردارێکی تاوان دا دەکرێت بەو شێوەی کە لە یاساکە دا دیاری کراوە یان ئەنجامنەدانی کردارێک بەو شێوەی کە لە یاساکە دا دیاری کراوە. یاسای سزادان، مادەی 28.<br>مرۆڤ بەپرسیار نابێت لە تاوانێک کە ئاکامی ڕەفتاری تاوانکارانەی ئەو نەبێت بەڵام بەرپرسیار دەبێت لێی ئەگەر، لەگەڵ ڕەفتاری تاوانکارانەی ئەو دا، هۆکارێکی پێشووتر، هاوکات یان دواتر، ڕۆڵی هەبێت لە ئەنجامدانی تاوانەکە دا، تەنانەت ئەگەر مرۆڤەکە ئاگادار نەبێت لە بوونی ئەو هۆکارە. بەڵام، ئەگەر ئەو هۆکارە بە تەنیا خۆی بەس بێت بۆ بەدیهاتنی دەرەنجامی تاوانەکە، ئەوا لەم حاڵەتە دا کەسی تاوانبار تەنیا بەپرسیارە لە ئەو کردارەی کە خۆی کردوویەتی. یاسای سزادان، مادەی 29. |
| نیەت:<br>یاسای سزادان، مادەی 33 - (1) نەیتی تاوانکارانە واتە نیەت بۆ ئەنجامدانی کارێکی تاوانکارانە لە مێشکی تاوانبار دا بووە و ویستوویە ئەو دەرەنجامی تاوانە کە ڕووی داوە یان هەر دەرەنجامێکی تاوانکارانەی تر بە دی بهێنت.<br>(2) نیەت ڕەنگە سادە یان بیرلێکراو بێت.<br>(3) بیرلێکردنەوە واتە هزرینی جددی لەبارەی ئەنجامدانی تاوانێک بەرلەوەی ئەنجام بدرێت و بەتەواوی جیاوازە لە تووڕەبوونی لەناکاو یان تێکچوونی بیروهۆش.<br>(4) بۆ سەلماندنی ئەوەی کە تاوانبار بیری لە تاوانەکە کردووەتەوە، دەتوانین ئەوە لێک بدەینەوە کە ئایا ئامانجی تاوانبار کەسێکی تایبەت بووە یان بەس کەسێک کە بینیویە یان چاوی پێی کەوتووە یان نیەتی تاوانبار وابەستە بووە بە ڕوودانی شتێک یان پێشهاتنی بارودۆخێک.<br>یاسای سزادان، مادەی 34 - ئەگەر تاوانبار نیەتی تاوانکارانەی هەبووبێت، تاوانەکە بیرلێکراو بووە. کەوایە، تاوانەکە وەکوو بیرلێکراو هەژمار دەکرێت ئەگەر:<br>(1) ئەگەر یاسا یان ڕێکەوتنێکی ئیلزامی لەگەڵ کەسێک ئەو تاوانەی قەدەخە کردبێت بەڵام کەسەکە پابەند نەبێت بەو یاسایە یان ڕێکەوتنە، و نیەتی ئەوە بێت کە تاوانێک بکات کە ڕاستەوخۆ لە ئاکامی ئەم پابەندنەبوونە ڕوو دەدات.<br>(2) ئەگەر تاوانبار دەرەنجامی تاوانکارانەی کردارەکەی خۆی پێشبینی بکات و بە قەبووڵکردنی مەترسی ئەنجامدانی، هەوڵ بدات کە ئەنجامی بدات.<br>یاسای سزادان، مادەی 35 - تاوانەکە وەکوو بیرلێکراو هەژمار ناکرێت ئەگەر دەرەنجامی تاوانکارانەی لە ئاکامی هەڵەیەک لەلایەن تاوانبارەوە ڕوو بدات، ئیتر ئەو هەڵەیە بە هۆی کەمتەرخەمی، کەمبیروهۆشی، وریانەبوون یان لەبەرچاونەگرتنی هەرجۆرە یاس و ڕێسا و ڕێنوێنیەک بووبێت یان نەبووبێت. |

[35] *ئەمە ببینە* Heartland Alliance (2011) *توندوتیژیی ڕێکخراو دژی ژنان و کچان: یاسا و عورف لە عێراق*، لاپەڕەی https://www.heartlandalliance.org/international/wp-content/uploads/sites/15/2017/02/Institutionalized-Violence-Against-Women-and-Girls-in-Iraq-Laws-and-Practices-January-2011.pdf

ئەو کەسانەی کە بەڵگە کۆ دەکەنەوە پێویستە دڵنیا بن کە بەڵگەی کافی کۆ دەکەنەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان کەسی گومانلێکراو یان تۆمەتبار و تاوانەکە نیشان بدەن. جۆرە سەرەکیەکانی بەرپرسیارەتیی تاوانی تاکەکەسی لە یاسای عێراقی دا ئەمانەی خوارەوەن:

**جۆرەکانی بەرپرسیارەتی: یاسای سزادانی عێراق**

| جۆری بەرپرسیارەتی | مادەی یاسای سزادان | وردەکاری |
|---|---|---|
| تاوانباری سەرەکی | مادەی 47 | (1) هەرکەسێک کە خۆی بە تەنیا یان لەگەڵ کەسانی تر تاوانێک دەکات.<br>(2) هەرکەسێک کە بەشداری دەکات لە ئەنجامدانی تاوانێک دا کە پێک هاتووە لە چەند کردارێک و ئەنقەست لە ماوەی ئەنجامدانی تاوانەکە دا یەکێک لەو کردارانە دەکات.<br>(3) کەسێک کە بە هەر شێوەیەک هانی یەکێکی تر دەدات بۆ کردنی کردارێک کە کۆمەک دەکات بە ئەنجامدانی تاوانێت، ئەگەر ئەو کەسە بە هیچ شێوەیەک بەرپرسیاری جینایی تاوانەکە نەبێت. |
| تاوانباری سەرەکی – یارمەتیدەری تاوان لە تاوانەکە دا یان لە هەر کردارێک دا کە کۆمەک دەکات بە ئەنجامدانی تاوانەکە ئامادە یە | مادەی 49 | ئەگەر ئەو ئامادە بێت لە ماوەی ئەنجامدانی تاوانەکە یان ئەنجامدانی هەر کردارێک کە کۆمەک دەکات بە ڕوودانی تاوانەکە. |
| تێزەدان – بەرپرسیارەتیی یارمەتیدەری تاوان | مادەی 48(1) | هانی یەکێکی تر دەدات. |
| پیلانگێڕی – بەرپرسیارەتیی یارمەتیدەری تاوان | مادەی 48(2) | لەگەڵ **<u>کەسانی</u>** تر پیلانگێڕی دەکات (یانێ لانیکەم دوو کەسی تر بەشدارن). هەروەها مادەی 55 و 65 تاوانی پیلانگێڕی (کە تەنیا پێویستی بە بوونی یەک کەسی تر هەیە) بخوێنەوە. |
| یارمەتیدان و هاودەستیکردن – بەرپرسیارەتیی یارمەتیدەری تاوان | مادەی 48(3) | ئاگاهانە چەک یان ئامێر یان هەر شتێکی تر دەدات بە تاوانباری سەرەکیی تاوانێک بۆ ئەوەی تاوانێک ئەنجام بدات یان ئەنقەست بە هەر شێوەیەکی تر یارمەتیی ئەو دەدات بۆ ئەوەی ئەو کردارانە بکات کە بۆ کردنیان یارمەتی وەرگرتووە. |
| هەوڵدان | مادەی 30 | ئەمە یانێ دەستپێکردنی کردارێک بە نیەتی ئەنجامدانی تاوانێکی گەورە یان تاوانێکی بچووک کە پووچەڵ دەکرێتەوە یان ڕێگری لێ دەکرێت لەبەر هۆکارگەلێک کە پەیوەندییان بە نیەتی کەسی تۆمەتبارەوە نیە.<br><br>هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی تاوانێک بریتیە لە هەموو ئەو کردارانەی کە مومکین نیە ئەنجام بدرێن و هەوڵی ئەنجامدانیان دەدرێت بە نیەتی کردنی تاوانێکی گەورە یان تاوانێکی بچووک، چ لەبەر هۆکارێک بێت یان نەبێت کە پەیوەندیی هەیە بە ئۆبجێکتی تاوانەکە یان ئەو کەرەستانەی کە تاوانەکەیان پێ دەکرێت، بە مەرجێک تاوانکار بەهۆی خراپ تێگەیشتن یان نەزانیی تەواو وا بیر نەکاتەوە کە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە بگات بە ئامانجی تاوانەکە. نیەتی ئەنجامدانی تاوانێک یان ئامادەکاری کردن بۆ ئەم مەبەستە بە تەنیا خۆی وەکوو هەوڵدان هەژمار ناکرێت مەگەر یاسای بە جۆرێکی تر دیاری کردبێت. |

**مادەکانی تر:**

**مادەی 50** – (1) هەرکەسێک کە وەکوو تاوانکاری سەرەکی یان یارمەتیدەری تاوان لە ئەنجامدانی تاوانێک دا بەشداری دەکات بەو سزایەی کە بۆ ئەو تاوانە دیاری کراوە سزا دەدرێت، مەگەر یاسای بە جۆرێکی تر دیاری کردبێت.

(2) یارمەتیدەری تاوان بەو سزایەی کە یاسا دیاری کردووە سزا دەدرێت، تەنانەت ئەگەر ئیمکانی سزادانی تاوانکاری سەرەکی نەبێت بەهۆی نەبوونی نیەتی تاوانکارانە لەلایەن ئەوەوە یان بەهۆی هەر بارودۆخێکی تر کە پەیوەندیی بە ئەوەوە هەبێت.

**مادەی 51** – هەندێ بارودۆخی گرنگ لە تاوان دا هەن کە بەپێی سروشتیان دەبنە هۆی زۆرتربوون یان کەمتربوونی سزا، و لەبەر ئەمە کاریگەری دادەنن لەسەر هەموو کەسانی بەشداربوو لە تاوانەکە، تاوانکاری سەرەکی یان یارمەتیدەری تاوان، چ ئەوان ئاگایان لەو بارودۆخە هەبێت چ نەیانبێت. ئەگەر هەندێ بارودۆخی شەخسیی سخت ببنە هۆی ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە، ئەو بارودۆخە لەسەر هیچ کەسێک غەیری کەسی پەیوەندیدار کاریگەر نابن، مەگەر کەسەکەی تریش ئاگادار بووبێت لە بوونی ئەو بارودۆخە. هیچ بارودۆخێکی تر کاریگەری دانانێت لەسەر کەسی پەیوەندیدار، چ بارودۆخەکە سەخت بێت چ ئاسان.

**مادەی 52** – ئەگەر هەر بەرگریەکی شەخسی هەبێت کە یەکێک لە لایەنەکانی تاوانەکە، واتە تاوانکاری سەرەکی یان یارمەتیدەری تاوان، ئازاد بکات لە سزای تاوانەکە یان سزاکە کەم بکاتەوە، ئەو بەرگریە تەنیا لەسر کەسی پەیوەندیدار کاریگەری دادەنێت. هەر بەرگریەکی گرنگ کە ببێتە هۆی ئازادکردنی لایەنێک لە سزای تاوانەکە یان سزاکە کەم بکاتەوە، هەموو لایەنەکانی بەشداربوو لە تاوانەکە دەگرێتەوە.

**مادەی 53** - هەر لایەنێکی تاوانەکە، چ تاوانکاری سەرەکی بێت یان یارمەتیدەری تاوان، تەنیا بە سزای دیاریکراو بۆ ئەو تاوانەی کە بەڕاستی ئەنجام دراوە سزا دەدرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو نیەتی ئەنجامدانی تاوانەکەی نەبووبێت، بە مەرجێک ئەو تاوانەی کە کراوە مومکین بێت دەرەنجامی بەشداریکردنی ئەو لە تاوانەکە بێت.

**مادەی 54** – ئەگەر نیەت یان زانیاریی لایەنێکی تاوانەکە، تاوانکاری سەرەکی یان یارمەتیدەری تاوان، دەربارەی تاوانەکە جیاواز بێت لە نیەت یان ئاستی زانیاریی لایەنەکەی تر لەبارەی تاوانەکە، هەریەک لەوانە بەپێی نیەت و ئاستی زانیاریی لەبارەی تاوانەکە سزا دەدرێت.

بەپێی یاسای ترۆریسمی 2005

| | | |
|---|---|---|
| ئەنجامدان | مادەی (1)4 | هەرکەسێک کە، وەکوو ئەنجامدەری سەرەکی یان بەشداربوو، هەریەک لەو کارە تیرۆریستیانەی ئەنجام داوە کە لە مادەی دوو و سێی ئەم یاسایە دا ناو براون. سزای مەرگ. |
| تێزەدان | مادەی (1)4 | سزای مەرگ. |
| پلاندانان | مادەی (1)4 | سزای مەرگ. |
| دابینکردنی پارە | مادەی (1)4 | سزای مەرگ. |
| یارمەتیدان | مادەی (1)4 | سزای مەرگ. |
| یارمەتیدان و هاودەستیکردنی دواتر | مادەی (2)4 | هەرکەسێک کە ئەنقەست هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی دەشارێتەوە یان پەنا دەدات بە تیرۆریستێک بە مەبەستی شاردنەوەی. سزای زیندانی هەتاهەتایی. |

سەرەرای ئەم جۆرە تاکەکەسیانەی بەرپرسیارەتیی تاوان، هەندێ تاوانی جوداش هەین کە پەیوەندییان هەیە بە تاوانی ئەسڵی، بۆ نموونە، پیلانگێری (خانەی خوارەوە ببینە) و یارمەتینەدانی قوربانیی تاوانێک: *«هەرکەسێک کە، بێ پاساو، خۆی بدزێتەوە یان دوودڵی بکات لە یارمەتیدانی قوربانیی کارەساتێک یان تاوانێک.» یاسای سزادان، مادەی (2)370 (سزای بچووک).*

| پیلانگێری |
|---|
| پیلانگێری بۆ ئەنجامدانی تاوانێک خۆی بە تەنیا تاوانێکی جیایە. **یاسای سزادان، مادەی 55 تا 59** |
| • **«پیلانگێریی تاوانکارانە»** = ڕێکەوتن لەنێوان دوو یان چەند کەس بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی گەورە... چ تاوانێکی دیاریکراو بێت یان نەبێت چ ئاکامی کردارگەلێک بێت کە یارمەتیی ئەنجامدانیان دەدرێت و ... تاوانێکی بچووک کە هانی ئەنجامدانی درابێت، هەرچەند ئەو ڕێکەوتنە لە قۆناخە سەرەتاییەکانی پلاندانانی دا بێت یان تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت کرابێت. ئەم ڕێکەوتنە وەکوو ڕێکەوتنێکی تاوانکارانە هەژمار دەکرێت چ ئامانجی کۆتایی ئەوە بێت کە تاوانێت بکرێت، یان ئەوەی کە بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە بگەن بە مەبەستێکی قانوونی و ڕەوا. |
| • **جۆرەکانی بەرپرسیارەتی بۆ پیلانگێری:** (1) هەرکەسێکی بەشدار لە پیلانگێریی تاوانکارانە، تەنانەت ئەگەر هەوڵیشی نەدابێت ئەو تاوانە بکات کە پلانیان بۆی داناوە، (2) هەرکەسێک کە هەوڵ دەدات پیلانێکی تاوانکارانە دابڕێژێت یان دەورێکی سەرەکیی تێدا هەیە، (3) هەرکەسێک کە یارمەتی دەدات بە کەسی پیلانگێر یان ئاسانکاری دەکات بۆ کۆبوونەوەی گرووپێک لە پیلانگێرەکان یان سەرپەنایان بۆ دابین دەکات یان بە هەر شێوەیەک یارمەتییان دەدات لە حاڵێک دا کە ئامانجی پیلانگێریەکە دەزانێت. |
| • **بەرگری:** خێرا دەسەڵاتدارانی ئاگادار کردبێتەوە لە بوونی پیلانگێریەکی تاوانکارانە و بەشداربووەکانی پێش ئەوەی کە هیچ جۆرە تاوانێک لە ئاکامی ئەو پیلانگێریە دا بکرێت و بەرلەوەی دەسەڵاتداران دەستیان کردبێت بە لێکۆڵینەوە لەبارەی تاوانکارەکان. ئەگەر دەسەڵاتداران دوای ئەوەی کە دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە ئاگادار بکرێنەوە، ئەو کەسە نابەخشرێت لە سزادان مەگەر زانیاریەکانی ببێتە هۆی دەستگیرکردنی پیلانگێرەکان. |

**تێبینی:** ئەو جیاوازیە گەورانەی کە لەنێوان یاسای ناوخۆی عێراق و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی دا هەیە پەیوەندییان بە حاڵەتەکانی ڕێبەرایەتیەوە هەیە – بۆ فەرماندان و دەستووردان یان بەرپرسیارەتیی سەرپەل و باڵادەست. ئەو چالاکوانانەی کە لە عێراق کار دەکەن ڕەنگە ناچار بن بیر لە بەکارهێنانی تاوانەکانی «تێزەدان»، ئەنجامدانی تاوان (لەگەڵ کەسانی تر) یان پیلانگێری بکەنەوە، لە کاتی هەڵگرتنی هەنگاوی یاسایی بەرپرسیارەتیی تاوان دژی ئەو کەسانەی کە پلە و پێگەی ڕێبەرایەتی دا ن و ڕەنگە لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە نەبووبێتن، لەوانە هەر فەرماندەیەکی (سەربازی) یان سەرپەلێکی (غەیرەسەربازی، بۆ نموونە، مەدەنی).

بەرگری لە خۆ لە چوارچێوەی یاسای سزادانی عێراقی دا (کە بەگشتی لەو بەرگریانە ناچێت کە لە یاسای نێودەوڵەتی دا بە وردی دیاری کراون):

| ئەو بەرگریانەی کە لە یاسای عێراقی دا هەن | | |
|---|---|---|
| *بەرگری و مادەی یاسایی* | *پێکهاتەکان* | *تێبینیەکان* |
| **هاوسەرگیری کردن لەگەڵ قوربانی:** یاسای سزادانم مادەی 398 | ئەگەر ئەو تاوانبارەی کە لەم بەشە دا باس کراوە دواتر بە شێوەی یاسایی لەگەڵ قوربانی هاوسەرگیری بکات، هەموو هەنگاوە یاساییەکان دژی ئەو بەتاڵ دەبنەوە و هەرجۆرە لێکۆڵینەوە یان پرۆسەی یاسایی دژی ئەو کۆتایی پێ دەهێنرێت و، ئەگەر پێشتر بۆ کرداری ئەو سزایەک بڕدرابێتەوە، هەڵدەوەشێنرێتەوە. ئەگەر لە ماوەی 3 ساڵ دوای ڕاگرتنی هەنگاوە یاساییەکان دژی تاوانبار، بەپێی باروودۆخ، مێردەکە بێ هیچ پاساوێکی یاسایی ژنەکەی تەڵاق بدات یان لەبەر کردار یان ڕەفتاری خراپی مێردەکە دادگا فەرمانی تەڵاق دەربکات، هەنگاوە یاساییەکان دژی ئەوە دەست پێ دەکەنەوە یان ئەو سزایە کە بەرلە زیواج بۆی بڕدرابووەوە دووبارە چالاک دەکرێتەوە. | لە یاسای نێودەوڵەتی دا ڕێگە بەم چەشنە بەرگریە نادرێت. |
| **بەکارهێنانی مافێکی یاسایی:** یاسای سزادان، مادەی 39 و 40 | ئەگەر کردارەکە لە کاتی بەکارهێنانی مافێکی یاسایی دا ئەنجام درابێت هیچ تاوانێک ڕووی نەداوە. ئەم حاڵەتانەی خوارەوە وەکوو بەکارهێنانی مافی یاسایی هەژمار دەکرێن: | ئەمە پێگە و باروودۆخی ئافرەت یان ژن وەکوو هاوسەر لە کۆمەڵگای عێراق دا نیشان دەدات. |

| | | |
|---|---|---|
| | (1) تەمێکردنی ژن لەلایەن پیاوەوە، ئەدەبکردنی منداڵێک لەلایەن باوک و دایک و مامۆستای منداڵەکەوە کە لەژێر دەسەڵاتیان دایە، لە چوارچێوەی هەندێ سنوور دا کە بەپێی یاسا یان عورف دیاری دەکرێت.<br>(4) هەرجۆرە توندوتیژی دژی کەسێک کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانێکی گەورە یان بچووک دا دەسگیر دەکرێت ئەگەر توندوتیژی بۆ گرتنی ئەو بە کار هێنرابێت. | هیچ ئاماژەیەک بە بەکارهێنانی هێز لەلایەن بەرپرسی حکومی، ڕێساکان و تەناسوبی نێوان شتەکان نەکراوە. |
| **ئەرکە گشتیەکان:** یاسای سزادان، مادەی 39 و 40 | **مادەی 39** – ئەگەر کردارەکە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکێکی دیاریکراو لە یاساکە دا ڕوو بدات، تاوان نیە.<br>**مادەی 40** – ئەگەر کردارەکە لەلایەن بەرپرسێک یان کارمەندێکی حکومیەوە لە یەکێک لەم بارودۆخانەی خوارەوە دا ڕوو بدات تاوان نیە:<br>(1) ئەگەر ئەو بە نیازپاکی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی یاسایی خۆی کردارەکە بکات یان ئەگەر پێیوابێت کە دەسەڵاتی یاسایی ئەوەی هەیە کە ئەو کردارە بکات.<br>(2) ئەگەر ئەو کردارەکە بکات بە فەرمانی کەسێکی سەرتر لە خۆی کە دەبێ گوێڕایەڵی بێت یان پێیوایە دەبێ گوێ ڕایەڵی بێت. لەم بارودۆخانە دا دەبێ بسەلمێنرێت کە باوەڕی تاوانبار بە یاساییبوونی کردارەکەی لەگەڵ عەقڵ دەگونجێت و ئەو تەنیا دوای هۆشیاری و پارێزی پێویست کردارەکەی کردووە. هەروەها، هیچ سزایەک بۆ حاڵەتی دووەم نیە ئەگەر یاساکە دەرفەتی ئەوە نەدات بە بەرپرسە حکومیەکە کە پرسیار بکات لەبارەی ئەو فەرمانەی کە پێی دراوە. | |
| **بەرگری لە خۆ:** یاسای سزادان، مادەی 43 و 45 و 46 | **مادەی 43** – مافی بەرگری لە خۆ کردن بە شێوەی یاسایی ڕێگە نادات کەسێک ئەنقەست بکوژرێت مەگەر بۆ خۆدوورخستنەوە یان خۆرزگارکردن لە یەکێک لەم بارودۆخانەی خوارەوە بێت:<br>(1) کردارێک کە لە ئاکامی دا بە حکومی عەقڵ ترسی ئەوە هەیە کە مەرگ یان برینداربوونی جددی ڕوو بدات.<br>(2) لاقەکردن یان سێکسی کۆم لەگەڵ پیاوێک یان ژنێک بەپێچەوانەی ویستی خۆی.<br>(3) ڕفاندن.<br>**مادەی 45** – مافی بەرگریی یاسایی ڕێگە نادات کە زیاتر لە ڕادەی پێویست زیان بە کەسێک بگەیەنرێت و ئەگەر کەسی پەیوەندیدار سنوورەکانی ئەو مافە ببەزێنێت، ئەنقەست یان نائەنقەست، یان بە هەڵە پێیوابێت کە لە دۆخێک دا یە کە دەتوانێت بەرگری یاسایی لە خۆی بکات، ئەوا بەرپرسیار دەبێت لە ئەو تاوانەی کە کردوویەتی. لەم حاڵەتە دا، دادگا تەنیا ڕێگەی پێ دەدرێت کە سزای دیاریکراو بۆ تاوانی بچووک بسەپێنیت بۆ تاوانێکی گەورە و سزای دیاریکراو بۆ پێشێلکاریی توند بسەپێنیت بۆ تاوانێکی بچووک.<br>**مادەی 46** – مافی بەرگریی یاسایی ڕێگە نادات بە هیچ کەسێک کە لە بەرانبەر ئەندامێکی دەسەڵاتی حکوومی دا کە خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیەتی خۆڕاگری بکات تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە سنوورەکانی ئەرکی خۆی ببەزێنێت لە حاڵێک دا کە بە نیازپاکی کار دەکات، مەگەر بە حوکمی عەقڵ ترسی ئەوە هەبێت کە لە ئاکامی کرداری ئەو دا مەرگ یان برینداربوونی جددی ڕوو بدات. | |
| **شێتی، لەدەستدانی ژیری یان ئیرادە:** یاسای سزادان، مادەی 60 و 61 | **لەدەستدانی ژیری یان ئیرادە**<br>**مادەی 60** – هەرکەسێک کە لە کاتی ئەنجامدانی تاوان دا ژیری یان ئیرادەی لە دەست دابێت بەهۆی شێتی یان تێکچوونی هزر یان لەدەستدانی بیروهۆش لە ئاکامی بەکارهێنانی مادەیەکی مەستکەر یان هۆشبەر کە بەپێچەوانەی خواستی خۆی پێی دراوە یان نەیزانیوە کە چیە، یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر کە ببێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ باوەڕ بکات ئەو ژیری یان ئیرادەی لە دەست داوە، ئیتر ئەو بەرپرسیار نیە لە تاوانەکە. بەڵام، ئەگەر ئەو تووشی تێکچوونی هزر نەبووبێت یان لە ژێر کاریگەریی هیچ مادەیەکی مەستکەر یان هۆشبەر یان مادەی تر نەبووبێت بەڵکوو تەنیا لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە دا تۆشی ناتەواویەکی ژیری یان ئیرادە بووبێت، ئەوا دەبێتە هۆی کەمکردنەوە لە سزاکەی. *[مەگەر خۆی مادەی مەستکەر یان هۆشبەری بە کار هێنابێت.]* | |
| **ناچاربوون:** یاسای سزادان، مادەی62 | هەرکەسێک کە بە زۆر یان لەژێر هەڕەشە دا ناچار بکرێت تاوانێک بکات بە جۆرێک نەتوانێت خۆڕاگری بکات، بەرپرس نیە لە تاوانەکە. | |
| **پێویستبوون:** یاسای سزادان، مادەی 63 | ئەگەر کەسێک تاوانێک بکات بێ ئەوەی پێویست بێت بۆ پاراستنی خۆی یان کەسانی تر یان مڵک و مالی یان مڵک و ماڵی کەسانی تر لە مەترسیەکی گەورە یان نزیک و خۆی ئەنقەست ئەو مەترسیەی دروست | |

| | | |
|---|---|---|
| | نەکردبێت و نەتوانێت بە هیچ ڕێگەیەکی تر ڕێگری لێ بکات، بەرپرسیار نیە لە تاوانەکە، بە مەرجێک ئەو کردارەی کە بووەتە هۆی ڕوودانی تاوانەکە بگونجێت لەگەڵ ئەو مەترسیەی کە خۆی لێ پاراستووە.<br>هەرکەسێک کە یاسا لەسەری فەرزی کردبێت کە بەرەنگاری ئەو مەترسیە ببێتەوە، وەها هەژمار ناکرێت کە لە ڕووی پێویستی ئەو کردارەی کردووە. | |
| **تەمەن – ژێر 9 ساڵ لە کاتی ڕوودانی تاوانەکە دا:** یاسای سزادان، مادەی 64 و 65 | ناکرێت لێپێچینەوەی یاسایی بکرێت لە کەسێک کە تەمەنی لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکە دا ژێر 9 ساڵە. (بە مادەی (1)47 و 108ی یاسای خۆشگوزەرانیی منداڵان ژمارە 76ی 1983، ئاستی تەمەن بەرز کرایەوە بۆ 9 ساڵ).<br><br>**مادەی 65** – تەمەنی هەرکەسێک دەبێت بە شێوەی ڕەسمی تۆمار بکرێت بەڵام لێکۆڵەری سەرەکی یان دادگا ڕەنگە تۆماری ڕەسمی لە بەرچاو نەگرێت ئەگەر لەگەڵ ڕواڵەتی منداڵەکە نەگوجێت. هەروەها، ڕەنگە بینرێت بۆ پشکنینی پزیشکی بۆ ئەوەی بە کەرەستەی تیشکاوێژ، تاقیگەیی یان کەرەستەی زانستیی دیکە تەمەنی دیاری بکەن. | |
| ئەو تاوانانەی دژی ژنان کە سزاکەیان کەم دەکرێتەوە | | |
| **بیانووی کەمکەرەوەی سزا:** یاسای سزادان، مادەی 128 | 1) بیانووسی یاسایی یان کەسێک لە سزادان ڕزگار دەکات یان سزاکەی کەم دەکاتەوە. بیانووەکان تەنیا لەو بارودۆخانە دا کە یاسا دیاری کردوون بوونیان هەیە. سەرەڕای ئەم بارودۆخە، ئەنجامدانی تاوان بە نیەتی پاراستنی نامووس و ئابڕوو یان لە وەڵامی تێزەدانی بێپاساو و جددی لەلایەن قوربانیەوە، دەبێتە بیانوویەک بۆ کەمکردنەوەی سزا.<br>2) دادگا دەبێ لە بڕیارەکەی دا دیاری بکات کە بەپێی کام بیانوو کەسەکە دەبەخشێت لە سزادان. | بە کار دەهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی سزا لە کوشتنی ناموسی دا (بەڵام لە هەرێمی کوردستان وەها نیە). |
| کوشتنی زیناکاران: یاسای سزادان، مادەی 409 | هەرکەسێک کە هاوسەرە ژنەکەی لە کاتی ئەنجامدانی زینا بگرێت یان دۆستە کچەکەی لەنێو جێ دا لەگەڵ دڵدارەکەی بگرێت و دەستبەجێ ئەوان یان یەکێکیان بکوژێت یان هێرش بکاتە سەر یەکێکیان بە جۆرێک کە ئەو بمرێت یان بۆ هەمیشە کەمئەندام ببێت، بە لانی زۆر 3 ساڵ زیندان سزا دەدرێت. ڕێگە نادرێت لە مافی بەرگریی یاسایی کەڵک وەربگیردرێت دژی هەرکەسێک کە ئەم بیانووە بە کار دەهێنێت، و هەروەها ڕێساکانی «بارودۆخی سەخت» دژی ئەو بە کار ناهێنرێن. | تێبینی: بەکارهێنانی زمانی ڕەگەزی لەم تێکستە دا بە ڕوونی پێمان دەڵێت کە ئەم مادەیە تاوانکارانی مێینە ناگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە دەستەواژەی «هەرکەسێک» بە کار هێنراوە.<br>هەروەها ڕوون نیە کە واتا و پێناسەی «زینا» چیە. ئایا ئەنجامدانی کرداری سێکسی بێ ڕەزامەندی لەگەڵ هاوسەریش دەگرێتەوە؟ |
| **بێئاگابوون لە بارودۆخی سەخت:** یاسای سزادان، مادەی 36 | ئەگەر تاوانبار نەزانێت بارودۆخێکی سەخت هەیە کە سروشتی تاوانەکە دەگۆڕێت، ئیتر ئەو بەرپرسیار نیە لە تاوانەکە و دەتوانێت لەو بیانووە سوود وەربگرێت هەرچەند نایشزانێ شتی وەها هەیە. | تێبینی: بەکارهێنانی زمانی ڕەگەزی، کە پێیوایە ئەنجامدەری تاوان هەمیشە لە ڕەگەزی نێرینە یە. |

## ج. سیناریۆ حەقیقیەکان

بە کەڵکوەرگرتن لە چەند نموونە لە CARSV لە عێراق کە لە بەشی 2 دا باس کراوە، ئەم خشتەی خوارەوە جۆرە جیاوازەکانی تاوان و ئەو تۆمەتانەی کە بەپێی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی و یاسای عێراقی ڕەنگە بخرێنە پاڵی تاوانبار نیشان دەدات. هەروەها ئەم خشتەیە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان دوو یاساکە دا نیشان دەدات.

| سیناریۆ حەقیقیەکان/ نیشاندەرەکان | تاوانەکانی جەنگ<br>لە بەستێنی ململانێی چەکداری دا یان لە پەیوەند لەگەڵ ململانێی چەکداری دا | | تاوان دژی مرۆڤایەتی<br>وەکوو بەشێک لە هێرشێکی بەربڵاو یان سیستەماتیک کە ئامانجی جەماوەرێکی مەدەنی بێت | | کۆمەڵکوژی<br>بە نیەتی لەناوبردنی هەموو یان بەشێک لە گرووپێکی تایبەت | یاسای عێراقی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | توندوتیژیی سێکسی | دیکە | توندوتیژیی سێکسی | دیکە | | توندوتیژیی سێکسی | دیکە |
| *قوربانیانی نێرینە ناچار دەکرێن بەسەر ئەوانی تر دا مشتە/دەسپەڕ بکەن (دەستبەسەر کرابوون وەکوو* | ئەگەر پەیوەندی بە ململانێی چەکداریەوە هەبێت، جۆرەکانی | ئەشکەنجە؟ سووکایەتی بە شکۆی شەخسی؟ | ئگەر بەشێک بێت لە هێرشی بەربڵاو یان سیستەماتیک بۆ سەر خەڵکی مەدەنی، | ئەشکەنجە؟ بەندکردنی نایاسایی؟ چەوساندنەوە ، | | مادەی 401 کرداری بێشەرمانە لە شوێنی گشتی دا؟ – تێزەدان بەڵام ئەمە خودی | مادەی 322 بەندکردنی نایاسایی لەلایەن بەرپرسانی حکوومیەوە؟ مادەی 325 کۆیلایەتی پێکردن لە لایەن بەرپرسانی حکوومیەوە؟ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| *هەنگاوێکی دژەسەرهەڵدان یان لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە).* | تری توندوتیژیی سێکسی؟ | | جۆرەکانی تری توندوتیژیی سێکسی؟ | کرداری نامرۆڤانەی تر؟ | | قوربانیش دەکاتە تاوانبار. | (سەیری شێوازی وتن بکەن) مادەی 332 ڕەفتاری بێبەزەییانە لەلایەن بەرپرسی حکوومیەوە؟ |
| *کچێکی 9 ساڵان ناچار دەکرێت شوو بکاتە شەڕکەرێکی داعش، کە لاقەی دەکات و پاشان دەیفرۆشێتە شەڕکەرێکی تر.* | لاقەکردن؟ کۆیلایەتیی سێکسی؟ جۆرەکانی تری تەندوتیژیی سێکسی؟ | سووکایەتی بە شکۆی شەخسی؟ ئەشکەنجە؟ | کۆیلایەتیی سێکسی؟ هاوسەرگیریی بەزۆر وەکوو کردارێکی نامرۆڤانە؟ لاقەکردن؟ | بەکۆیلەکردن ؟ چەوساندنەوە ؟ کرداری نامرۆڤانەی تر؟ ئەشکەنجە؟ | گەیاندنی زیانی جەستەیی یان دەروونیی جددی بە ئەندامانی گرووپەکە؟ | مادەی (1)383 دروستکردنی مەترسی بۆ منداڵێک؟ مادەی (1)393 بەهۆی تەمەن سزاکە قورستر دەبێت بەڵام لەگەڵی هاوسەرگیری دەکات – مادەی 398 یاسای حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی نێوخێزان مادەی 2؛ هاوسەرگیریی بەزۆر؟[36] | مادەی 421 ڕفاندن و بەندکردنی نایاسایی، کە پەلاماری سێکسی و سوودلێوەرگرتنی دارایی سزاکەی قورستر دەکات؟ مادەی 423 سزای ڕفاندنی ژنێکی ژێر 18 ساڵ قورسترە؟ یاسای ژمارە 28 (2012) بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە، کە هەندێ فاکتۆر وەکوو تەمەن، هاوسەربوون، ڕەگەز سزاکەی قورستر دەکاتەوە؟ یاسای ترۆریسم، مادەی 2 توندوتیژی، بەشداری لە باندی ترۆریستی و ڕفاندن؟ |
| *لە ماوەی کوشتاری سیستەماتیکی پیاوانێک کە بە باوەڕی ئەوان هاوڕەگەزخواز بوونە، میلیشیا پیاوێک دەڕفێنن و بە زۆر چەسپ دەکەن نێو کۆمی، کە دەبێتە هۆی مردنی.* | (بێ هیچ ململانێیەکی چەکداری) | | لاقەکردن؟ جۆرەکانی تری توندوتیژیی سێکسی؟ ئەشکەنجە؟ | ئەشکەنجە؟ کوشتنی ئەنقەست؟ بەندکردنی نایاسایی؟ چەوساندنەوە ؟ کرداری نامرۆڤانەی تر؟ | | مادەی 396 پەلاماری سێکسی؟ مادەی 400 کرداری بێشەرمانە بێ ڕەزامەندی؟ | مادەی 412 تا 415 پەلامار؟ مادەی 405 تا 406 کوشتنی ئەنقەست؟ مادەی 421 ڕفاندن و بەندکردنی نایاسایی – پەلاماری سێکسی سزاکەی قورس دەکاتەوە؟ ئەگەر بتوانێت بیسەلمێنێت کە تاوانکار بەرپرس یان کارمەندی حکوومی بووە، مادەی 322 و 333 ئەشکەنجە و ڕەفتاری بێبەزەییانە لەلایەن بەرپرس یان کارمەندی حکوومیەوە؟ |

## د. ڕێساکانی تایبەت بە پرۆسەی دادگایی و بەڵگە

ئەم بەشە باسی هەردووی یاسا و عورفی (زارەکی) لە عێراق دەکات. بەڵام، پێویستە ئەو ڕاستیە لە بەرچاو بگرین کە کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی لە دادگاکانی عێراق زۆر کەمن، بەهۆی ئەو بەدناویەی کە لەبارەی ئەم بابەتە هەیە، ئەوەی کە دەبێ قوربانی یان خێزانەکەی سکاڵا پێشکەش بکەن و ئەوەی کە خەڵک پێیان باشتر کە کێشەکە لەڕێگەی قەرەبووکردنەوە/ڕێکەوتنی نافەرمی بە یارمەتیی نێوبژیوان «چارەسەر بکرێت». هەروەها پەیداکردن و دەسگەیشتن بە تۆمارەکانی ئەم جۆرە کەیسانە لە دادگا کە نیشان دەدەن ئەم کەیسانە چۆن دادگایی دەکرێن، زۆر زەحمەتە.

1. ڕەزامەندی

🕔 هەرچەند لە یاسای سزادان دا چەمکی «بێ ڕەزامەندی» نووسراوە، هیچ ڕێنماییەک نیە لەبارەی چۆنیەتی پێناسەکردن یان تەفسیرکردنی ئەم چەمکە لە دادگا. لە یاسای سزادان دا هەروەها نووسراوە پەلاماری سێکسی «بێ ڕەزامەندی و بە

[36] لانیکەم لە هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی یاسای توندوتیژیی نێوخێزان دا، هاوسەرگیریی بەزۆر (وەکوو کەیسەکانی داعش) دەکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە و نایاسایی هەژمار بکرێت. هەرجۆرە توندوتیژیی سێکسی کە لە ماوەی هاوسەرگیریی بەزۆر دا ئەنجام بدرێت وەکوو توندوتیژیی نێوان ژن و مێرد سەیر ناکرێت.

بەکارهێنانی زۆر، هەڕەشە، خەڵەتاندن یان ئامرازەکانی تر» کە وا دەگەیەنێت ئەمانە تا ڕادەیەک جیاوازن و لە چەمکی «بێ ڕەزامەندی» دا ناگونجێن.

- چونکە سیستەمەکە وەها دانراوە کە دەبێ قوربانی سکاڵا پێشکەش بکات بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، پێویستە قوربانی ئامادە بێت و بتوانێت سەردانی پۆلیس بکات کە سکاڵا پێشکەش بکات. لە ئێستا دا ژمارەیەکی زۆر کەم لە کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی دەچنە دادگا، و لەڕاستیدا هیچیەک لەوان مەحکووم کردن و سزاندانی تۆمەتباری تاوانی سێکسیی لێ ناکەوێتەوە. کە وایە، بە کردەوە زانیاریی زۆر کەم هەیە بۆ ئەوەت بزانین ئەم چەمکە چۆن تەفسیر دەکرێت یان دادگا چۆن لەگەڵ بابەتی «ڕەزامەندی» مامەڵە دەکات.[37]
- دادوەرەکان لە هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاندووە کە بەڵگەی سەرەکی لە کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی دا ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەرییە – کە دەتوانێت ئەوە بگەیەنێت کە ئەوان بە دوای نیشانەی ڕەفتاری بەزۆر دا دەگەڕێن.[38]
- لە یاسای سزادان یان یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان دا هیچ ئاماژەیەک بە بارودۆخی ناچاری نەکراوە (IP2، خانەی 10، لاپەڕەی 59 بخوێنەوە). بەڵام، ڕەنگە پارێزەر لە دادگا بتوانێت دادگا ڕازی بکات کە لەمجۆرە بارودۆخانە دا ئەگەر هەبوونی ڕەزامەندی بەتاڵە.
- لە یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان دا هیچ ڕێسایەکی تایبەت بۆ کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی نیە، و هیچ سنوورێکی ڕاستەقینە نیە بۆ ئەو پرسیارانەی کە دەکرێ لە دادگا لە قوربانیەکان بپرسن، هەروەها هیچ ڕێسایەک لەبارەی ڕەزامەندی نیە.

## 2. ئیسباتکردن

- بەپێچەوانەی ئەو ڕوانگەی کە لە پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانی نێودەوڵەتی دا هەیە، لە عێراق، ئیسباتکردن پێویستە بێ هیچ جیاوازیکردنێ بۆ کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی. (شایانی دووپاتکردنەوە یە کە لە یاسای نێودەوڵەتی دا، ئیسباتکردنی بەڵگە بۆ تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسی وەکوو بابەتێکی یاسایی پێویست نیە، هەرچەند کۆکردنەوەی ئەم چەشنە بەڵگانە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و باشترین ڕێکارەکان دەتوانێت لە کۆتایی دا یارمەتیدەر بێت.)

| ئیسباتکردن لە چوارچێوەی یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان لە عێراق (و هەرێمی کوردستان) |
|---|
| **یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، مادەی 213 الف.:** «لە هەر کەیسێک دا دادگا لەسەر بنەمای ڕازیبوونی لەو بەڵگانەی کە لە هەر قۆناخێکی لێکۆڵینەوە یان دانیشتنی دادگا دا پێشکەش کراون بڕیار دەدات. بەڵگە بریتیە لە ڕاپۆرتی دانپێدانان، شایەتنامە، تۆماری نووسراوی لێکۆڵینەوە، ڕوونکردنەوە فەرمیەکانی تر، ڕاپۆرتی پسپۆڕان و تەکنیکزانان، زانیاریەکانی ڕابردوو و بەڵگە سەلمێنراوە یاساییەکانی تر. |
| ب. یەک دانە شایەتی کافی نیە بۆ حوکمدان ئەگەر بە زانیاریەکانی ڕابردوو یان بەڵگەی ڕازیکەری تر یان دانپێدانانی تۆمەتبار پشتراست نەکرێتەوە. حاڵەتی ئاوارتە بۆ ئەم حوکمە کاتێکە کە یاسا ڕێگەیەکی تایبەت بۆ سەلماندنی کەیس دیاری دەکات، کە دەبێ پەیڕەوی لێ بکرێت. |
| ج. دادگا تەنیا کاتێک دەتوانێت دانپێدانان قەبووڵ بکات کە لێی ڕازی بێت. |

## 3. هەڵسوکەوتی سێکسیی پێشتر و دواتر

- سنووری زۆر کەم دانراوە بۆ پرسیارکردن لە قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی. تەنانەت لە هەرێمی کوردستان، کە بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی نێوخێزان دادگای تایبەت دانراوە، هیچ ڕێکار و ڕێنماییەکی تایبەت یان تەنانەت دادوەر و کارمەندی دادگای بەتایبەت ڕاهێنراو بۆ ئەم مەبەستە نیە.

| بڕگە و مادەکانی نێو یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان لە عێراق لەسەر پرسیارکردن لە شایەتەکان |
|---|
| **قۆناخی دادوەری لێکۆڵینەوە**<br>یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، مادەی 64 «الف. بێ ئیزنی دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری دادوەری نابێ هیچ پرسیارێک لە شایەتەکان بکرێت و نابێت پرسیارێک کە پەیوەندیی بە کەیسەکەوە نیە یان سنووری کەسانی تر دەبەزێنێت، لە شایەت بکرێت. نابێ بە زمانی ئاشکراکەر یان تانەلێدان لەگەڵ شایەت قسە بکرێت و هیچ ئیشارە و ئاماژەیەک بەرانبەر بە ئەو نەکرێت کە ببێتە هۆی ترساندن، سەرلێشێواندن یان پەرێشانکردنی.<br>ب. نابێت ڕێگری بکرێت لە شایەتیدانی شایەت و هەروەها نابێت لە کاتی شایەتیدان دا قسەکانی لێ ببڕدرێت، مەگەر ناپێویست لەسەر بابەتگەڵێک بڕوات کە پەیوەندییان بە کەیسەکەوە نیە یان باسی شتگەڵێک بکات کە سنووری کەسانی تر ببەزێنێت، ئابرووی گشتی لەکەدار بکات یان زیان بە ئاسایش بگەیەنێت.» |
| **قۆناخی دادگاییکردن** |

---

[37] هەمە بخوێنەوە، Heartland Alliance، توندوتیژیی ڕێکخراو دژی ژنان و کچان: یاسا و عورف لە عێراق، 2011.
https://www.heartlandalliance.org/international/wp-content/uploads/sites/15/2017/02/Institutionalized-Violence-Against-Women-and-Girls-in-Iraq-Laws-and-Practices-January-2011.pdf

[38] پسپۆڕی UK PSVI، عێراق، تشرینی دووەمی 2016.

| |
|---|
| یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، مادەی 168 «الف. بەرلە شایەتیدان لە هەر شایەتێک داوا دەکرێت کە ناوی تەواو، پیشە، تەمەن، شوێنی کاکردن و جۆری خزمایەتی یان پەیوەندیی لەگەڵ لایەنەکانی کەیسەکە بڵێت. بەرلە شایەتیدان، پیویستە سوێند بخوات کە ڕاست دەڵێت و هیچ شتێک جگە لە ڕاست ناڵێت. ب. شایەت بە شێوەی زارەکی شایەتی دەدات و نابێت لە کاتی شایەتیدان دا قسەکانی ببڕدرێت. ئەگەر لەبەر کەمئەندامی نەتوانێت قسە بکات، دادگا ڕێگەی پێ دەدات کە شایەتیەکەی بنووسێت. دوای تەواوبوونی شایەتیدان، دادگا دەتوانێت هەر پرسیارێک بکات بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان.» داواکاری گشتی، سکاڵاکەر، سکاڵاکەری مەدەنی، بەرپرسی مەدەنی و کەسی تۆمەتبار دەتوانن لەبارەی شایەتیەکە قسە بکەن و پرسیار بکەن و داوای ڕوونکردنەوە بکەن بۆ ئەوەی ڕاستیەکان دەربکەون. |

- به لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەدەستدانی «کچێنی» وەکوو بارودۆخێکی دژوارکەر هەژمار دەکرێت، لە یاسای عێراقی دا پرسیارکردن لەبارەی هەڵسوکەوتی سێکسی لە ڕابردوو لە زۆربەی کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی دا پەیوەندیدارە. ئەمجۆرە پرسیارکردنە لەبارەی هەڵسوکەوتی سێکسی دەتوانێ بۆ کەسی ڕزگاربوو زیانبار یان پەرێشانکەر بێت. دادگا دەتوانێ فەرمانی پشکنینی جەستەیی لەلایەن پزیشکی دادوەریەوە بدات، و زۆربەی کات لەم فەرمانانە دا داوای «پشکنینی کچێنی»یش دەکرێت. هەروا کە لە IP2 دا باس کرا، ئەمجۆرە پشکنینانە «سووکایەتیکەر، جیاوازیدانەرانە و نازانستین» (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، گرووپی سەربەخۆی پسپۆڕانی پزیشکیی دادوەری). [39]ئەم پشکنینیە ئیجباریانە خۆیان وەکوو توندوتیژیی سێکسی و پێشێلکردنی جددی مافەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێن. بۆ زانیاریی زۆرتر بابەتەکانی خوارەوە لە بەشی 7 بخوێنەوە.

| پشکنینی کچێنی – یاسا و عورف لە عێراق |
|---|
| **یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، مادەی 70** - « لە کەیسی تاوانی گەورە یان تاوانی بچووک دا ڕەنگە دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری [دادوەری] سکاڵاکەر یان تۆمەتبار ناچار بکەن کە هاوکاری بکات لە پشکنینی جەستەیی یان وێنەگرتن، یان لە گرتنی پەنجەمۆر یان پشکنینی خوێن، موو، نینۆک یان شتەکانی تر بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە. پشکنینی جەستەیی ژنان دەبێ لەلایەن ژنانەوە ئەنجام بدرێت.» |
| **یاسای عێراقی لەبارەی پزیشکیی دادوەری** (هەموارکراو لە 2013) فەرزی کردووە کە کۆمیتەیەک لە سێ پسپۆڕی پزیشکیی دادوەری پشکنینی دادوەری و پشکنینی ئەندامی زاوزێ ئەنجام بدەن و پاشان ڕاپۆرتێکی هاوبەش دەربکەن. لە دوهۆک، بە فەرمانی دادوەری پێداچوونەوە ئەم ڕێسایانە گۆڕدراون.<br>بەپێی ڕاپۆرتە زارەکیەکانی پسپۆڕانی پزیشکیی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، هەندێجار دادگا فەرمانی پشکنینی ئەندامی زاوزێ دەدات لە حاڵێک دا هیچ پەیوەندیەکی زانستی نیە، و هەروەها زوو زوو فەرمانی پشکنینی «کچێنی» (لەڕێگەی پشکنینی ئەندازە یان کراوەیی پەردە) دەدەن کە دیسان ئەمە هیچ بایەخ یان ئامانجێکی زانستیی نیە. وا دیارە کارمەندانی بە دادوەرەکانیشەوە، هیچ نازانن یان کەم دەزانن لەبارەی دەرەنجامەکانی پشکنینی پزیشکیی دادەوەری یان پەیوەندییان بە کەیسەکانەوە، وە هەروەها پسپۆڕانی پزیشکیی دادوەری لە دانیشتنی دادگا دا ئامادە نابن کە ڕاپۆرتەکانی خۆیان یان بابەتە زانستیەکان ڕوون بکەنەوە.[40] |
| **ڕێنماییە عێراقیەکان بۆ بەڕێوەبردنی کلینیکیی حاڵەتەکانی لاقەکردن** (2016) دەڵێت تەنانەت لەو حاڵەتانە دا کە دەستبەجێ دوای لاقەکردن ئیمکانی پشکنینی ئەندامی زاوزێ هەیە، تەنیا لە کەمتر لە 50%ی کەیسەکان دا دەتوانین دەرەنجام یان برینی ئاشکرا بدۆزینەوە (بەپێی ئامارە زانستیەکان لە 30%ی حاڵەتەکان دا بریندارببوون ڕوو دەدات). لە پشکنینەکان دا دەبێ هەرجۆرە دڕان، ڕووشان، شینبوونەوە، جێچنگ، شوێنەبرین و ترۆمای دیکە، برین یان هەوکردن دەستنیشان بکرێت. پشکنینی پەردە بۆ دۆزینەوەی دڕان، ڕووشان، شینبوونەوە یان بزمەتە دەکرێت. ڕێنماییەکان دەڵێن، «قەبارەی شانەی پەردە و ئەندازەی کونی زێ نیشانەیەکی دەقیق بۆ چوونەناوە نین. پشکنین بە قامک ئەنجام مەدەن (واتە کردنی قامک بەنێو کونی زێ دا بۆ مەزەندەکردنی ئەندازەی).» |

## 4. هەنگاوەکانی تر بۆ پاراستن

- *چوارچێوەیی (ستراکچراڵ):* هەرچەند ئاماژە دەکرێت بە دادگاکانی تایبەتی توندوتیژیی نێوخیزان لە هەرێمی کوردستان، ئەم دادگایانە ڕێسای کاریان جیاواز نیە و کارمەند یان دادوەری تایبەت بە کار ناهێنن کە ڕاهێنان یان ئەزموونی تایبەتیان لە بەڕێوەبردنی تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسی یان ڕەگەزی، یان لە بەڕێوەبردنی شایەتە ترۆمالێدراوەکان و دۆخناسکەکان دا هەبێت. لە سیستەمی دادوەری دا پیاوان و ژنان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەرایەتی ناکرێن.
- *پاراستنی جەستەیی شایەت /پاراستنی شایەت لە دەرەوەی دادگا :* لە یاسا یان عورف دا هیچ هەنگاو و ڕێکارێک بۆ پاراستنی شایەت لەدەرەوەی دادگا نیە. بەپێی ڕاپۆرتە زارەکیەکان، هەندێجار خزمەتی گواستنەوە بۆ دادگا بۆ ڕزگاربووان دابین دەکرێت. وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیی (MOLSA) حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ پەناگەی هەیە بۆ ژنانێک کە گیانیان کەوتووەتە بەر هەڕەشە، بە فەرمانی دادگا دەتوانن ئەم پەناگەیانە بە کار بهێنن (بەڵام ئەم پەناگەیانە هەمیشە بێمەترسی و پارێزراو نەبوونە).
- *پاراستنی شایەت لە پرۆسەی دادگایی/لە دادگا:* هەروا کە لەسەرەوە باس کرا، لە یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان دا هیچ پاراستن یان ڕێکارێکی تایبەت بۆ کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی نیە.

---

[24] *ئەمە بخوێنەوە*، IP2، لاپەڕەی 62، خانەی 12.

[40] پسپۆڕی UK PSVI، عێراق، تشرینی دووەمی 2016.

- یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، مادەی 152: «دانیشتنەکانی دادگاییکردن دەبێ کراوە بن **مەگەر دادگا بڕیار بدات کە هەموو یان بەشێکی دەبێ داخراو بێت و هیچ کەسێکی تێدا نەبێت کە پەیوەندیی بە کەیسەکەوە نەبێت، لەبەر پاراستنی ئاسایش یان پاراستنی ئابڕوو.** لەوانەیە دادگا بەشداریکردنی هەندێ گرووپ لە خەڵک قەدەخە بکات.» ئەمە زەمینە فەراهەم دەکات بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنی داخراو، کە لەوێ ئەندامانی کۆمەڵگا بێبەش دەکرێن لە ئامادەبوون لە دادگا. بەڵام، لەنێو دادگایش هیچ پاراستنێک بۆ شایەتەکان نیە، بۆ نموونە سکرینکردن، بەکارهێنانی نازناو، لەدوورەوە شایەتیدان یان کەسێکیان لەگەڵ بێت یان نوێنەریان بە جێگەی خۆیان لە دادگا بێت. هیچ بەرنامەیەکی فیزیکیش دانانرێت – وەک بەجیا هاتنەناوەوە، ژووری چاوەڕوانی، و هتد.
- هەندێ لە ڕێکخراوە ناحکوومیەکان هەندێ کلینیکی خێرخوازانەیان دانابوو بۆ دانی ئامۆژگاریی یاسایی بە قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی (لانیکەم لە هەرێمی کوردستان)، بەڵام لەبەر نەبوونی بوودجە و بەدناوکردنی پلەدوو و بەئامانجکردنی جددی داخران.
- دادوەرەکان، داواکارنی گشتی، و ڕاوێژکارانی بەرگری کە لەسەر کەیسەکانی ترۆریسم کار دەکەن لە ماوەی چەند ساڵ دا ڕووبەڕووی هێرشی توند بوونەتەوە، و ئەمە نیشان دەدات کە پێویستە هەنگاو و ڕێکاری جددیتر و گەورەتر بۆ پاراستنی دادوەری هەڵبگیردرێت.

| کێشە ژینگەیی و کۆمەڵگەییەکانی پەیوەست بە دادگاییکردنی حاڵەتەکانی توندوتیژیی سێکسی |
|---|
| **وەڵامی ڕێکخراوە ناحکوومیەکانی ژنان بە 5ـەمین ڕاپۆرتی عێراق بۆ پێداچوونەوەی دەورەیی جیهانی، پەیماننامەی نێودەوڵەتی لەبارەی مافە مەدەنی و سیاسیەکان، 2015:**<br>«جۆرەکانی تری جیاوازیدانان لە سیستەمی یاسایی و دادوەریی تاوان دا، لەگەڵ بەدناویی کۆمەڵایەتیی پەیوەست بە لاقەکردن، کەمبوونی پەنابردنی ژنان بۆ یاسا لە کەیسەکانی توندوتیژیی ڕەگەزی دا. ڕاپۆرتێکی بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 2012 هەندێ حاڵەتی لە عێراق دەرخست کە تێدا خێزانەکانی قوربانیانی لاقەکردن هانی قوربانیەکانیان داوە کە شوو بکەنە ئەو کەسەی دەستدرێژی کردووەتە سەریان. لەو حاڵەتانە دا کە ژنان ئەم جۆرە شووکردنەیان ڕەت کردووەتەوە، هەندێ لە خێزانەکان فشاریان بۆ دادوەر هێناوە کە قوربانی و لاقەکەر ناچار بکەن پێکەوە هاوسەرگیری بکەن. لە عێراق لەبەر فشار و نۆرمە کۆمەڵگاییەکان، ئەگەری کەمە کە قوربانیانی لاقەکردن سکاڵا دژی تاوانباران تۆمار بکەن و داوای قەرەبووی ایسایی بکەنەوە. ئەو ژنانەی کە ڕاپۆرتی توندوتیژیی سێکسی دەدەن لەلایەن هێزەی پۆلیسی عێراقەوە کە ڕەگەزی نێرینە تێدا زاڵە، ڕووبەڕووی هەراسانکردن و بەدڕەفتاری دەبنەوە؛ و لەوانەیە تەنانەت تۆمەتبار بکرێن بە زینا و لەشفرۆشی.<br>**زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشە کە زۆرتر لە 97% لە ژنان لە لێکۆڵینەوەیەک دا وتوویانە کە نایانەوێت توندوتیژیی ڕەگەزی ڕاپۆرت بدەن بە پۆلیس چونکە دەترسن ئابڕوویان بچێت یان پێیانوایە کە هێزەکانی جێبەجێکردنی یاسا ناتوانن کێشەکە چارەسەر بکەن.**»[41] (تەئکید دەکرێت) |
| **Heartland Alliance (2011) توندوتیژیی ڕێکخراو دژی ژنان و کچان: یاسا و عورف لە عێراق:**<br>زۆرێک لە قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی یان ڕەگەزی ڕەنگە ڕووبەڕووی «بەتاوانبارکردن» یان «بەندکردن بە نیەتی پاراستن» ببنەوە.[42]<br>کچێکی 14 ساڵان لە هەرێمی کوردستان ڕفێندرا و بە زۆر کرا بە لەشفرۆش. ئەو بۆ سێکس کردن هیچ پارەی پێ نەدەدرا بەڵام دادوەر بۆی دەرکەوت کە لە بەرانبەر دا هەندێ یارمەتیی ناڕاستەوخۆی پێ دەدرا وەک خواردن و سەرپەنا. دادوەر وتی ئەگەر ئەو ئەو ناچار بکرایە لە بازگەی پۆلیس دا بە کەسێکی دەوت و تاوانکارانی دەدایە گرتنی پۆلیس.[43]<br>«لە بەغداد، کچێک لە تەمەنی 12 ساڵی دا لاقە کرا و خێزانەکەی ناچاریان کرد شوو بکاتە ئەو کەسەی کە لاقەی کردبوو. ئەو بووە مێردێکی زۆر جوێنفرۆش و لە ماوەی هاوسەرگیرییان دا چەندین جار لێی دا و لاقەی کرد. ئەو داوای تەڵاقی کرد و لە ماوەی دادگایی دا مێردەکەی، کە ئامادە نەبوو تەڵاقی بدات، بە دادوەری وت «ئەو ژنێکی خراپ بوو بەڵام من بە خواستنی شەرەف و ناموسیم پاراست.» دادوەری داوای تەڵاقی ژنەکەی ڕەد کردەوە و ئەو هەوڵی دا لە ڕێگەی خۆسووتاندنەوە خۆی بکوژێت. [...] ئەم کەیسی لاقەکردنە هەرگیز نەدرایە دادگا، بەڵام نیشان دەدات خەڵک بە گشتی وەها بیر دەکەنەوە کە قوربانیەکان شەرمەزارن و خواستنیان کارێکی بەڕێزانە یە.»[44] |

[41] http://www.law.cuny.edu/academics/clinics/hrgj/publications/ICCPR-Iraq-Shadow-Report-GBV-ENG-PDF.pdf

[42] لاپەڕەکانی 15 تا 16، 21، 25. https://www.heartlandalliance.org/international/wp-content/uploads/sites/15/2017/02/Institutionalized-Violence-Against-Women-and-Girls-in-Iraq-Laws-and-Practices-January-2011.pdf

[43] لاپەڕەی 18 (زۆرێک لە قوربانیانی بازرگانیی سێکسی تۆمەتبار کراون بە لەشفرۆشی، لاپەڕەی 20).

[44] لاپەڕەی 27.

# بەشی 7: زیان مەگەیەنن

## A. چەمکە سەرەکیەکان

### 1. زیان

چەمکە سەرەکیەکان و جۆرە گشتیەکان و سەرچاوەکانی زیان کە لە IP2، بەشی 7 دا دیاری کراون، کارکردن لە عێراقیش دەگرێتەوە. ئامانجی ئەم بەشە لەم پاشکۆیە ئەوەیە کە تیشک بخاتە سەر هەندێ لەو زیان و مەترسی و بەستێنانەی کە تایبەتی عێراقن و ڕەنگە بۆ بەڵگەکۆکەرەوەکان، لێکۆڵەران و کەسانی ڕزگاربوو لە CARSV و جۆرەکانی تری توندوتیژیی سێکسی ڕوو بدات.

کێ زیان دەگەیەنێت بە قوربانیان/ڕزگاربووان لە توندوتیژیی سێکسی لە عێراق؟

| جۆرەکانی زیان/کێ دەبێتە هۆکاریان | چەند نموونە لە عێراق |
|---|---|
| زیانی جەستەیی دەستبەجێ<br>• ئەنجامدەرانی تاوان | • کردارەکانی توندوتیژیی سێکسی کە ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی بریندار بوونی جەستە وە یا مەرگ. |
| زیانی جەستەیی پلەدوو<br>• ئەنجامدەرانی تاوان<br>• ڕێکخراوەکان لەوانە پزیشکان و پرۆسە دادوەریەکان<br>• خێزان و کۆمەڵگا<br>• چالاکوانان | • کوشتن و توندوتیژیی «نامووسی» (لەوانە دژی قوربانیانی نێرینە یان ئەوانەی کە گومانی هاوڕەگەزخوازبوونیان لێ دەکرێت.<br>• خۆسووتاندن یان سووتاندن<br>• خۆکوشتن.<br>• پشکنینی کچێنی.<br>• منداڵ لەباربردنی نایاسایی.<br>• چارەسەری پزیشکیی ناکاریگەر یان بێبەشبوون لە چارەسەری پزیشکی (کۆسپەکان لەوانە بەدناوی و شەرمەزاری).<br>• نێوبژیوانی/بەینخۆشکردن یان هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئەنجامدەری تاوان وەکوو «ڕێگەچارە»یەک دەتوانێت کەسانی ڕزگاربوو تووشی مەترسیی قوربانیبوونی زۆرتر بکات (هەم جەستەیی هەم دەروونی). |
| زیانی دەروونی<br>• ئەنجامدەرانی تاوان<br>• ڕێکخراوەکان لەوانە پزیشکان و پرۆسە دادوەریەکان<br>• خێزان و کۆمەڵگا<br>• چالاکوانان<br>• میدیا | • ترۆما لە ئاکامی توندوتیژیی سێکسی.<br>• نەبوونی خزمەتی تەندروستیی دەروونیی پسپۆرانە و پاڵپشتیکەر بۆ ڕزگاربووان.<br>• پڕ بە دڵ هەست بە بەدناوی و شەرمەزاری کردن.<br>• خۆکوشتن (خێزان یان کۆمەڵگا هاندی دەدات)<br>• بەدناوی.<br>• پشکنینی کچێنی.<br>• دیمانەکردنی چەند جارە و نەگونجاو لەگەڵ قوربانیان لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەڵگە کۆ دەکەنەوە کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆی زیندووکردنەوەی ئازار و ترۆما بێ ئەوەی هیچ کارێک بۆ چارەسەرکردن و وەڵامدانەوەی بکرێت.<br>• نێوبژیوانی/بەینخۆشکردن یان هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئەنجامدەری تاوان وەکوو چارەسەر ڕەنگە ئازاری دەروونی زۆرتر بە قوربانی بگەیەنێت.<br>• خراپ بەڕێوەبردن یان بەجێنەهێنانی چاوەڕوانیەکان، بەدواداچوون نەکردن و نەتیجە نەگرن لە کۆکردنەوەی بەڵگە، یان بەڵێنی درۆ دایین - ئەمانە دەبنە هۆی لەدەستدانی متمانە و باوەڕ بە خەڵک، ڕێکخراوەکان و سیستەمەکان. |
| ئازاری کۆمەڵایەتی ئابووری.<br>• ڕێکخراوەکان لەوانە پزیشکان و پرۆسە دادوەریەکان<br>• خێزان و کۆمەڵگا<br>• چالاکوانان<br>• میدیا | • بەدناوی.<br>• تەرەکردن و دوورخستنەوە لە خێزان یان کۆمەڵگا، کە دەبێتە هۆی لەدەستدانی پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، و ڕێگرتن لە دامەزران و خوێندن.<br>• نەپاراستنی بازنەی تاکەکەسی، نهێنی یان پێوەرە ئاکاریەکان لەلایەن بەڵگەکۆکەرەوەکانەوە، لەوانە میدیا - کە دەبێتە هۆی زڕاندن و پاشهاتی خراپ.<br>• نەبوونی قەرەبوو - بەرتیل یان سەربەها دەدرێت بۆ ئەوەی ژنان یان کچانی ڕفێندراو ئازاد بکرێن.<br>• هاوسەرگیریی ڕێکخراو/بەزۆر بۆ تێکەڵبوونی دووبارە لەنێو کۆمەڵگا و قەبووڵکران لەلایەن کۆمەڵگاوە. |
| زیانی یاسایی<br>• ڕێکخراوەکان لەوانە پزیشکان و پرۆسە دادوەریەکان<br>• خێزان و کۆمەڵگا<br>• چالاکوانان | • بەتاوانزانینی سێکسکردن لە دەرەوەی هاوسەرگیری، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بە ڕەزامەندی بووە یان نە.<br>• پاساوهێنانەە یان بوونی هەندێ مادەی یاسایی کە تاوانەکە بچووک دەکەنەوە و هانی ئەوە دەدەن کە قوربانی و تاوانکار پێکەوە هاوسەرگیری بکەن. فشاری کۆمەڵگە و خێزان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی «ئاشتەوایی» لەگەڵ تاوانکار «بۆ ڕێگرتن لە شەرمەزاری و ئابڕووچوون» بێ ئەوەی قوربانی بپارێزرێت. |

| | |
|---|---|
| | • بەزۆر پشکنینی ئەندامی زاوزێ بە فەرمانی یاسا و پشکنینی کچێنی بە فەرمانی دادگا (کە هیچ بایەخێکی زانستیی نیە).<br>• نەبوونی هیچ ڕێکارێک بۆ پاراستنی شایەتەکان لە ماوەی دادگاییکردن دا.<br>• نەبوونی کارمەندی شارەزا و بەتایبەت ڕاهێنراو لە دادگاکان لەوانە دادوەرەکان.<br>• نەبوونی هەماهەنگی لەنێوان هەوڵەکانی بەڵگەکۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەند جار لەگەڵ قەربانیەک دیمانە بکرێت و زانیاریی نێو دیمانەکان چونیەک نەبێت.<br>• نەبوونی مادەی یاسایی گرنگ و کافی بۆ ڕوونکردنەوە و سزادانی تاوانەکانی CARSV.<br>• بەدناوی، کە دەتوانێت کاریگەریی خراپ دابنێت لەسەر ئەوانەیش کە لە پرۆسەی یاسایی دا یارمەتیی ڕزگاربووان دەدەن.<br>• نەبوونی تۆماری لەدایکبوون و پاراستنی یاسایی بۆ منداڵانی لەدایکبووی لاقە. |

## هەندێ تێبینی لەبارەی بەدناوی و بیروڕاکان لەبارەی توندوتیژیی سێکسی لە عێراق

بەدناوکردن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیە کە دەبێتە هۆی پەراوێزخستن یان ناونیتکەلێنانی تاکەکان یان گرووپەکان. بەدناوکردن بریتیە لە داوەریکردن، سەرکۆنەکردن، جیاوازیدانان، سزادان یان شەرمەزارکردنی تاکەکان، گرووپەکان یان کۆمەڵگەکان لەبەر تایبەتمەندیەک، بیرورایەک یان بەسەرهاتێک کە بە جۆرێک «لادان» لە پێوەرەکانی کۆمەڵەکەیان یان کۆمەڵگاکەیان هەژمار دەکرێت. بەدناویی پەیوەست بە توندوتیژیی سێکسی تەنیا نیشاندەری بەها و باوەڕ و تێڕوانینی شەخسی نیە؛ بەڵکوو نیشانەیەکی بەهێزی ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتیانە یە کە لە کۆمەڵگایەک دا لە ڕێگەی ڕەفتارەکان و کردارەکانی گرووپەکانی خەڵک و ڕێکخراوەکانەوە دروست دەکرێن. ئەمە پەرەسەندوو یان درێژکراوی ئەو بەدناویە یە کە بەرلە جەنگ و ململانێیش هەبووە. ئەو بەدناویەی کە لە ئاکامی CARSV دروست دەبێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەوە پەیوەندی هەیە بە نایەکسانیی ڕەگەزی، و چاوەڕوانیەکان یان ڕوانگەکانی کۆمەڵگا لەبارەی ڕۆڵ و ڕەفتار و بەرپرسیارەتیەکانی دوو ڕەگەزی نێر و مێ لە کۆمەڵگای کۆن دا، بۆ نموونە ئەوەی کە ژنان و کچان هەڵگری ئابڕوو و شەرەفی خێزانن و پیاوان و کوڕان پارێزەر و سەرپەرستن.
*[ئەمە بە گۆڕانکاریەوە وەرگیراوە لە چالاکیی جیهانی بۆ چارەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی بەدناویی پەیوەست بە CRSGBV، ئەیلوولی 2017]*

لە عێراق، باوەڕە فەرهەنگی و کۆمەڵگاییەکان بە شێوەیەکی زۆر بەهێز پاڵپشتی دەکەن لە ڕوانگەی نێرسالارانە و جیاکردنەوەی ڕۆڵی هەریەک لە دوو ڕەگەزی نێر و مێ و ئەو چاوەڕوانیانەی کە لە هەریەک لە ئەوان هەیە. ژنان هەڵگری شەرەفن، کە دەبێ لەلایەن پیاوێکی زاڵەوە بپارێزرێن، ئەرکی ئەو پیاوە پاراستن و بەرزڕاگرتنی شەرەف و ئابڕووی خێزانەکەیەتی. بایەخێکی یەکجار زۆر دەدرێت بە «پاکی» یان کچێنیی ڕەگەزی مێ. ڕەفتاری ژنان دەبێ بە توندی پابەند بێت بە چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵگا لە «شەرەف»؛ و ئەندامانی نێری خێزان بەرپرسیارن کە ئەو ڕەفتارە کۆنترۆڵ بکەن و «هەنگاوی پێویست» هەڵبگرن بۆ بەدەستهێنانەوەی «شەرەف»ی لەدەستچوو. هەروەها، ئەندامانی دیکەی خێزان، بە تایبەت ژنی گەورەی خێزان، دەوریان هەیە لە پاراستن و بەدەستهێنانەوەی «شەرەف» (خەساندنی ژنان، خۆسووتاندن و سووتاندن، هاندان بۆ خۆکوشتن، و هتد).

ئازادیی ژنان لە هەڵبژاردن و سەربەخۆییان لە بڕیاردان تا ڕادەیەکی زۆر سنووردار دەکرێت، لەوانە ڕەزامەندیی ژن لەبارەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ مرۆڤەکان، دانوستانە شەخسیەکانی و کردارە سێکسیەکانی، بۆ نموونە، ئایا شوو بکەن، کەی شوو بکەن و شوو بە کێ بکەن، ئایا پەیوەندیی سێکسی‌یان هەبێت، کەی هەیانبێت و لەگەڵ کێ هەیانبێت، و هەروەها بڕیاردان لەبارەی تەندروستیی و چۆن کارکردنی ئەندامی زاوزێیان. بەهۆی ئەوەی کە «شەرەف» و «پاکی» گرێدراون بە کچێنیی ژنانەوە، و لە پەیوەندیە سێکسیە «ئاساییەکان» دا هەمیشە بە ڕەزامەندی بوون یان بە زۆر بوونی پەیوەندیەکە لە بەرچاو ناگیردرێت، بە هەر حاڵ، قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی وەکوو «ناپاک» یان «بێ‌ئابڕوو» سەیر دەکرێن هەرچەند ئەوان هیچ ڕۆڵێکی چالاکیان نەبووە لەو شتەی کە ڕووی داوە و هیچ ڕەزامەندییان لەسەری نەبووە.

لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە بیرورای پیاوان لە عێراق لەبارەی ژنان کە لە 2011 ئەنجام دراوە، لە بەشی 2 دا هاتووە و بە وردی باسی ئەوە دەکات کە خەڵک بەگشتی پێیانوایە کە ڕەفتاری ژنان و کچان دەبێ بە زۆر و توندوتیژی کۆنترۆڵ بکرێن. پێویستە ئاماژە بکەین کە ئەم بیرورایانە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن، و کۆمەڵێک فاکتۆری تر کاریگەری لەسەریان دادەنێت (ناسراوە بە نێوانبەشێتی (intersectionality)، بۆ نموونە، توانایی خوێندن، کاریگەریی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و هەرێمی - لەوانە گۆڕانکاری لە ڕوانگە ئایینیەکان.[45]

ئەم ڕوانگە کۆمەڵگاییانە لە یاساکانیش دا ڕەنگ دەدەنەوە، کاریگەری دادەنن لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی ڕزگاربووان و لەسەر تەقریبەن هەموو کاردانەوەکانی ڕێکخراوەکان و تاکەکان لە بەرانبەر بابەتی توندوتیژیی سێکسی. بۆ نموونە، بەزۆر بەشوودان، هاوسەرگیریی منداڵان و لاقەکردنی ژن لەلایەن مێردەکەیەوە وەکوو تاوان هەژمار ناکرێن. بەڵام، سێکس کردن لە

---

[45] *ئەمە بخوێنەوە، ئەلعەلی (2016)، لاپەڕەی 4 تا 9.*

دەرەوەی هاوسەرگیری، زینا و منداڵ لەباربردن تاوانن.  هەروا کە لەسەرەوە لە بەشی 4 دا باس کرا، یاسای سزادان حەقی بەرگری دەدات بە مێردێک کە مافی یاسایی خۆی بە کار هێناوە بۆ تەمێکردنی ژنەکەی (مادەی 41)، و هەروەها سزای کەم دەبڕدرێتەوە بۆ ئەو تاوانکارانەی کە «مەبەستێکی ئابڕوومەندانەیان هەبووە» (مادەی 128) یان ئەو پیاوانەی کە ژنەکەیان یان دۆستە کچەکەیان لەگەڵ دڵدارێک یان لەنێو جێ دا لەگەڵ پیاوێکی تر دەگرن (مادەی 409).  (یاسا ئەوە هیچ گرنگی نادات بەوەی کە ئایا ئەم پەیوەندیە سێکسیە بە ڕەزامەندیی خودی ژنەکە یان دۆستە کچەکە بووە یان نە.)  هەروەها، ئەگەر تاوانکار لە کۆتایی دا لەگەڵ قوربانیەکەی زیواج بکات، دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات (مادەی 398)، لای زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگا ئەم زیواجە دەبێتە هۆی سڕینەوەی ئەو «ئابڕووچوونە»ی کە دروست بووە.

ئەم نۆرم و چاوەڕوانیە ڕەگەزیانە هەروەها دەبنە هۆی ئەوەی کە کاریگەریی توندوتیژیی سێکسی دژی پیاوان و ئەندامانی کەمینە سێکسی و ڕەگەزیەکان (SGM) خراپتر بێت.  لە بەشی 2 دا، پوختەی جۆرەکانی CARSV لە عێراق نیشان دەدات کە لانیکەم توندوتیژیی سێکسی بە شێوەیەکی سیستەماتیک وەکوو ئامرازێکی ئەشکەنجە دژی زیندانیانی نێرینە (لە زیندانەکانی حکوومەت یان زیندانەکانی هێزەکانی تر) بە کار هێنراوە و هەروەها لە ساڵی 2009 توندوتیژیی سێکسی وەکوو بەشێک لە هەڵمەتێک دژی ئەو پیاوانەی کە بە هاوڕەگەزخواز هەژمار دەکرێن بە کار هێنراوە.  لە عێراق توندوتیژیی سێکسی دژی پیاوان بە بەراورد لەگەڵ توندوتیژیی سێکسی دژی ژنان تابۆیەکی زۆر گەورەترە، و تەقریبەن هیچ حاڵەتێکی ڕاپۆرت نادرێت، کۆمەڵگا نکۆڵی دەکات لە بوونی، و ئەگەر کەیسی پیاوێک ئاشکرا ببێت پاشهاتی زۆر خراپی بۆی دەبێت و لەبەر ئەمە هیچ پاڵپشتی و خزمەتێک بۆ قوربانیانی پیاو یان کوڕ دابین ناکرێت.

پاشهاتە لاوەکیەکانی توندوتیژیی سێکسی بۆ قوربانیان لە عێراق، جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و یاسایین.  هێز و قووڵایی ئەم بیروباوەڕانە ئەوەند زۆرە کە مەترسیەکانی بەدناوی لە عێراق زۆر توندن و دەبنە هەڕەشە بۆ گیانی قوربانی.

| چەند نموونە لە پاشهات و کاریگەریەکانی بەدناوی لە عێراق | |
|---|---|
| ◷ بەرەڵاکردن؛<br>◷ دەرکردن لە ماڵ؛<br>◷ دەرگالێداخستن، کۆنترۆڵی هاتووچوو، و بەندکردن<br>◷ زۆرەملێ؛<br>◷ دەرکردن لە قوتابخانە، بێبەشکردنی تەواو لە خوێندن، قوتابخانە و کار؛<br>◷ تەڵاقدانی بەزۆر؛ و<br>◷ ئابڕووچوون لەنێو خەڵک دا. | ◷ بەدرەفتاری و ئەشکەنجەی جەستەیی توند، لەوانە چەقۆلێدان، هێرش و سزای جەستەیی؛<br>◷ سووتاندن، ناچارکردن بە خۆسووتاندن؛<br>◷ بڕینی ئەندام لەوانە بڕینی لووت یان گوێی ژن؛<br>◷ لاقەکردن یان لاقەکردن بە مەبەستی «تەمێکردن»؛<br>◷ هاوسەرگیریی بەزۆر، هاوسەرگیری بە مەبەستی «سزادان»؛<br>◷ منداڵ لەباربردنی بەزۆر/کۆرپەکوشتن؛<br>◷ لەشفرۆشیی بەزۆر؛<br>◷ چاککردنەوەی کچێنی بەزۆر؛<br>◷ خەساندنی ژنان؛<br>◷ خۆکوشتنی بەزۆر؛ و<br>◷ کوشتنی «نامووسی». |
| نموونەکان لە بەیگیخانی، و نەزەند وەرگیراون. توندوتیژیی نامووسی: بەسەرهاتەکان و ستراتژیە پێچەوانەکان لە کوردستانی عێراق و کوردانی تاراوگە لە بەریتانیا (لاپەڕەی 56 و 57)، ناوەندی بڵاوکردنەوەی تەیلر و فرانسیس. | |

*«بەدناوی دەکوژێت: دەکرێت مرۆڤ لە توندوتیژیی سێکسی ڕزگاری ببێت، بەڵام لە تەرەکردن و دوورخستنەوە، بەرەڵاکردن، هەژاری، «کوشتنی نامووسی»، و ترۆمای دوای ئەوە ڕزگاری نابێت، و ئەمانەیش ڕەنگە ببنە هۆی خۆکوشتن یان زیانبەخۆگەیاندن، دووگیانیی مەترسیدار، و نەخۆشیی چارەسەرنەکراو، لەوانە STIs [واتە هەوکردنە سێکسیە گوازراوەکان] و HIV کە ڕەنگە لە ئاکامی دا ڕوو بدات. پێویستە بە هەستێکی بەرزی فریاکەوتنەوە دژی بەدناوی بوەستینەوە چونکە کەسانی ڕزگاربوو لە لاقەکردن بە زمانی سادە خەریک لە شەرم دا دەمرن.»* **لێتیتیا ئاندرسن، نووسینگەی UN SRSG بۆ توندوتیژیی سێکسی، ویڵتن پارک 2016، بنەماکانی چالاکیی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی بەدناویی پەیوەست بە CRSGBV، ئەیلوولی 2017.**

**تێبینی:** لە کۆمەڵگای ئیزەدی دا، کێشەی بەدناوی تا ڕادەیەک چارەسەر کرا چونکە ڕێبەری ئایینیان ڕایگەیاندووە کەسانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی دەبێ وەکوو کەسانێکی «پاک» سەیر بکرێن (دەوترێت ئەمە بەسوود بووە سەرەڕای ئەوەی کە زمانی وتنەکەی خۆی بەدناوکەرە). کەسانی ڕزگاربوو هەروەها (لە لالش) ڕێوڕەسمێکی غوسڵی تەعمیدیان بۆ دانراوە وەکوو مەراسیمێکی ئایینی بۆ چارەسەرکردن. هەروەها، منداڵانێک کە لە ئاکامی دەستدرێژیی داعش بۆ سەر ژنانی ئیزەدی لە دایک بوونە وەکوو منداڵانی ڕێبەر تۆمار کراون – بۆ ئەوەی کێشەی نەبوونی باوکی تۆمارکراو چارەسەر بکرێت و بەدناویی منداڵانی لەدایکبووی لاقە کەم بکرێتەوە. لە ئێستا دا، ئەم ڕێبەریە سەبارەت بە بەدناوی و قەبووڵکردنەوەی ڕزگاربووان لەلایەن خێزانەکانیان و کۆمەڵەکانیانەوە تەنیا لە

کۆمەڵگەی ئیزەدی دا کراوە. هەروەها، پێویستە وا گومان نەکەین کە هیچ جۆرێکی تری بەدناوی دژی ڕزگاربووان لەم کۆمەڵگانە دا نیە.[46]

جیا لەمە، سەرەڕای قەبووڵکردنی ڕزگاربووان لە ئاستی کۆمەڵگە دا، ڕادەی ئازاری ناشی لە کاریگەریەکانی بەدناوی لەسەر قوربانیانی توندوتیژیی سێکسیی داعش، لەگەڵ فاکتۆرەکانی تر وەک، لەدەستدانی ئەندامانی نێرینەی خێزان، بووەتە هۆی ئەوەی کە پێویست بێت بەرنامەی تایبەت بۆ چاودێری و پاراستنی ڕزگاربووان دابنرێت کە، لە هەندێ حاڵەت دا، پێویستە کەسەکە بگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی عێراق. ئەم ڕێکارە ڕادیکاڵیە پێویست بوو بۆ چارەسەرکردنی ڕێژەی زۆری بیرکردنەوە لە خۆکوشتن و کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیە توندەکانی تر کە قوربانیان تووشی دەبوون، وەکوو لەدەستدانی مافی هاوسەرگیری، هەژاری و نەبوونی دەرفەتی خوێندن یان کار.

مەترسیی پەیوەست بە کەڵکوەرگرتن لە نێوبژیوانی لە کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی لە عێراق

| ڕێسای کاری ستانداردی GBV بۆ ناوەند و باشووری عێراق و هەرێمی کوردستان |
| --- |
| «نێوبژیوانی پرۆسەیەکە کە زۆربەی کات لە یاسای عورفی دا بە کار دەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا، خێزانەکان و ئەندامانی خێزان. کەیسەکانی IPV [توندوتیژی هاوسەر] و توندوتیژیی نێوخێزان هەندێجار لەلایەن ڕێبەرانی سونەتی یان ئایینیەوە «چارەسەر» دەکرێن، چونکە ئەم کەیسانە وەکوو بابەتی تایبەت و ناوخۆیی خێزان سەیر دەکرێن. **بەگشتی، نێوبژیوانی بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکانی IPV پێشنیار ناکرێت چونکە دەبێتە هۆی دروستبوونی مەترسی بۆ کەسی ڕزگاربوو.** ئەو ڕزگاربووانەی کە هەوڵ دەدەن یارمەتی وەربگرن لە ئەو ڕێکخراوانەی کە دەچنە هانای حاڵەتەکانی توندوتیژیی ڕەگەزیەوە، ڕەنگە بیانەوێت کەیسەکەیان لەڕێگەی نێوبژیوانیەوە چارەسەر بکرێت چونکە دەیانەوێت توندوتیژی بوەستێت و ڕەنگە پێیان وابێت کە نێوبژیوانی ئاسانکاری دەکات بۆ ئەم مەبەستە. لە هەندێ کەیس دا، ڕەنگە داوا بکەن کە یاریدەری کۆمەڵایەتی ئەرکی نێوبژیوانی بەجێ بهێنێت. لەبەر ئەمە، گرنگە کە ڕێکخراوەکان هەندێ ڕێنمایی ڕوونیانهەبێت لەبارەی ئەوەی کە بە شێوەیەک وەڵامی ئەم داواکاریانە بدرێتەوە کە ئەولەویەت بە کەسی ڕزگاربوو بدرێت. لە زۆربەی کەیسەکانی توندوتیژیی ڕەگەزی دا نێوبژیوانی پێشنیار ناکرێت چونکە ئەگەر کەمە کە ببێتە هۆی وەستانی توندوتیژی لە درێژماوە دا و مومکینە ببێتە هۆی زیاتربوونی توندوتیژی، و زۆرتر زیاندیتنی کەسی قوربانی.<br>• پرۆسەی نێوبژیوانی خۆی دەبێتە هۆی پاراستن و بەردەوامبوونی دەسەڵات و کۆنترۆڵی دەستدرێژیکەر بە سەر قوربانی دا. لە پرۆسەی نێوبژیوانی دا وای دادەنن کە هەردوولا دەتوانن بە شێوەیەکی ئازاد و نهێنیپارێز و بێمەترسی قسە بکەن. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تاکتیکانەی کە دەستدرێژیکەر بە کاری دەهێنیت بۆ دەسەڵات و کۆنترۆڵ بەسەر قوربانی دا، و ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتیانە کە ڕەنگە توانایی ئەوە نەدەن بە ژن کە ئازادانە قسە بکات یان هەست بکات بیروڕای هەردوولا وەکوو یەک قورسایی و بایەخی هەیە، ئەگەری کەمە کەسی ڕزگاربوو هەست بکات کە دەتوانێت ئازادانە و بێ ترس لە پاشهاتەکان قسە بکات. هەروەها، هەر ناردن بۆ نێوبژیوانی خۆی بە تەنیا دەتوانێت زیان بە کەسی ڕزگاربوو بگەیەنێت. ڕەنگە دەستدرێژیکەر تووڕە ببێت لەوەی کە ژنەکە کەسانی تری سەبارەت بە توندوتیژیەکە ئاگادار کردووەتەوە.<br>• زۆر کەم نێوبژیوانی دەبێتە هۆی کۆتاییهاتن بە توندوتیژی لەلایەن دەستدرێژیکەرەوە، و لەڕاستیدا دەتوانێت ببێتە هۆی زۆرتربوونی توندوتیژی.<br>• لە پرۆسەی نێوبژیوانی دا مەترسیی ئەوەی کە کەسی ڕزگاربوون خەتابار بکرێت زۆرە. ئەنجامدەری تاوان کە ئاساییانە کەسی ڕزگاربوو تۆمەتبار دەکات، سەکۆیەکی هەیە بۆ ئەوەی هەڵوێستی خۆی دەربڕێت، و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نۆرمە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیانەی کە هەن، و ئەو ڕاستیەی کە ڕەنگە قوربانی بترسێت لە وەڵامدانەوە، لەوانەیە توانای قانعکردنی دەستدرێژیکەر زۆرتر بیت. لەوانەیە، لە کەسی ڕزگاربوو داوا بکرێت کە ڕەفتاری بگۆڕێت وەکوو مەرجێک بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی.» |

تێبینیەک لەبارەی پاشهاتە یاسایەکان بۆ کەسانی ڕزگاربوو لە CARSV لە عێراق

هەروا کە لەسەرەوە باس کرا، ژمارەیەک مادەی یاسایی هەن کە ئەگەری ئەوەیان هەیە قوربانیانی توندوتیژیی سێکسی بکەن بە تاوانبار. [47]ئەوانەی کە بەڵگە کۆ دەکەنەوە دەبێ ئاگاداری ئەم مەترسیە بن و ڕێکاری گونجاو بۆ بەرگرتن و کۆنترۆڵکردنی مەترسی دابین و بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی زیان بە کەس نەگات.

[46] *ئەمە بخوێنەوە،* بنەماکانی چالاکیی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی بەدناویی پەیوەست توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێ دا، لاپەڕەی 23 تا 23، 38. https://www.gov.uk/government/publications/launch-of-the-principles-for-global-action-on-tackling-the-stigma-of-sexual-violence-in-conflict

[47] *ئەمە بخوێنەوە،* Heartland Alliance، توندوتیژیی ڕێکخراو دژی ژنان و کچان: *یاسا و عورف لە عێراق، 2011، لاپەڕەی 21، 25.* https://www.heartlandalliance.org/international/wp-content/uploads/sites/15/2017/02/Institutionalized-Violence-Against-Women-and-Girls-in-Iraq-Laws-and-Practices-January-2011.pdf

- **«زینا»** *(پێناسە نەکراوە؛ ئایا کرداری سێکسی بێ ڕەزامەندی لەگەڵ کەسێک کە هاوسەر نیە هەر زینا یە؟)*: بۆ ژن لە هەموو حاڵەتێک دا تاوانە؛ بۆ مێرد تەنیا کاتێک تاوانە کە لە ماڵی شوێنی ژیانی لەگەڵ هاوسەرەکەی دا بیکات. (یاسای سزادان، مادەکانی 377 تا 379.) یاسای هەرێمی کوردستان، ژمارە 9ی 2001، ئەمەی گۆڕا بۆ ئەوەی بۆ هەردوولا یەکسان بێت – واتە پیاوان لە دەرەوەی ماڵی خۆیشیان زینا بکەن هەر تاوانە (Heartland Alliance، 2011، لاپەڕەی 21).
- **سێکس‌کردن لە دەرەوەی هاوسەرگیری** (هیچ ئاماژەیەک بە بوون یان نەبوونی ڕەزامەندیی لایەنەکان نەکراوە).
- دەرکەوتن لە شوێنێکی گشتی بێ جلوبەرگ **بە شێوەیەکی نەشیاو** (هیچ شتێک لەبارەی مەبەست یان ئارەزووەمەندانە بوون یان نەبوونی ئەمە نەتوراوە): هەتا 10 ڕۆژ بەندکردن و سزای نەختی کە نابێت لە 5 دینار زۆرتر بێت. (یاسای سزادان، مادەی 501).
- جیا لەمە، **لەبار‌بردن** («منداڵ لەباربردن») لە یاسای عێراقی دا نایاساییە (یاسای سزادان، مادەی 417)، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هۆکاری دووگیانبوون لاقەکردن بووە یان نە. «لەباربردنی منداڵ بۆ ڕزگاربوون لە شەرمەزاری» حاڵەتێکە کە لە ڕووی یاساییەوە سزاکەی کەمترە.
- هەندێ لەو ژنانەی کە بە زۆر هاوسەرگیریان پێ کرا یان منداڵانێک لە لەلایەن داعشەوە ڕفێندران بەند کراون و تۆمەتبار کراون بە ترۆریسم چونکە پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە.

## ب. ڕەزامەندی ئاگاهانە

یاسای عێراقی لەبارەی ڕەزامەندی ئاگاهانە و تەمەن

تێبینی: «هەروەها کە لە IP2 دا تەئکید کراوو، کارکردنی ڕاستەخۆ لەگەڵ کەسانی ژێر 18 ساڵ بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگە پێویستی بە زانیاری و شارەزایی پسپۆڕانە هەیە. هەروەها، پێویستە یاسا و ڕێنماییە عێراقیەکان لە بەرچاو بگیردرێن بۆ هەڵبژاردنی باشترین ڕێگە یاساییەکان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئاگاهانە لە کاتی کۆکردنەوەی بەڵگە لەبارەی CARSV یان هەر تاوانێکی تر لەلایەن یان دژی منداڵان یان هەر حاڵەتێک کە بە جۆرێک پەیوەندیی بە منداڵانەوە هەیە.

- یاسای مەدەنیی عێراق، مادەی 93 تا 103، و 106 لەبارەی توانایی ئەنجامدانی ڕێکەوتن، تەمەنی یاسایی (18 ساڵان) و ڕۆڵی باوک وەکوو سەرپەرستی یاسایی.[48]

لە هەموو عێراق، بۆ منداڵانی ژێر 18 ساڵ دەبێ ڕەزامەندیی باوک/دایک یان بەخێوکەر (یان گەورەی بەرپرسیاری تر) وەربگیردرێت. ڕێسا ستانداردەکانی کارکردن لەسەر کەیسەکانی توندوتیژیی ڕەگەزی لە هەرێمی کوردستان (لە 2017 نوێ کراوەتەوە) و ڕێسا ستانداردەکانی کارکردن لەسەر کەیسەکانی توندوتیژیی ڕەگەزی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق (2017) هەندێ ڕێنماییان تێدا یە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی ئاگاهانە بۆ ڕزگاربووانی ژێر 18 ساڵ. لەم ڕێنمایە دا باشترین ڕێکارە نێودەوڵەتیەکان و مەرجە یاساییەکانی عێراق دیاری کراون؛ بەڵام ئەو کەسانەی کە بەڵگە کۆ دەکەنەوە و لەم بوارە دا شارەزاییان هەیە و دیانەوێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ منداڵان کار بکەن، دەبێ ئاگاداریەکانی IP2 لەبارەی کارکردن لەگەڵ منداڵان بخوێننەوە.

| ڕێسای ستانداردی کارکردن لەسەر توندوتیژیی ڕەگەزی - هەرێمی کوردستان (لە 2017 نوێ کرایەوە) |
|---|
| بەشی 4.7.1<br>«لە کاتی کارکردن لەگەڵ منداڵانی ڕزگاربوون لە توندوتیژیی ڕەگەزی، دەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بەم شێوازەی خوارەوە بێت:<br>• زانیاریەکان دەبێت بە زمان و فۆرماتێک بدرێت کە بۆ تەمەن و توانایی تێگەیشتنی منداڵەکە گونجاو بێت. دابینکەران بەرپرسیارن کە بە شێوازێکی منداڵدۆستانە قسە و هەڵسوکەوت بکەن و دەبێ هانی منداڵەکە و باوک و دایکی بدەن پرسیارگەلێک بپرسن کە پارمەتییان دەدات لەبارەی بارودۆخی خۆیان بڕیار بدەن.<br>• بۆ منداڵانی ژێر 18 ساڵ دەبێ ڕەزامەندیی باوک/دایک یان بەخێوکەر (یان گەورەی بەرپرسیاری تر) وەربگیردرێت. بەڵام، ئەگەر منداڵەکە گەیشتبێتە تەمەنی 15 ساڵ و باوک/دایک یان بەخێوکەری ئەو نەتوانن یان نەیانەوێت ڕەزامەندی بدەن، دەکرێت بەجێگەی ڕەزامەندیی ئەوان، ڕەزامەندی ئاگاهانە لە خودی منداڵەکە وەربگیردرێت. دمنا دەبێ بە ئیزن‌وەرگرتن لە منداڵەکە، باوک/دایک یان بەخێوکەر لە پرۆسەکە دا بەشدار بن.<br>• قابلبوونی ئاگاهانە واتە ئامادەیی دەربڕین بۆ بەشداریکردن لە خزمەتەکان، و لە منداڵانێک وەردەگیردرێت کە بەپێی یاسا یان سروشت منداڵتر لەوەن کە ڕەزامەندی ئاگاهانە بدەن، بەڵام ئەوەندە گەورە هەن کە تێبگەن و قەبووڵ بکەن لە خزمەتەکان دا بەشداری بکەن. منداڵانێک کە تەمەنیان لەنێوان 6 و 15 ساڵ دا یە دەتوانن قابلبوونی ئاگاهانە بدەن؛ بەڵام، ڕێگەپێدانی باوک/دایک یان بەخێوکەریش پێویستە. |

[48] *هەروەها ئەمە ببینە* یاسای بەخێوکردنی منداڵ ژمارە 1980/78، مادەکانی 27 هەتا 33؛ یاسای خۆشگوزەرانیی منداڵان، مادەکانی 3 هەتا 5.

- هەرچەند ڕەنگە مومکین نەبێت کە ڕەزامەندی یان قایلبوونی ئاگاهانە لە منداڵانی کەمتەمەنتر وەربگرن، هەر دەبێ هەوڵ بدرێت بە زمانی گونجاو بۆ تەمەنی ئەو بۆی ڕوون بکرێتەوە کە دەیانەوێت چ زانیاریەکی لێ وەربگرن، زانیاریەکان بۆچی بە کار دەهێنرێن، و چۆن دەدرێن بە کەسانی تر.
- ڕەزامەندی دەکرێت بە شێوەی زارەکی یان نووسراو وەربگیردرێت؛ بەڵام، لە هەرکوێ مومکین بێت دەبێ ڕەزامەندیی نووسراو وەربگیردرێت.
- منداڵان و بەخێوکەران دەبێ ئاگادار بکرێنەوە لە هەر مەرجێکی ڕاپۆرتدانی ئیجباری کە پەیوەندیی بە ئەوانەوە هەبێت.
- ڕەنگە هەندێ کەیس هەبن کە تێدا وەرگرتنی ڕەزامەندی لە باوک/دایک یان بەخێوکەر گونجاو نەبێت، بۆ نموونە کاتێک بەخێوکەر خۆی ئەنجامدەر یان هاودەستی ئەنجامدەری بەدڕەفتاریەکە بێت، یان کاتێک کە منداڵەکە تەنیایە و کەسوکاری لەگەڵ نیە. لەم جۆرە کەیسانە دا، لە هەرکوێ مومکین بێت، دەبێ هەوڵ بدرێت بۆ منداڵانی ژێر 15 ساڵ ڕەزامەندیی گەورەیەکی جێمتمانەی تر وەربگیردرێت (بۆ مەبەستی ئەم ڕێسا ستانداردانەی کارکردن، «گەورەی جێمتمانە» واتە گەورەیەکی خزم، یان بەخێوکەرێکی گەورە کە منداڵەکە پێشنیاری کردبێت). بۆ منداڵانی گەورەتر لە 6 ساڵ، دەبێ خودی منداڵەکە لە دیاریکردنی ئەم کەسە دا بەشدار بێت. ئەگەر کەسێکی وەها بوونی نەبێت، ڕەنگە بەڕێوەبەری کەیس ناچار بێت بۆ منداڵانی ژێر 15 ساڵ ڕەزامەندی بدات.
- هەر بڕیارێک بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە هەر کەسێکی تر جگە لە باوک/دیک، بەخێوکەر، سەرپەرستی یاسایی یان گەورەی جێتمانەی پێشنیارکراو، دەبێت لەلایەن کەسێکی شیاو/چاودێرەوە پەسەند بکرێت. پیویستە خودی ئەم پرۆسەیەش لەنێو فۆرمی ڕەزامەندی دا تۆمار بکرێت.

بەگشتی، ئیزنی بەڕێوەبردنی کەیس (و کارەکانی تری کەیس) دەبێ لە منداڵەکە، و هەروەها لە بەخێوکەر یان گەورەیەکی گونجاوی تر وەربگیردرێت (بەشی خوارەوە بخوێنەوە).»

بەشی 6.6

- «بۆ منداڵانی ژێر 18 ساڵ دەبێ ڕەزامەندیی باوک/دایک یان بەخێوکەر (یان گەورەی بەرپرسیاری تر) وەربگیردرێت. بۆ منداڵانی 15 تا 17 ساڵ، ئەگەر باوک/دایک یان بەخێوکەری ئەو نەتوانن یان نەیانەوێت ڕەزامەندی بدەن، دەکرێت بەجێگەی ڕەزامەندیی ئەوان، ڕەزامەندی ئاگاهانە لە خودی منداڵەکە وەربگیردرێت.
- بۆ منداڵانی کەمتەمەنتر، دەبێ قایلبوون یان ئامادەیی ئاگاهانە بۆ بەشداریکردن لە ئەوان وەربگیردرێت، و بۆ منداڵانی گەورەتر دەبێ داوای ڕەزامەندی ئاگاهانە بکرێت (بۆ وەردەکاریی زۆرتر بەشی خوارەوە بخوێنەوە)؛
- ڕەنگە هەندێ کەیس هەبن کە تێدا وەرگرتنی ڕەزامەندی لە باوک/دایک یان بەخێوکەر گونجاو نەبێت، بۆ نموونە کاتێک بەخێوکەر خۆی ئەنجامدەر یان هاودەستی ئەنجامدەری بەدڕەفتاریەکە بێت، یان کاتێک کە منداڵەکە تەنیایە و کەسوکاری لەگەڵ نیە. لەم جۆرە کەیسانە دا، لە هەرکوێ مومکین بێت، دەبێ هەوڵ بدرێت بۆ منداڵانی ژێر 16 ساڵ ڕەزامەندیی گەورەیەکی جێمتمانەی تر وەربگیردرێت. بۆ منداڵانی گەورەتر لە 6 ساڵ، دەبێ خودی منداڵەکە لە دیاریکردنی ئەم کەسە دا بەشدار بێت. ئەگەر کەسێکی وەها بوونی نەبێت، ڕەنگە بەڕێوەبەری کەیس ناچار بێت بۆ منداڵانی ژێر 16 ساڵ ڕەزامەندی بدات؛
- منداڵان و بەخێوکەران دەبێ ئاگادار بکرێنەوە لە هەر مەرجێکی ڕاپۆرتدانی ئیجباری کە پەیوەندیی بە ئەوانەوە هەبێت (بەشی تایبەت بە پێویستیی ڕاپۆرتدان بخوێنەوە).

**6.6.1 منداڵی ساوا و کۆرپە (تەمەنی 0 هەتا 5 ساڵ):**

- ڕەزامەندی ئاگاهانە بۆ منداڵانی ئەم تەمەنە دەبێ لە بەخێوکەری منداڵەکە یان گەورەیەکی جێمتمانەی تر کە لە ژیانی منداڵەکە دا دەوری هەیە وەربگیردرێت، نەک لە منداڵەکە. منداڵان زۆر کەم تەمەن توانایی ئەوەیان نیە لەبارەی بەخێوکردن و چارەسەرکردنی خۆیان بڕیار بدەن.
- بە سەر ئەمەش دا، پێویستە دابینکەر هەوڵ بدات بە ڕێگەی زۆر سادە و گونجاو ئەو شتانەی کە ڕوو دەدەن بۆ منداڵەکە ڕوون بکاتەوە.

**6.6.2 منداڵانی کەمتەمەنتر (تەمەنی 6 هەتا 11 ساڵ):**

- ئاساییانە، منداڵانی ئەم تەمەنە لە ڕووی یاساییەوە نە دەتوانن نە ئەوەندە پێگەیشتوون کە ڕەزامەندی ئاگاهانە بدەن بۆ بەشداریکردن لە خزمەتەکان. بەڵام، ئەوان دەتوانن ئاگاهانە قایلبوون یان ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن دەرببڕن.
- منداڵانێک کە لەم تەمەنە دا ن، دەبێ داوای ئیزنیان لێ بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو خزمەت و کارانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەریان دادەنن. دەکرێت ئەم ئیزنە بە شێوەی زارەکی لە منداڵەکە وەربگیردرێت و وەک خۆی لەنێو فۆرمی ڕەزامەندیی ئاگاهانە دا تۆمار بکرێت. بۆ منداڵانێک کە لەم تەمەنە دا ن، ڕەزامەندی ئاگاهانەی باوک/دایک یان بەخێوکەر پێویستە، لەگەڵ قایلبوونی ئاگاهانەی خودی منداڵەکە.

**6.6.3 مێرمنداڵانی کەمتەمەنتر (تەمەنی 12 هەتا 14 ساڵ):**

- منداڵانێک کە لەم تەمەنە دا ن خەریکن هەندێ توانایی بە دەست دەهێنن و تێگەیشتنیان باشترە، و ڕەنگە ئەوەندە پێگەیشتبێتن کە بڕیار بدەن و ئاگاهانە قایلبوون وە/یا ڕەزامەندی دەرببڕن بۆ درێژەدان بە خزمەتەکان.
- بەپێی چوارچێوەی ستانداردی کارکردن، دەبێ جێبەجێکەری کەیس هەوڵ بدات قایلبوونی ئاگاهانە بۆ بەشداریکردن لە خزمەتەکان بە شێوەی نووسراو لە منداڵەکە وەربگرێت، و هەروەها ڕەزامەندیی نووسراو لە باوک/دایک یان بەخێوکەر وەربگرێت.
- بەڵام، ئەگەر جێبەجێکەری کەیس پێیوابێت کە بەشدارکردنی بەخێوکەر لە پرۆسەکە دا مەترسیی هەیە یان بەتەواوی لە بەرژەوەندیی منداڵەکە دا نیە، دەبێ هەوڵ بدات گەورەیەکی جێمتمانەی تر کە لە ژیانی منداڵەکە دا دەوری هەیە پەیدا بکات بۆ ئەوەی ڕەزامەندی ئاگاهانە بدات، و هەروەها قایلبوونی منداڵەکە بە شێوەی نووسراو وەربگرێت. ئەگەر ئەمە مومکین نەبێت، و جێبەجێکەری کەیس پێیوابێت کە منداڵەکە بە ئەندازەی کافی پێگەیشتووە، دەکرێ قایلبوونی ئاگاهانەی منداڵەکە بەتەنیا بەس بێت. لەم جۆرە بارودۆخانە دا، دەبێ جێبەجێکەری کەیس لەگەڵ چاودێری خۆی ڕاوێژ بکات و ڕێنمایی وەربگرێت.

**6.6.4 مێرمنداڵانی گەورەتر (تەمەنی 15 هەتا 17 ساڵ):**

- مێرمنداڵانی گەورەتر، تەمەنی 15 و سەرتر، بە گشتی ئەوەندە پێگەیشتوو هەن کە بتوانن بریار بدەن. **جیا لەمە، لە عێراق بە کەسانی 18 ساڵ ڕێگە دەدرێت کە لەبارەی بەخێوکردن و چارەسەرکردنی خۆیان بریار بدەن، بەتایبەت بۆ خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان و خزمەتەکانی چاودێریی تەندروستیی زاوزێیی.**

مێرمنداڵانی گەورەتر دەتوانن بەپێی یاسای خۆجێیی قایلبوونی ئاگاهانەی خۆیان دەربڕن. لە باشترین حاڵەت دا، ئەو بەخێوکەرانەی کە پاڵپشتیی منداڵەکە دەکەن و ئازاریان نەداوە هەر لە سەرەتاوە لە بڕیارەکانی بەخێوکردن و چارەسەرکردن دا بەشدار دەکرێن و ئەوانیش ڕەزامەندی ئاگاهانەی خۆیان دەدەن.»

## یاسای عێراقی و ڕێنماییەکانی لەبارەی ڕاپۆرتدانی ئیجباری

یاسای عێراقی هەندێ مادەی تێدایە کە لەسەر هەندێ کەس فەرز دەکەن هەموو ئەو زانیاریانەی کە نیشان دەدەن تاوانێک کراوە ڕاپۆرت بدەن. تۆ چالاکوان بیت یان کۆکەرەوەی بەڵگە، ئەم یاسایانەی تایبەت بە ڕاپۆرتدانی ئیجباری کاریگەری دادەنن لەسەر شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ ڕزگاربووان. زانیاریدان بە کەسی ڕزگاربوو لەبارەی ئەرکی ڕاپۆرتدانی ئیجباری بەشێکی زۆر گرنگە لە پرۆسەی ڕەزامەندی ئاگاهانە و دەبێ لەبارەیەوە قسە بکرێت بەرلەوەی کەسی ڕزگاربوو هەرجۆرە زانیاریەک بدرکێنێت. ئەم بەشە ئەو مادە یاساییانە و هەروەها ئەو ڕێنماییانەی تێدایە کە لە ڕێنماییە عێراقیەکان بۆ بەڕێوەبردنی کلینیکیی حاڵەتەکانی لاقەکردن، ڕێسا ستانداردەکانی کارکردن لەسەر توندوتیژیی ڕەگەزی لە هەرێمی کوردستان (نوێکراو لە 2017) و ڕێسا ستانداردەکانی کارکردن لەسەر توندوتیژیی ڕەگەزی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق (2017) دا ڕوون کراوەتەوە.

### *یاسا لەبارەی ڕاپۆرتدانی ئیجباریی تاوان*

- *یاسای سزادانی عێراق: **مادەی 247** «هەر کەسێک کە بەپێی یاسا بەرپرسیارە کە بەرپرسێکی حکوومی ئاگادار بکاتەوە لە بابەتێک یان بابەتگەلێک کە خەبەری لێیان هەیە، ئەگەر ئەنقەست بەرپرسەکە ئاگادار ناکاتەوە بەو شێوەی کە دیاری کراوە یان لەو کاتە دا کە یاسا دیاری کردووە، ئەوا بە پارە یان بەندکردن سزا دەدرێت. هەمان سزا دەبردرێتەوە بۆ هەر بەرپرسێکی حکوومی کە بەرپرسیارە لە لێکۆڵینەوە یان ڕێگرتن لە تاوانێک بەڵام کەمتەرخەمی دەکات لە ڕاپۆرتدانی تاوانێک کە ئاگادار کراوەتەوە لێی.»*
- ***یاسای سزادانی عێراق: مادەی 498** «هەر چالاکوانێکی شارەزای پزیشکی کە لە کاتی پشکنین و پەرستاریکردن لە کەسێک کە بە توندی بریندار بووە هەر شتێک بدۆزێتەوە کە نیشان بدات مەرگ یان بریندار بوون لە ئاکامی ئەنجامدانی تاوانێک بووە، یان ئەگەر بەڵگەیەک هەبێت کە ببێتە هۆی گومانی ئەوە لە هۆکاری مەرگ یان برینداربوون، بەڵام ئەو دەسەڵاتدارانی شیاو ئاگادار نەکاتەوە، بە زیندانیکردن بۆ لانی زۆر 3 مانگ یان سزادانی نەختی بە لانی زۆر 30 دینار سزا دەدرێت.»*
- ***یاسای پرۆسەی دادگایی تاوان لە عێراق و هەرێمی کوردستان: مادەی 48** «هەر کارمەندێکی حکوومی، لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی دا یان لە ئاکامی ئەنجامدانی ئەرکەکانی دا، بزانێت تاوانێک کراوە یان گومان بکات کە تاوانێک کراوە و هەنگاوی یاسایی لەبارەی تاوانەکەوە دەستی پێ کردبێت بێ ئەوەی سکاڵایەک هەبێت، هەروەها، هەرکەسێک کە وەکوو کارمەندێکی پزیشکی خزمەتی پێشکەش کردبێت لە کەیسێک دا کە تێدا هەندێ هۆکار هەبووبێت بۆ ئەوەی گومان بکات تاوانێک ڕووی داوە، وە هەروەها هەر کەسێک کە لە شوێنی ئەنجامدانی تاوانێک ئامادە بێت، دەبێ دەستبەجێ یەکێک لەو کەسانەی کە لە مادەی 47 دا دیاری کراوە ئاگادار بکاتەوە.»*
- **یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی نێوخێزان لە هەرێمی کوردستان، ژمارە 2011/8، مادەی 3، بەندی 2** «ئەو کەسانەی کە لە بواری چاودێریی تەندروستی، پەروەردە و کەرتە فەرمیەکان دا کار دەکەن، مافی ئەوەیان هەیە کەیسەکان ڕاپۆرت بدەن بۆ ئەوەی یارمەتیی قوربانیانی توندوتیژیی نێوخێزان بدەن.

| **ڕێنماییەکانی «بەڕێوەبردنی کلینیکیی حاڵەتەکانی لاقەکردن» (CMR) کە لە عێراق کاریان پێ دەکرێت (2016)** |
|---|
| ئەم پرۆتۆکۆلی CMRـە دان بەوە دا دەنێت کە کردارەکان و/یا ڕێساکانی ڕاپۆرتدانی ئیجباری ڕەنگە کۆسپ دروست بکەن بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتە تەندروستیە ژیانپارێزەکان، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئایا ڕزگاربووان دەیانەوێت سەبارەت بە کەیسەکەیان هەنگاوی یاسایی هەڵبگرن یان نە، و ئایا پێویستە دابینکەرانی خزمەتی پزیشکی کەیسەکە ڕاپۆرت بدەن بە پۆلیس یان نە.<br>لەم پرۆتۆکۆلی CMRـە دا، ئەم ڕێسا و کردارانەی خوارەوە بە کار دەهێنرێن بۆ ئەوەی دڵنیا ببین ئەولەویەت دەدرێت بە دابینکردنی خزمەتە تەندروستیە ژیانپارێزەکان بۆ ڕزگاربووان وە هەروەها لایەنەکان پابەند دەبن بەو پرینسیپیانەی کە ڕزگاربوو بە بنەما و ئەساس دادەنێن.<br>«1- ڕزگاربووان لە توندوتیژیی سێکسی، لەوانە ڕزگاربووان لە لاقەکردن، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەیانەوێت هەنگاوی یاسایی هەڵبگرن یان نە، دەبێ دەستبەجێ خزمەتی پزیشکییان بۆ دابین بکرێت، لەوانە: پێشنیارکردنی پشکنینی پزیشکی، دابینکردنی دەرمان بۆ ڕێگرتن لە هەوکردن و دووگیانیی نەخوازراو و ئیرجاعکردنیان بۆ بەشە پسپۆڕیەکانی تری نەخۆشخانە، بە ڕەزامەندی خۆیان، لەوانە پشکنینی پزیشکی دادوەری (ئەگەر داوا بکرێت)، وە هەموو ئەمانە دەبێ بەپێی خواست و بریار و ڕەزامەندیی ڕزگاربووان بکرێت.<br>2- ڕزگاربووان لە توندوتیژیی سێکسی نابێ ڕێگرییان لێ بکرێت بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتی تەندروستی لەبەر ئەوەی کە ڕازی نین کەیسەکەیان ڕاپۆرت بدرێت بە پۆلیس. هەمیشە دابینکردنی خزمەتی تەندروستیی کافی و بەوەخت بۆ ڕزگاربووان ئەولەویەتی یەکەمە.<br>3- کارمەندانی پزیشکیی لێهاتوو و شارەزا لە بواری CMR دەتوانن ڕاپۆرتێکی پزیشکیی سەرەتایی ئامادە بکەن و ڕاپۆرتەکە لەلایەن ئەو پسپۆرە کلینیکیەوە کە پەرستاری دەکات لە کەسی ڕزگاربوو ئامادە دەکرێت و لە شوێنێکی پارێزراو بە نهێنی دەمێنێتەوە.<br>4- هەموو ئەو کارمەندە تەندروستیانەی کە پەرستاری لە ڕزگاربووان دەکەن دەبێ لەسەر بنەمای ڕەزامەندی ئاگاهانەی کەسی ڕزگاربوو، پاراستنی نهێنی، سەلامەتی، جیاوازی دانەنان، ڕێزگرتن و پابەندبوون بە پرینسیپی ئەولەویەتدان بە ڕزگاربوو کارەکانی دابینکردنی خزمەت |

و ئیرجاعکردن ئەنجام بدەن. پێداویستیەکان، خواستەکان و باشترین بەرژەوەندیەکانی کەسی ڕزگاربوو ئەولەویەتیان هەیە بەسەر هەر جۆرە ڕاپۆرتدانی ئیجباری بە دەسەڵاتداران.
5- کارمەندانی تەندروستی دەبێ لە کاتی ئەنجامدانی پشکنینی جەستەیی زیاتر، کۆکردنەوەی بەڵگەی پزیشکی دادوەری، دابینکردنی گەواهیی پزیشکی، ئاگادارکردنەوەی ڕزگاربوو لە خزمەتەکانی تر (وەک ڕاوژێکاری) و ئیرجاعکردن دا پابەند بن بە پرینسیپەکانی ڕێنمایی لەبارەی توندوتیژیی ڕەگەزی کە دەڵێن پێویستە لە کاتی دابینکردنی خزمەتەکانی چاودێریی پزیشکی دا ئەولەویەت بە کەسی ڕزگاربوو بدرێت. ئەگەر هەبێت، دەبێ بە کەسی ڕزگاربوو پێشنیار بکرێت کە فەرمانبەرانی تەندروستیی کۆمەڵگا دەتوانن لەگەڵی بچن بۆ لای ئەو خزمەتانەی تر کە ئیرجاعیان بۆ دەکرێت.
6- ئەگەر کەسی ڕزگاربوو بڕیار بدات کە هەنگاوی یاسایی هەڵبگرێت، دەکرێت لە زانیاریەکانی نێو گەواهیی پزیشکی کەڵک وەربگرن بۆ پرکردنەوەی فۆرمە یاساییەکانی تر، هەرکات داوا بکرێت، دوای ئەوەی کە خزمەتی پزیشکیی گونجاو بۆ ئەو دابین دەکرێت.
7- دەبێ خزمەتی بەدواداچوونی تەندروستیی جەستەیی و دەروونی بۆ کەسانی ڕزگاربوو لە توندوتیژیی سێکسی دابین بکرێت بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەیانەوێت هەنگاوی یاسایی هەڵبگرن یان نە. هەمیشە دابینکردنی خزمەتی تەندروستیی نهێنی و ژیانپارێز بۆ ڕزگاربووان لە توندوتیژیی سێکسی ئەولەویەتی هەیە بە سەر هەموو چوارچێوە ئیجرایی و یاساییەکان دا.

| ڕێسا ستانداردەکانی کارکردن لەسەر توندوتیژیی ڕەگەزی لە هەرێمی کوردستان و ڕێسا ستانداردەکانی کارکردن لەسەر توندوتیژیی ڕەگەزی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق (2017) |
|---|
| «پێویستە هەمیشە ئەولەویەت بدرێت بە پاراستنی نهێنی و ڕەزامەندی ئاگاهانە. بەڵام، ڕێساکانی ڕاپۆرتدانی ئیجباری بە جۆرێکن کە ئەو چالاکوانانەی کە لەبارەی هەندێ جۆری تایبەت لە توندوتیژی زانیاری کۆ دەکەنەوە، یاسا یان سیاسەتی ڕێکخراوەکەیان ناچاریان دەکات کە ڕاپۆرتی ئەم زانیاریانە بدەن بە پۆلیس. بەرلە دەستپێکردنی دیمانە، گرنگە کە زانیاری بدرێت بە ڕزگاربووان لەبارەی ئەم ڕێسایانەی ڕاپۆرتدانی ئیجباری، جۆری ئەو زانیاریانەی کە ڕەنگە پێویست بێت بدرێن پۆلیس، و دەرەنجامە ئێحتماڵیەکانی ڕاپۆرتدان. دوای دانی ئەم زانیاریانە بە کەسی ڕزگاربوون، ڕەنگە ئەو بڕیار بدات کە هەندێ زانیاری لەبارەی ڕووداوەکە ئاشکرا نەکات (بۆ نموونە پیشەی تاوانکارەکە نەڵێت)، کە مافی ئەوەی هەیە. بەڵام خزمەتەکان هەر دەبێ بەپێی ئەو زانیاریانەی کە دەدرێن و هەروەها بەپێی خواست و ئاواتی کەسی ڕزگاربوو دابین بکرێن.<br>بەپێی مادەی 48 لە یاسای پرۆسەی دادگاییکردنی تاوان لە عێراق، ژمارە 23ی 1971، لەسەر هەموو کارمەندانی حکوومی فەرزە کە هەموو تاوانە بچووک و گەورەکان ڕاپۆرت بدەن، لەوانە حاڵەتەکانی لاقەکردن. هەر کارمەندێکی حکوومی کە لەسەری فەرزە ڕاپۆرت بدات بەڵام ئەنقسەت نایدات، بەپێی مادەی 247 لە یاسای سزادانی عێراق، ژمارە 111ی 1969 بە بەندکردن یان پارە سزا دەدرێت. بەپێی پرۆتۆکۆلی CMRی وەزارەتی تەندروستی لە 2017ـەوە، ڕێسای پێشنیارکراو بۆ کارکردن بەم شێوە دەبێت کە «خزمەتەکانی فریاکەوتنی پزیشکی دەستبەجێ بۆ رزگاربووان دابین دەکرێن بێ ئەوەی مەشرووت بکرێن بە سیاسەتی ڕاپۆرتدانی ئیجباری یان ئەو ڕێسایانەی کە دەبنە کۆسپ بۆ وەرگرتنی ئەم خزمەتانە. هەروەها، ئەگەر بێتوو کەسی ڕزگاربوو بڕیار بدات کە هەنگاوی یاسایی هەڵنەگرێت، ئەمە نابێ هیچ کاریگەریەکی نەرێنی لەسەر دەستگەیشتنی ئەو بە خزمەتە تەندروستیەکان هەبێت. هەمیشە دابینکردنی خزمەتی تەندروستیی ژیانپارێز، بەوەخت و نهێنی بۆ ڕزگاربووان ئەولەویەتی یەکەمە. ئەگەر کەسی ڕزگاربوو بڕیار بدات کە هەنگاوی یاسایی هەڵبگرێت، دەکرێت لە زانیاریەکانی نێو گەواهیی پزیشکی کەڵک وەربگرن بۆ پرکردنەوەی فۆرمە یاساییەکانی تر، هەرکات داوا بکرێت، دوای ئەوەی کە خزمەتی پزیشکیی گونجاو بۆ ئەو دابین دەکرێت. هەرکاتێ ڕێنماییەک لەلایەن وەزارەتی داد یان وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی فیدراڵەوە دەردەکرێت بۆ کارکردن بەم ڕێسا پێشنیارکراوانە، ئەوا دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە. هەتا ئەو کاتە، کارمەندانی تەندروستی دەبێ دەستبەجێ خزمەتی تەندروستی دابین بکەن، یەکەم شت بەرلەوەی پۆلیس بکات.» |

## ج. کەمکردنەوەی زیان

### 1. هەڵسەنگاندنەکانی هەڕەشە و مەترسی لە عێراق

**هۆشدار**: ئەو مەشق و چالاکیەی کە لەم بەشە دا هاتووە تەنیا بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و تەئکیدکردنە سەر چەند نموونە لە هەڕەشە و مەترسیە گەورەترکانە کە تایبەتی عێراقن، بۆ ئەوەی چالاکوانان زیاتر ئاگاداریان بن. ئەم زانیاریانە تەواو نین و ڕەنگە لە هەموو شوێن و ناوچەیەک وەها نەبن. **زۆر گرنگە کە هەریەک لە چالاکوانان هەڵسەنگاندنی تەواو، ورد و بەردەوام لەبارەی هەڕەشە و مەترسیەکانی پەیوەست بە کاری خۆی بکات، و دەبێ بەرلە ئەنجامدانی هەر ڕاسپاردە و چالاکیەک یان پەیوەندیکردن لەگەڵ قوربانی یان شایەتحاڵ لە هەر ناوچەیەک یان لە هەر شوێنێک کە لەوێ کار دەکات، ئەم هەڵسەنگاندنە ئەنجام بدات. هەڕەشە و مەترسیەکان بۆ هەر شوێن و کات و ڕۆژ و کەس و ڕێکخراو و چالاکی و قوربانیەک جیاوازن، و ڕەنگە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر زۆر جیاواز بن. هەرچەند ئەم پاشکۆیە چوارچێوەیەکی گشتی دابین دەکات، دەبێ هەڵسەنگاندنی مەترسی لە ئەساسەوە بەپێی زانیاریی بەڕۆژ و تایبەتی هر کار و ڕاسپاردەیەک ئەنجام بدرێت.**

ئەم خشتەیە چەند نموونەی تێدا یە کە ئاستی ڕێژەیی ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە ڕەنگە هەبن نیشان دەدەن. ئەمە تێکەڵێکە لە فۆرمەکانی 1 و 2ی نێو پاشکۆی 2ی IP2. ئەمە ئاستی هەڕەشەکان بەرلە کەمکردنەوەیان نیشان دەدات. ئەمانە تەنیا نموونەن و نابێت چالاکوانان پشتیان پێ ببەستن -- چالاکوانان دەبێ خۆیان هەڵسەنگاندنی ورد و هەمەلایەن لەبارەی هەڕەشە و مەترسیەکان ئەنجام بدەن و بە وریایی ستراتژی و بەرنامە بۆ کەمکردنەوەیان دابنن و جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی خۆیان دوور بگرن لە هەڕەشە و مەترسیەکان یان کەمیان بکەنەوە.

| ئەو هەڕەشانەی کە ڕەنگە هەبن، بەپێی سەرچاوە و مەترسی بۆ کەسی ڕزگاربوو | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەترسی/هەڕەشە | لەلایەن بارودۆخی ململانێوە | لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە | لەلایەن خێزان و کۆمەڵگاوە | لەلایەن ژینگەوە | لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە | لەلایەن پرۆسەی بەبەڵگەکردنەوە |
| بۆ کەسی ڕزگاربوو | ▲ هەبوونی بەردەوام چەکدارانی داعش. جەنگی ناوبەناو و توندوتیژی لێرە و لەوێ. تەقەمەنی یا بۆمبی نەتەقیو/ پاشماوەی شەڕ (UXO) مەترسیی هێرش و مەترسیی سەفەر بەپێی ناوچە و شوێن. | | ■ بەدناوی. کوشتنی نامووسی. ڕەتکردنەوە. | | △ بەدناوی، ئەگەر ئاشکرا ببێت. دووبارەکاری. پشکنینی کچێنی بە فەرمانی دادگا. بەتاوانکردن. نەگرتنەبەری باشترین ڕێگە بۆ پاراستن. ئاشکرابوون/ نەپاراستنی نهێنی. | △ دووبارەکاری، دووبارە تووشی ترۆما کردن، ئاشکراکردن و بەدناوی. |
| بۆ خێزان و کۆمەڵگا | | ■ بە دیلی هێشتنەوە؛ مەترسیی تۆڵەکردنەوە، ئەگەر بێتوو بزانن کەسی ڕزگاربوو لەگەڵ پڕۆژەی کۆکردنەوەی بەڵگە/ لێکۆڵینەوە هاوکاری دەکات. | ▲ بەدناوی. «ئابڕووچوون». | | | |
| بۆ کارمەندان | | | ▲ بەدناویی دەستەدوو. | | | ▲ ترۆمای دەستەدوو (ئاستەکانی توندوتیژیی سێکسی) |
| بۆ بەڵگە/ زانیاری | | | | | | △ یەکنەگرتنی زانیاریەکانی نێو چەند تۆمار یان دووبارەکاری |

ئاستەکان:

مەترسیی زۆر کەم زۆر زۆر ✖ مەترسیی کەم قەبووڵنەکردەنی ■ مەترسیی △ مامناوەند ▲ مەترسیی ◎ زۆر مەترسیی ●

## 2. کێشەکانی هەماهەنگی لە باکووری عێراق

هەروەها کە لە IP2 دا باس کرا، هەماهەنگکردنی هەوڵەکانی بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوە زۆر گرنگە. زۆربەی کات، لەو ناوچانەی کە دەوترێت CARSVی زۆر ڕووی داوە، چەندین لایەن هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگە و زانیاری دەدەن. بەتایبەت، لە باکووری عێراق، لە ئێستا دا، ژمارەیەکی زۆر کۆکرەوەی بەڵگە (لە ڕاهێنراو و ڕانەهێنراو، شارەزا و ناشارەزا)، ڕاسپێردراو (لە بەشی 1 لە سەرەوە واتا و پێناسەی «لایەنی ڕاسپێردراو» بخوێنەوە) و ڕانەسپێردراو چالاکانە و بە شێوازی جۆربەجۆر خەریکی بەڵگەکۆکردنەوەن (کە زۆرێکیان زیانبارن بۆ کەسی ڕزگاربوو و دادپەروەری لە داهاتوو دا) - ڕەنگە هۆکاری هەبوونی ئەم هەمووە لایەنە چالاکە ئەوە بێت کە نیگەرانیەک هەیە لەبارەی نەبوونی بەڵگە بۆ دەستپێکردنی هەنگاوە یاساییەکان یان ئان ئەوەی کە زۆرێک لە ڕێکخراوەکان/چالاکوانان پێیانوایە کە پێویستە پارمەتی بدەن بۆ ئەوەی میکانیزمێکی دادوەریی کاریگەر دابنرێت. بۆ نموونە، کۆمەڵێک هەوڵ دراوە بۆ پاڵپشتیکردن لە ناردنی کەیسەکان بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. بەڵام، بەشێکی زۆر لەم کارانە ناهەماهەنگ بووە، بۆ مەبەستێکی تایبەت بووە، بێ ئەوەی پرۆسە و پاڵپشتیی گونجاوی بۆ قوربانیان هەبێت. بە هەمان ئەندازە، زۆربەی ئەو تۆمارانەی کە دووبار و چەندجارە ئامادە کراون دەتوانن زیان بگەیەنن بە شیاتیەکان لە دادگا.

هەر کەسێک کە بڕیار دەدات بەڵگە کۆ بکاتەوە، پێویستە زۆر وردبینانە سەرنج بدات و بزانێت لایەنە ڕاسپێردراو و ڕانەسپێردراوەکان کامانەن، پێشتر چ کارێک کراوە و چ کارێک خەریکە دەکرێت و ئایا بەڕاستی کۆکردنەوەی بەڵگە (ی زیاتر) پێویستە. لیستێکی بنەڕەتی لە ئەو لایەنانەی کە لە ئێستا دا ڕاسپێردراون لە بەشی 3 دا هاتووە. وەکوو هەنگاوی یەکەم، هەوڵ بدەن لەگەڵ هێشووی

لاوەکیی توندوتیژیی ڕەگەزی (GBV Sub-Cluster) پەیوەندی بکەن (کە لەلایەن UNFPA ـەوە هەماهەنگ دەکرێت[49]) و دڵنیا بین کە لایەنە ڕاسپێردراوەکان دەناسن و ڕێگە باش و بێمەترسی و تاقیکراوەکانی ئیرجاع بۆ هەموو جۆرەکانی پاڵپشتی لە کەسانی ڕزگاربوو لە ناوچەکەتان دەزانن (بەشی داهاتوو بخوێننەوە).

*هەنگاوە گرنگەکانی تر کە دەبێ بەرلە دەستپێکردنی هەر کارێک ئەنجام بدرێن*

تکایە برێک بیر بکەنەوە و لە خۆتان بپرسن بۆچی و بۆ چ مەبەستێک دەتانەوێت بەڵگە کۆ بکەنەوە. لە ئەم هەڵسەنگاندنە دا دەبێ ڕوون بکرێتەوە ئایا کۆکردنەوەی بەڵگە بەڕاستی سوودی بۆ قوربانیان/ڕزگاربووان و بەدیهێنانی دادپەروەری لە داهاتوو دەبێت یان نە. بۆ کارەکەی تۆ، جیا لە دیمانەکردن لەگەڵ ڕزگاربووان، چ سەرچاوەگەلێکی تری زانیاری ڕەنگە پێویست بن؟ هەروەها دەبێت ئەو هەنگاوانە دیاری بکرێن کە تۆ هەڵیدەگریت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەر کارێکی بەڵگەکۆکردنەوە کە ئەنجامی دەدەیت دووبارەکردنەوەی کاری لایەنەکانی تر نیە و نابێتە هۆی لاوازکردنی ئەو هەوڵانەی کە لە ئێستا دا بۆ بدیهێنانی دادپەروەری دەدرێن (لە ڕووی چۆنیەتیی ئەنجامدان، فۆرمات، و بەکارهێنانەوە). زۆر جار، لایەنەکان بە نیاز پاکیەوە لەبارەی CARSV بەڵگە کۆ دەکەنەوە یان لێکۆڵینەوە دەکەن بێ ئەوەی کات تەرخان بکەن بۆ ئەوەی هەموو ئەم شتانە لە بەرچاو بگرن.

تکایە ئەوەت لە بیر بێت کە ڕۆڵی هەموو کەسێک ئەوە نیە کە لەبارەی CARSV (یان تاوان و پێشێلکاریەکانی تر) بەڵگە کۆ بکاتەوە. هەندێجار، ڕۆڵی پارێزەران، چالاکوانان، فریاڕەسان یان ئەوانەی کە خزمەتەکانی پاڵپشتی بۆ ڕزگاربووان دابین دەکەن ئەوە یە کە ڕزگاربووان لە مەترسیەکان و سوودەکانی کۆکردنەوەی بەڵگە ئاگادار بکەنەوە و لەبارەی ئەو لایەنە جۆربەجۆرانەی کە بەڵگە کۆ دەکەنەوە لەوانە لایەنە ڕاسپێردراوەکان، زانیارییان پێ بدەن، و هەروەها دڵنیا بین کە کەسی ڕزگاربوو دەتوانێت بەتەواوی ئاگاهانە بڕیار بدات کە ئایا دەیەوێت لەبارەی کەیسەکەی بەڵگە کۆ بکرێتەوە یان نە، و ئەگەر دەیهەوێت، ئەم ئەرکە بە چ لایەنێک دەسپێرێت. ئەم کەسانە هەروەها ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە لێپرسینەوەی ئەو لایەنانە کە ناساندوویانە بە کەسانی ڕزگاربوو بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگە - لەوانە ڕۆژنامەوانان - سەبارەت بە ئەو ستاندارد و چوارچێوە کاریانەی کە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگە دا بە کاریان هێناوە.

هاوکاریکردن لەگەڵ هێشووی لاوەکیی توندوتیژیی ڕەگەزی (GBV Sub-Cluster) کە لەلایەن UNFPAوە هەماهەنگ کراوە دەتوانێ یارمەتیت بدات کە بزانیت چ کەسانێکی تر خەریکن بەڵگە کۆ دەکەنەوە و بۆ چ مەبەستێک کۆی دەکەنەوە. هەروەها ڕەنگە پێویست بێت لە دابینکەرانی تر و چالاکانی تر پرسیار بکەیت بۆ ئەوەی زانیاریی تەواو و بەرۆژت هەبێت، بۆ نموونە لەبارەی ئەو لایەنانەی کە بە نوێنەرایەتیی ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگای مەدەنی بەڵگە کۆ دەکەنەوە. ئەمە یارمەتیت دەدات کە بیر بکەیتەوە ئایا پێویستە تۆ بەڵگە کۆ بکەیتەوە، ئەمەش خاڵی دەستپێک دەبێت بۆ هەماهەنگیکردنی تۆ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر بۆ ئەوەی ڕێگە بگرن لە دووبارەکاری.

ئەگەر تۆ هەڵسەنگاندنی سەرەتایی دەکەیت کە ڕەنگە پێویست بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕزگاربوویەک (یان شایەتحاڵێک) دیمانە بکەیت و لەبارەی کەیسەکەی بەڵگە کۆ بکەیتەوە، یەکێک لەو پرسیارانەی تر کە دەبێ بەرلە هەموو شتێک لە خۆت بپرسیت ئەوە یە کە ئایا پێشتر لایەنێکی تر لەبارەی بەسەرهاتی ئەم کەسە بەڵگەی کۆ کردووەتەوە یان نە. ئەگەر پێشتر لەبارەی کەیسەکەی ئەو بەڵگە کۆ کراوەتەوە، تۆ نابێت ئیتر درێژە بدەیت بێ ئەوەی هیچ کۆپیەک وەربگریت لەو بەڵگانەی کە پێشتر لەبارەی ئەو ڕزگاربووە (یان شایەتحاڵە) کۆ کراونەتەوە. (زۆربەی ڕزگاربووان/شایەتحاڵەکان کۆپیی ئەو بەڵگانەیان نیە کە پێشتر لەبارەی کەیسەکەیان کۆ کراونەتەوە، و زۆربەی ڕێکخراوەکانی کۆکردنەوەی بەڵگە نایانەوێت یان ناتوانن کۆپیی ئەم جۆرە بەڵگانە بدەن بە تۆ). هەر هەڵسەنگاندنێک یان ئامادەکاریەکی پێش دیمانە لەم شێوە دەبێ هەروەها بە وریایی و شارەزای پێویستەوە ئەنجام بدرێت؛ «تەنانەت» لەم ئامادەکاریانەی پێش دیمانە دا، مومکینە تۆ خەڵک بخەیتە مەترسیەوە و ببیتە هۆی گەیشتنی زیانی زۆرتر بە ئەوان. ئەگەر پێشتر لەبارەی کەیسەکەی بەڵگە کۆ نەکراوەتەوە، لە خۆت بپرسە ئەگەر کەیسەکە بسپێردرێت بە لایەنێکی ڕاسپێردراو سوودی زۆرتری نابێت بۆ کەسی ڕزگاربوو و ئامانجەکانی. لە بارودۆخێکی وەها دا، تۆ دەتوانیت پاڵپشتی و ڕێنمایی ئەو بکەیت کە لایەنێکی ڕاسپێردراو سەبارەت بە کەیسەکەی بەڵگە کۆ بکاتەوە و یارمەتیی پێویستی بۆ دابین بکرێت بێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێ بگات.

## 4. ئیرجاعکردن لە عێراق (پیاوان، ژنان، کچان و کوڕان)

UNFPA و هێشووی لاوەکیی توندوتیژیی ڕەگەزی (GBV Sub-Cluster) کۆمەڵێک ڕێگەی ئیرجاعکردنیان بۆ زۆرێک لە ناوچەکانی عێراق هەیە. ئەم ڕێگانە لێرە باس ناکرێن بۆ ئەوەی نهێنیبوونی هەندێ لەم خزمەتانە بپارێزین، و هەروەها لەبەر ئەوەی کە بە تێپەڕبوونی کات ئەم ڕێگانە دەگۆڕدرێن. هەروەها هەندێ ڕێنمایی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کەیس و ئیرجاعکردن لە عێراق

[49] وەکوو نموونە ئەمە ببینن، https://www.humanitarianresponse.info/system/files/documents/files/gbv_subcluster_organogram_and_contacts_february2017.pdf.

هەن. **زۆر گرنگە کە لە قۆناخەکانی ئامادەکردن دا ئەم ڕێنماییانە بخوێننەوە و لە هەموو قۆناخەکانی لێکۆڵینەوە دا لە بەرچاویان بگرن و کاریان پێ بکەن.**

بەگشتی، لە عێراق بۆ ڕزگاربووانی نێرینە و هەروەها بۆ ڕزگاربووانی کەمینە سێکسی و ڕەگەزیەکان (SGM)، وەکوو کەسانی هاوڕەگەزواز و ترانس، هیچ ناوەندێکی یارمەتی و خزمەتگوزاریەک نیە. هەروا کە لە IP2 دا پێشنیار کراوە، پێویستە چالاکوانان بیر بکەنەوە لە یارمەتیوەرگرتن لە تۆڕە نارەسمیەکانی پاڵپشتی و ئەو دابینکەرە پسپۆڕە مەدەنیانەی کە دەتوانن هەندێ ڕێنمایی، پاڵپشتی یان خزمەت دابین بکەن.

# بەشی 9: پلاندانان

ئەم پاشکۆیە بەتێکرا کۆمەڵێک زانیاریی پەیوەندیدار پێشکەش دەکات بۆ مەبەستی پلاندانان بۆ بەبەڵگەکردنی تاوانەکان. ئەم برگە تایبەتیە، بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵە پرسیارەکانی IP2 بۆ توێژینەوە و شیکردنەوە (بەشی 9، خانەی 2، لاپەڕەی 123)، ناونیشانی بەشە پەیوەندیدارەکانی نێو ئەم پاشکۆیەتان پێ دەدات و هەروەها لیستێکی سەرەتایی لە سەرچاوەی خوێندنەوە و ئۆنلاین پێشکەش دەکات بۆ مەبەستی توێژینەوەی زۆرتر.

| پرسیارەکانی ڕێنمایی بۆ توێژینەوە و شیکردنەوە | | |
|---|---|---|
| *پرسیار* | *تێبینیەکان* | *خاڵە باشەکانی توێژینەوە، ڕاپۆرتەکان یان خوێندنەوە.* |
| لێکۆینەوەی سەرەتایی لە هەندێ تاوانی تایبەت | | |
| داینامیکی ڕەگەز لە ناوچەکە | بەشی 2 و 7 لە سەرەوە بخوێنەوە | • I-WISH لێکۆڵینەوە (2011)، لاپەڕەی 46 هەتا 50 و 53 هەتا 57. https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/I-WISH%20Report%20English.pdf<br>• UNIRAQ فاکتشیتی ژنان لە عێراق (2013) http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=item&id=498:women-in-iraq-factsheet&Itemid=626&lang=en<br>• UNFPA هەڵسەنگاندنی کچانی مێرمنداڵ لە هەرێمی کوردستان (2016) https://www.humanitarianresponse.info/sites/www.humanitarianresponse.info/files/assessments/adolescent_girls_assessment_report_kri_2016_002.pdf<br>• CARE هەڵسەنگاندنی خێرای ڕەگەزی - مووسڵ (2016) https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/RGA%20Mosul_SECOND%20UPDATE.pdf<br>• IILHR ژنان و یاسا لە عێراق (2011) http://www.iilhr.org/documents/womenandlawiniraqEN.pdf<br>• HRW هیچ کەسێک پارێزراو نیە، ژنان لە عێراق (2014) و توندوتیژیی نێوخێزان لە عێراق https://www.hrw.org/report/2014/02/06/no-one-safe/abuse-women-iraqs-criminal-justice-system (2017)<br>• UNICEF بارودۆخی یەکسانیی ڕەگەزی لە عێراق (2011) https://www.unicef.org/gender/files/Iraq-Gender-Eqaulity-Profile-2011.pdf<br>• HRW ئەوان دەیانەوێت لەناومان ببەن (2009) https://www.conseil-lgbt.ca/uploads/files/iraq0809webwcover.pdf<br>• IGLHRC لێکۆڵینەوەی سەرەتایی سەبارەت بە عێراق (2013) https://web.archive.org/web/20131003222620/http://www.iglhrc.org/sites/default/files/Iraq%20Baseline%20Study%20Final%20with%20Table%20of%20Contents%201.29.13.pdf |
| سروشت و ڕادەی توندوتیژیی سێکسی | بەشی 2 لە سەرەوە بخوێنەوە | • UNFPA **هەڵسەنگاندنی توندوتیژیی ڕەگەزی لەو پارێزگایانەی کە بەر ململانێ کەوتوون** (2016) http://iraq.unfpa.org/publications/gbv-assessment-conflict-affected-governorates-iraq<br>• هێشووی لاوەکیی توندوتیژیی ڕەگەزی لە عێراق ستراتژیی 2016 https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/gbv_sub-cluster_strategy_iraq_2016_full_endorsed.pdf<br>• لێبوردنی نێودەوڵەتی هەڵهاتن لە دۆزەخ (2014) https://www.amnesty.org.uk/files/escape_from_hell_-_torture_and_sexual_slavery_in_islamic_state_captivity_in_iraq_-_english_2.pdf<br>• UNCOI Syriaئەوان هاتبوون بۆ کاولکردن (2016) http://www.ohchr.org/Documents/HRBodies/HRCouncil/ColSyria/A_HRC_32_CRP.2_en.pdf<br>• نادیە ئەلعەلی توندوتیژیی سێکسی لە عێراق (2016)<br>• هێنیا دەککاک چارەسەرکردنی توندوتیژیی سێکسی لە عێراق (2007) http://www.fmreview.org/sites/fmr/files/FMRdownloads/en/FMRpdfs/FMR27/full.pdf<br>• UNFPA هاوسەرگیریی منداڵان لە هەرێمی کوردستان (2016) http://iraq.unfpa.org/sites/default/files/pub- |

| | | |
|---|---|---|
| | | pdf/Child%20Marriage%20Broucher%20English%20Final%20covers%206.pdf<br>• Heartland Alliance لێکۆڵینەوەی سەرەتایی و ئاستی بەربڵاویی خەساندنی ژنا لە هەرێمی کوردستان (2015)<br>http://www.stopfgmmideast.org/wp-content/uploads/2017/01/FGM-Prevalence-Survey-Report_Final_HAI.pdf<br>https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/20140908%20KAP%20Survey%20Key%20Findings%20HCWA%20UNICEF%20Final.pdf |
| تێگەیشتن و بیرورای کۆمەڵگا لەبارەی توندوتیژیی سێکسی | بەشی 7 لە سەرەوە بخوێنەوە | • بەیگیخانی، گێڵ و هەیگ توندوتیژیی «نامووسی» (2015) لە هەرێمی کوردستان<br>• WILFP & Ors. ڕاپۆرتی سێبەری ICCPR لەبارەی توندوتیژیی ڕەگەزی لە عێراق (2015)<br>http://www.law.cuny.edu/academics/clinics/hrgj/publications/ICCPR-Iraq-Shadow-Report-GBV-ENG-PDF.pdf<br>• Heartland Alliance توندوتیژیی ڕێکخراو دژی ژنان و کچان (2011)<br>https://www.heartlandalliance.org/international/wp-content/uploads/sites/15/2017/02/Institutionalized-Violence-Against-Women-and-Girls-in-Iraq-Laws-and-Practices-January-2011.pdf |
| بارودۆخی ئاسایش و کۆسپەکانی بەردەم کەڵکوەرگرتن لە میکانیزمەکانی لێپێچینەوەی تاوانکاران. | بەشی 3 و 7 و 9 لە سەرەوە بخوێنەوە | سەرچاوەکانی هەواڵی بەڕۆژ (بە ئینگلیزی):<br>• iraqnews.com<br>• ماڵپەڕی Niqash.org<br>• ماڵپەڕی UNAMI<br>• Relief Webنوێترین زانیاریەکان لەبارەی عێراق (چەندین سەرچاوە)<br>• گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی ئێراق و پەڕەی تایبەتی چاودێری قەیران بۆ عێرزاق |
| توندوتیژیی سێکسی چۆن دەکرێتە تاوان؟ | بەشی 4 لە سەرەوە بخوێنەوە | |
| چۆن لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێت؟ | بەشی 3 لە سەرەوە بخوێنەوە | |
| جۆرە جیاوازەکانی دادوەری | بەشی 3 لە سەرەوە بخوێنەوە | |
| **توێژینەوەی سەرەتایی لە بارەی بەستێن** | | |
| بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی. مێژووی ململانێ و چەوساندنەوە. | بەشی 2 لە سەرەوە بخوێنەوە | • ماڵپەڕی UNAMI<br>• گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی ئێراق و پەڕەی تایبەتی چاودێری قەیران بۆ عێرزاق<br>• خوێندنەوە لەبارەی ڕابردوو:<br>○ Yitzhak Nakashشێعەکانی عێراق<br>○ Hanna Batatuچینی کۆمەڵایەتیە کۆنەکان و بزۆتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە عێراق<br>○ Marion Farouk-Sluglett & Peter Sluglettئێراق لە 1958ـەوە<br>○ Dexster Kilkinsجەنگی هەتاهەتایی<br>○ Kanan Makiyaکۆماری ترس: سیاسەت لە عێراقی مۆدێرن دا<br>○ نادیە ئەلعەلی ژنانی عێراق: چیرۆکە نەوتراوەکان، 1943 هەتا ئەمڕۆ |
| ئامانج چ کەسانێکن؟ گرۆ جیاوازەکان چۆن کراونەتە ئامانج؟ | | • لێبوردنی نێودەوڵەتی هەڵهاتن لە دۆزەخ (2014)<br>• UNCOI Syriaئەوان هاتبوون بۆ کاولکردن f(2016)<br>• ماڵپەڕی Yazda https://www.yazda.org |
| ڕاپۆرتەکانی تاوانەکانی تر؟ شێوازەکانی ئەنجامدانی تاوانەکان؟ | | • ڕاپۆرتەکانی UNAMI<br>http://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=item&layout=item&id=943&Itemid=637&lang=en<br>• وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر وڵاتی عێراق (ڕاپۆرتدانی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ)<br>• لێبوردنی نێودەوڵەتی پەڕەی تایبەتی عێراق و بڵاوکراوەکان<br>• چاودێری مافی مرۆڤ پەڕەی تایبەتی عێراق |
| **توێژینەوەی سەرەتایی لەبارەی ئەو خزمەتانەی کە بەردەستن و کەڵکیان لێ وەرگیراوە** | | |
| 🕔 بەشی ڕێگەکانی ئیرجاعکردن لە سەرەوە و پاشکۆکان لە خوارەوە بخوێنەوە.<br>○ UNFPA http://iraq.unfpa.org<br>○ پەڕەی UNHRC Iraqلە ماڵپەڕی RefWorld: http://www.refworld.org/country,,UNHCR,,IRQ,,,,0.html و پەڕەی تەرکیزی جیهانیی ئەوان لەسەر عێراق http://reporting.unhcr.org/node/2547<br>🕔 کۆسپەکانی بەردەم کەڵکوەرگرتن لە خزمەتەکان؟ بەشێ 7 (لەبارەی بەدناوی و تاوانی «نامووسی»). | | |

# پاشکۆ 1: پەیڕەونامەی کۆکردنەوەی بەڵگە کەڵکوەرگرتن لە یاسای عێراقی

لە ئەم پاشکۆیە دا، چوارچێوەی پەیڕەونامەی بەڵگە و شایەتی کە لە IP2 وەرگیراوە هەندێ گۆڕانکاری تێدا کراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسی لە چوارچێوەی یاسای سزادانی عێراق بگونجێت. پێشنیار دەکەین ئەو چالاکانەی کە لە عێراق کار دەکەن، هەروەها بۆ مەبەستی لێپێچینەوەی تاوانکاران و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان لە عێراق، کەڵک لە چوارچێوەی پەیڕەونامە، ڕێنماییەکان و نموونەکانی نێو پاشکۆی 1ی IP2یش وەربگرن بۆ هەڵسەنگاندنی تاوانەکان بەپێی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی. هەروەها کە لە بەشی 4 لەسەرەوە باس کرا، جیاوازیی گەورەتر هەیە لەنێوان یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نیشتمانیی عێراق دا.

هەروەها، پێویستە ئەوە بڵێین کە لەم پەیڕەونامەی کۆکردنەوەی بەڵگە دا دیاریکردنی پێکهاتەکانی تاوانەکانی توندوتیژیی سێکسی لە عێراق سنووردار بووە بەهۆی (1) نەبوونی وشە و دەستەواژەی پێناسەکراو لە یاسای عێراقی دا، و (2) لەبەردەستنەبوونی مێژووی دادوەری و کەمبوونی ژمارەی کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی لە دادگاکان کە ئەگەر بوایە دەیتوانی یارمەتیمان بدات دیاری بکەین دادگاکانی عێراق بۆ هەریەک لە تاوانەکان چ جۆرە بەڵگەیەک قەبووڵ دەکەن.

لە ئاکامی ئەمە دا، پێشنیار دەکەین کە چالاکوانان لە تەجروبەی خۆیان لەم کەیسانە لە دادگاکانی عێراق کەڵک وەربگرن و هەروەها ئەگەر مێژوویەکی دادوەری یان تەفسیرێکی دادوەری نوێیان دەست کەوت، لەو زانیاریانەی کە کۆی دەکەنەوە سوود وەربگرن و ئەم پەیڕەونامەیە بەڕۆژ بکەنەوە.

(هەروەها ئەو چوارچێوەی کە لە IP2 دا بۆ پەیڕەونامەی کۆکردنەوەی بەڵگە دیاری کراوە دەبێ بە کار بهێنرێت لەلایەن ئەو چالاکوانانەی کە لە عێراق یان لەسەر عێراق کار دەکەن و بەڵگەی CARSV کۆ دەکەنەوە بۆ مەبەستی لێپێچینەوەی تاوانکاران و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان لە وڵاتی سێیەم، لە دادگاکانی تری تاوانی نێودەوڵەتی یان دادگاکانی تری مافی مرۆڤ، کۆمیسیۆنەکان، لێکۆڵینەوەکان و هتد. -- یان، ئەگەر هاتوو عێراق لە داهاتوو، بە یارمەتیی نێودەوڵەتی یان بێ ئەمجۆرە یارمەتیە، دادگایەک یان میکانیزمێکی تری دانا بۆ تاوانە نێودەوڵەتیەکانی ڕابردوو.)

| تاوان: لاقەکردن مادەی 393(1) | | | |
|---|---|---|---|
| ئێلێمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلێمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن: جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| ئێلێمانی تایبەت: (الف) سێکس کردن لەگەڵ کەسێکی مێینە یان سێکسی کۆم لەگەڵ هەرکەسێک | | | |
| (الف) «سێکس کردن» لەگەڵ کەسێکی مێینە یان «سێکسی کۆم» | ئەوەی کە چووک/قەزیب بچێتە نێو زێ/فەرج دا یان | • شایەتیدانی قوربانیی رزگاربوو<br>• شایەتیدانی شایەتحاڵ<br>• بەڵگەی پسپۆڕی پزیشکی (بڕان، شینبوونەوە، و هتد): **تێبینی: ئەمە ناکرێت وەکوو بەڵگەی لەدەستدانی کچێنی بە کار بهێنرێت.** یان<br>• دۆزینەوەی بەڵگە وەکوو نموونەی تۆو/دی.ئێن.ئەی. | |
| | ئەوەی کە چووک/قەزیب بچێتە نێو کۆم دا. | • بەڵگەی قوربانیی رزگاربوو<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ<br>• بەڵگەی پسپۆڕی پزیشکی (بڕان، شینبوونەوە، و هتد):<br>• دۆزینەوەی بەڵگە وەکوو نموونەی تۆو/دی.ئێن.ئەی. | |
| تێبینیەکان: | | | |
| **بەپێی یاسای عێراقی هەر چوونەناوەوە/پێداکردن کافیە (تەنانەت ئەگەر کەمیش بێت).**<br>ئەگەر سادە تەفسیری بکەین، ئەمە چوونەناوەوە یان پێداکردنی شتی تر (وەکوو قامک یان شتی بێگیان) بە زێ یان کۆم دا ناگرێتەوە. هەروەها پێداکردنی چووک/قەزیب بە کونەکانی تری لەش (وەکوو دەم) ناگرێتەوە.<br>زمانی ڕەگەزی لە یاسای عێراقی دا نیشان دەدات کە تەنیا پیاو دەتوانێت دەستدرێژیکەری جەستەیی بێت (لە خوارەوە جۆرەکانی تری بەپرسیارەتی بخوێنەوە). | | | |
| ئێلێمانی تایبەت: (ب) بێ ڕەزامەندی | | | |
| بێ ڕەزامەندیی ئەوان | دەستەواژەکانی ڕەزامەندی و بێ ڕەزامەندی لە یاسای عێراقی دا پێناسە نەکراون. *لە مادەکانی تری یاساکە دا، نووسراوە «وە بە بەکارهێنانی زۆر، هەڕەشە یان ئامرازی تر» -* | • بەڵگەی کەسی ڕزگاربوو.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی پسپۆڕی پزیشکی (بڕان، شینبوونەوە، و هتد) - بەڵام ئەوە لە بەرچاو بگرن کە تویژینەوە زانستیەکان | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | *کە وای دەگەیەنێت کە ئەمانە جیاواز و جیان لە چەمکی «بێ ڕەزامەندی».* | نیشان دەدەن کە ئەمە تەنیا لە 33%ی کەیسەکان دا هەیە)<br>• بەڵگەی بارودۆخی ناچاری کە ئەگەری هەبوونی ڕەزامەندیی ڕاستەقینە بەتاڵ دەکاتەوە. | |

تێبینییەکان:

لە سەرچاوە دادوەریە نیشتمانیەکانی تر دا، «ڕەزامەندی» وەها پێناسە کراوە کە یانێ مرۆڤ ئازادانە ڕازیبوونی خۆی دەربڕێت و توانایی ئەوە هەبێت کە دڵخوازانە بڕیار بدات.

بەداخەوە، زۆربەی کات، وەختێک دادگا نیشتمانیەکان دەگەڕێن بۆ بەڵگەی ڕەزامەندی، بە جێگەی ئەوەی کە پشت ببەستن بە بەڵگەی نەبوونی ڕەزامەندیی ئاشکرا و پۆزەتیف یان بەڵگەی بارودۆخی ناچاری کە ئەگەری هەبوونی ڕەزامەندیی ڕاستەقینە بەتاڵ دەکاتەوە، دادگاکان بە شێوەیەکی نادروست دەگەڕێن بۆ بەڵگەی بەکارهێنانی زۆر، یان ئەوەی کە قوربانی شەڕی خۆپاراستنی کردبێت و بەرگریی جەستەیی کردبێت یان ئەوەی کە قوربانی دژی ئەو شتەی کە ڕووی داوە قسەی کردبێت.

**لە تەفسیری نێودەوڵەتی دا دەستەواژەی «بێ ڕەزامەندی» یانێ «بە بەکارهێنانی زۆر یان هەڕەشەی بەکارهێنانی زۆر، یان ناچاربوون بۆ نموونە لە ترسی توندوتیژی، زۆرەملێ، دەستبەسەرکردن، ئازاردانی دەروونی، یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دژی ئەو کەسە یان کەسێکی تر، یان بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخی ناچاری، یان دژی کەسێک کە ناتوانێت ڕەزامەندیی ڕاستەقینە بدات» (بەپێی زمانی ICC).**

*چالاکوانان لە عێراق ئامۆژگاری دەکرێن کە بەپێی ستاندارد ە نێودەوڵەتیەکان بەڵگەکان تۆمار بکەن، و لە دادگاکانی عێراق لەسەر ئەوە برۆن کە بارودۆخی ناچاری دەبێتە هۆی بەتاڵبوونی هەرجۆرە ڕەزامەندی و لەبەر ئەمە لەگەڵ ئێلێمانە یاساییەکانی ئەم تاوانە دەگونجێت.*

بارودۆخی سەخت

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەمەنی قوربانی | تەمەنی ژێر 18 ساڵە | • شایەتیی قوربانی.<br>• شایەتی باوک/دایک یان کەسوکار.<br>• بەڵگەی لەدایکبوون.<br>• بەڵگەی پسپۆڕی پزیشکی (پسپۆڕانی پزیشکی لەڕووی قۆناخەکانی گەشەکردن دەتوانن بڵێن کە تەمەنی کەسێک نزیکەی چەنێکە). | |
| پێگەی تاوانکار | خزمی قوربانی تا نەوە/دەرەجەی سێ. یان سەرپەرست، پشتیوان، قەیمی قوربانی یان کەسێک کە دەسەڵاتی بە سەر قوربانی دا هەیە یان سەروەری ئەوە و قوربانی خزمەتکاریەتی. یان بەرپرسی حکوومی، ڕێبەری ئایینی، یان دوکتۆر بووە و لە متمانەی پلەوپایەی خۆی کەڵکی وەرگرتووە. | • بەڵگەی قوربانی.<br>• بەڵگەی لەدایکبوون کە جۆری خزمایەتیی خێزانی نیشان بدات.<br>• بەڵگەی یاسایی یان گرێبەستی کە جۆرەکانی تری پەیوەندی یان پێگە و پلەوپایە نیشان بدات.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ کە بریتیە لە شایەتیدانی ئەندامانی خێزان یان ئەندامانی کۆمەڵگە لەبارەی پەیوەندی یان پێگە و پلەوپایە. | |
| چەند تاوانکار یان چەند جار | 2 یان چەند کەس یان چەند جار. | • بەڵگەی قوربانی.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• دۆزینەوەی بەڵگە وەکوو نموونەی تۆو/دی.ئێن.ئەی.<br>• بەڵگەی پسپۆڕی پزیشکی کە ڕەنگە بیسەلمێنێت کە برینەکە یان زیانەکە نیشان دەدات کە تاوانەکە چەند جار کراوە یان چەند کەس کردوویانە.<br>(تێبینی: نەبوونی بەڵگە و زانیاری بە واتای ئەوە نیە کە تاوانەکە ئەنجام نەدراوە.) | |
| قوربانی لە ئاکامی تاوانەکە تووشی نەخۆشیی سێکسی دەبێت | تووشبوون بە نەخۆشیەکی سێکسی دوای ڕووداوەکە لە حاڵێکدا بەرلەوە ئەو نەخۆشیەی نەبووە. نەبوونی سەرچاوەی تر. | • بەڵگەی قوربانی.<br>• ڕاپۆرت/پشکنینی پزیشکی | |
| لە ئاکام دا قوربانی کچێنیی لە دەست دەدات | | • بەڵگەی قوربانی.<br>• بەڵگەی لاوەکی.<br>تێبینی: پشکنینی کچێنی یان پەردە لەڕووی زانستیەوە جێبایەخ نیە و هەرجۆرە پشکنینی بەزۆر خۆی | |

| ئێلیمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلیمانەکان | جۆرەکانی بەڵگە | بەڵگەی تۆ |
|---|---|---|---|
| | | دەکرێ وەکوو توندوتیژیی سێکسی هەژمار بکرێت. | |
| تێبینیەکان: | | | |
| تەرکیز لەسەر کچێنی دەتوانێت زیانبار و لکەدارکەر بێت. | | | |

| تاوان: سێکس کردن لە دەرەوەی هاوسەرگیری، مادەی (1)393 | | | |
|---|---|---|---|
| ئێلیمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلیمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| ئێلیمانی تایبەت: (الف) سێکس کردن لەگەڵ کەسێکی مێینە یان سێکسی کۆم لەگەڵ هەرکەسێک | | | |
| (الف) «سێکس کردن» لەگەڵ کەسێکی مێینە یان «سێکسی کۆم» | ئەوەی کە چووک/قەزیب بچێتە نێو زێ/فەرج دا یان | • بەڵگە<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ<br>• دۆزینەوەی بەڵگە وەکوو نموونەی تۆو/دی.ئێن.ئەی. | |
| | ئەوەی کە چووک/قەزیب بچێتە نێو کۆم دا. | • بەڵگەی قوربانیی رزگاربوو<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ<br>• بەڵگەی پسپۆری پزیشکی (بڕان، شینبوونەوە، و هتد):<br>• دۆزینەوەی بەڵگە وەکوو نموونەی تۆو/دی.ئێن.ئەی. | |
| تێبینیەکان: | | | |
| **بەپێی یاسای عێراقی هەر چوونەناوەوە/پێداکردن کافیە (تەنانەت ئەگەر کەمیش بێت).**<br>ئەگەر سادە تەفسیری بکەین، ئەمە چوونەناوەوە یان پێداکردنی شتی تر (وەکوو قامک یان شتی بێگیان) بە زێ یان کۆم دا ناگرێتەوە. هەروەها پێداکردنی چووک/قەزیب بە کونەکانی تری لەش (وەکوو دەم) ناگرێتەوە.<br>زمانی ڕەگەزی لە یاسای عێراقی دا نیشان دەدات کە تەنیا پیاو دەتوانێت دەستدرێژیکەری جەستەیی بێت (لە خوارەوە جۆرەکانی تری بەپرسیارەتی بخوێنەوە) و لەبەر ئەمە، ئەم تاوانە ئەو ژنانە ناگرێتەوە کە لەم کردارە ڕەزامەندیە دا دەوریان هەبووە. لە کردەوە دا، وا دیارە کە هەردووکیان دەگرێتەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم ئێلیمانە تێکنیکیە یاساییە. | | | |
| ئێلیمانی تایبەت: (ب) لە دەرەوەی هاوسەرگیری و بە ڕەزامەندی | | | |
| (ب) لە دەرەوەی هاوسەرگیری | ئەو دوو کەسەی کە بە ڕەزامەندی ئەم کردارەیان ئەنجام داوە هاوسەری یەکتر نەبوونە. | • شایەتحاڵی ئەم تاوانە دەکرێ هاوسەر و ئەندامی خێزانیش بێت.<br>• شایەتیدان یان دانپێدانانی کەسی تۆمەتبار.<br>• نەبوونی تۆماری هاوسەرگیری.<br>• *ئەگەر تۆمەتبارەکان هەردووکیان پیاو بن، بەپێی یاسای عێراقی هاوسەرگیری لە نێوانیان دا یاسایی نیە.* | |
| تێبینیەکان: | | | |
| لە عێراق لە هەندێ بارودۆخ دا ڕەنگە هاوسەرگیری بە شێوەی فەرمی تۆمار نەکرێت. پێویستە ئەوە بزانن کە هاوسەرگیری ژێر تەمەنی یاسایی (ژێر 18 ساڵ) لەلایەن یاساوە بە ڕەسمی قەبووڵ کراوە بۆ کەسانی پانزدە ساڵ و گەورەتر بە مەرجێک ڕەزامەندیی دادگای لەسەر بێت. لە 2014 و 2017، ڕەشنووسی یاسایەک درا بە پەرلەمانی عێراق (کە ناسراوە بە «یاسای باری کەسێتیی جەعفەری» کە تەمەنی هاوسەرگیریی کچان دادەبەزێنێت بۆ 9 ساڵ. بەهۆی ناڕازیبوونی دژبەران، ئەم پرۆژەیاسایە لابرا. | | | |
| ئێلیمانی تایبەت: (ج) بە ڕەزامەندی | | | |
| بە ڕەزامەندی | دەستەواژەی ڕەزامەندی لە یاسای عێراقی دا پێناسە نەکراوە. | *ئەگەری بەڵگەی شایەتحاڵ کەمە بەڵام ڕەنگە بەڵگەی لاوەکی لەبارەی کردارەکان و وتەکان پێشکەش بکات.*<br>*[شایەتیدان یان دانپێدانانی کەسی تۆمەتبار.]* | |
| تێبینیەکان: | | | |
| لە سەرچاوە دادوەریە نیشتمانیەکانی تر دا، «ڕەزامەندی» وەها پێناسە کراوە کە یانێ مرۆڤ ئازادانە ڕازیبوونی خۆی دەربڕێت و توانایی ئەوە هەبێت کە دڵبخوازانە بڕیار بدات. | | | |
| بارودۆخی سەخت: بەشی سەرەوە بخوێنەوە سەبارەت بە لاقەکردن، مادەی 393. | | | |

| تاوان: پەلاماری سێکسی، مادەی (1)396 | | | |
|---|---|---|---|
| ئێلیمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلیمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| ئێلیمانی تایبەت: (الف) پەلاماری سێکسی یان هەوڵدان بۆ پەلاماری سێکسی | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| (a) پەلاماری سێکسی یان هەوڵدان بۆ پەلاماری سێکسی. | لە یاسا دا پێناسە نەکراوە. | • بەڵگەی قوربانیی رزگاربوو.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ<br>• بەڵگەی پسپۆڕی پزیشکی (شینبوونەوە، و هتد): بەڵام ئەمەتان لە بیر نەچێت: پێویست ناکات برین نیشان بدات.<br>• دۆزینەوەی بەڵگە وەکوو نموونەی دی.ئێن.ئەی. | |
| تێبینیەکان: | | | |
| بەهۆی پێناسەنەکردن و ناڕوونبوونی وشەکان، ئەستەمە کە بتوانین جیاوازی نێوان پەلاماری سێکسی و کرداری بێشەرمانە دیاری بکەین. چالاکوانان دەتوانن پێداگری بکەن کە پێناسەیەکی بەربلاوتر بۆ ئەم چەمکە بکرێت بە جۆرێک کە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی بگونجێت - واتە هەر کردارێک کە سروشتی سێکسی هەبێت، لەوانە چوونەناوەی سێکسی، لێکەوتن، دەرخستن و نیشاندان، هەڕەشە، وشە و زمانی سێکسی یان بوونەهۆی ئەمانە لە کەسێکی تر دا. | | | |
| ئێلێمانی تایبەت: بێ ڕەزامەندی. بەشی سەرەوە بخوێنەوە سەبارەت بە لاقەکردن، مادەی 393. | | | |

| تاوان: کرداری بێشەرمانە بەبێ ڕەزامەندی، مادەی 400 | | | |
|---|---|---|---|
| ئێلێمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلێمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| ئێلێمانی تایبەت: (الف) کرداری بێشەرمانە | | | |
| (الف) کرداری بێشەرمانە | لە یاسا دا پێناسە نەکراوە. | • بەڵگەی قوربانیی رزگاربوو<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ. | |
| تێبینیەکان: | | | |
| دیسانەوە، بەهۆی پێناسەنەکردن و ناڕوونبوونی وشەکان، ئەستەمە کە بتوانین بڵێین کرداری بێشەرمانە بە چ کردارگەلێک دەوترێت. | | | |
| ئێلێمانی تایبەت: بێ ڕەزامەندی. بەشی سەرەوە بخوێنەوە سەبارەت بە لاقەکردن، مادەی 393. | | | |

| تاوان: کرداری بێشەرمانەی ئاشکرا، مادەی 401 | | | |
|---|---|---|---|
| ئێلێمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلێمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| ئێلێمانی تایبەت: (الف) کرداری بێشەرمانە. بۆ مادەی 400 سەرەوە بخوێنەوە. | | | |
| ئێلێمانی تایبەت: (ب) ئاشکرا | | | |
| ئاشکرا. | لە یاسای عێراقی دا سنووری نێوان شوێنی گشتی و شوێنی تایبەت ڕوون نیە. | • بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی قوربانی. | |

| تاوان: نزیکبوونەوەی بێشەرمانە، مادەی 402(1) | | | |
|---|---|---|---|
| ئێلێمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلێمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| ئێلێمانی تایبەت: نزیکبوونەوەی بێشەرمانە | | | |
| نزیکبوونەوەی بێشەرمانە لە پیاو یان ژنێکی تر. | لە یاسای عراقی دا پێناسە نەکراوە. | • بەڵگەی قوربانیی رزگاربوو<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ. | |
| تێبینیەکان: | | | |
| بەهۆی پێناسەنەکردن و ناڕوونبوونی وشەکان، ئەستەمە کە بتوانین بڵێین «نزیکبوونەوەی بێشەرمانە» بە چ کردارگەلێک دەوترێت و چ جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ تاوانەکانی تر، وەک پەلاماری سێکسی، کرداری بێشەرمانە، و هتد. | | | |

| تاوان: هێرشی ئاشکرا بە شێوەی بێشەرمانە، مادەی (ب)(1)402 | | | |
|---|---|---|---|
| ئێلێمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلێمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| ئێلێمانی تایبەت: (الف) هێرش دەکاتە سەر ژنێک | | | |
| هێرش دەکاتە سەر ژنێک | پێناسە نەکراوە. | • بەڵگەی قوربانیی رزگاربوو<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ<br>• بەڵگەی پسپۆڕی پزیشکی (شینبوونەوە، و هتد): | |
| ئێلێمانی تایبەت: (ب) بە شێوەی بێشەرمانە | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بە شێوەی بێشەرمانە بە وشە، کردار یان ئیشارە | پێناسە نەکراوە. | • بەڵگەی قوربانیی رزگاربوو<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ | |
| ئێلیمانی تایبەت: (ج) لە شوێنێکی گشتی دا | | | |
| لە شوێنێکی گشتی دا | پێناسە نەکراوە. | • قوربانیی رزگاربوو<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ | |
| تێبینیەکان: | | | |
| هەروەها کە لەسەرەوە باس کرا، بێ پێناسەکردن یان بەکارهێنانی زمانی ڕوونتر، ئەستەمە بتوانین دیاری بکەین «هێرشکردن» «بە شێوەی بێشەرمانە» بە چ کردار و رەفتارێک دەوترێت، و چۆن دەتوانین ئەمە جیا بکەینەوە لە کردارەکانی تر وەک پەلاماری سێکسی، نزیکبوونەوەی بێشەرمانە، یان کرداری بێشەرمانە. | | | |

## تاوان: لەباربردنی بەزۆر، مادەی 418(1)

| ئێلیمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلیمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
|---|---|---|---|
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| ئێلیمانی تایبەت: (الف) | | | |
| زەمینە فەراهەم دەکات بۆ منداڵ لەباربردنی ژنێک | منداڵێک لە بار دەبات. (دەبێتە هۆی نەمان یان کۆتاییهاتنی دووگیانی) | • بەڵگەی قوربانیی رزگاربوو.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ<br>• بەڵگەی پزیشکی.<br>• دەرەنجامەکانی پشکنینی دووگیانی، تۆمارە پزیشکیەکان، یان شایەتیدانی شایەتحاڵ. | |
| | ئەنقەست ئەنجامدان. | • بەڵگەی شایەتحاڵ لەبارەی وشەکان یان کردارەکانی کەسی تۆمەتبار.<br>• بەڵگەی لاوەکی لەبارەی مەبەست/نیەت.<br>• [شایەتیدان یان دانپێدانانی کەسی تۆمەتبار.] | |
| ئێلیمانی تایبەت: بێ ڕەزامەندی. بەشی سەرەوە بخوێنەوە سەبارەت بە لاقەکردن، مادەی 393. | | | |
| بارودۆخی سەخت | | | |
| ئەگەر قوربانی بمرێت | | • گەواهیی مەرگ و ڕاپۆرتی پاش مەرگ/پزیشکی دادوەری.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ لەوانە ئەندامی خێزان. | |
| پێگەی تاوانکار | پزیشک، دەرمانساز، کیمیازان، مامان یان یاریدەری ئەم کەسە. | • بەڵگەی قوربانی.<br>• بروانامەی زانکۆ یان بەڵگەی گرێبەست کە پیشەی کەسەکە نیشان بدات.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ لەوانە ئەندامانی خێزان یان ئەندامانی کۆمەڵگە لەبارەی پێگە و پلەوپایە. | |

## جۆری بەرپرسیارەتی: مادە سەرەکیەکانی 47 و 49

| ئێلیمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلیمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
|---|---|---|---|
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| کۆمیسیۆن یان | کۆمیسیۆنە فیزیکیەکانی تاوان بە تەنیا خۆیان یان لەگەڵ لایەنی تر. | • بەڵگەی قوربانی.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری.<br>• بەڵگەی ڤیدیۆیی سەلمێنراو (ئەگەری هەبوونی لە کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی دا زۆر کەمە بەڵام نامومکین نیە).<br>• بەڵگەی دۆزراوە لە پشکنینی پزیشکی دادوەری دا/نموونەی دی.ئێن.ئەی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | • [شایەتیدان یان دانپێدانانی کەسی تۆمەتبار.] | |
| بەشداریکردن یان | (1 بەشداریکردن لە تاوانێک دا کە لە چەند کردار پێکهاتووە و<br>(2 ئەنقەست کردنی یەکێک لەو کارانە لە ماوەی ئەنجامدانی تاوان دا. | • بەڵگەی قوربانی.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵی بەشداربوو (Insider).<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری.<br>• بەڵگەی ڤیدیۆیی سەلمێنراو (ئەگەری هەبوونی لە کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی دا زۆر کەمە بەڵام نامومکین نیە).<br>• [شایەتیدان یان دانپێدانانی کەسی تۆمەتبار.] | |
| تێزدان (لەو حاڵەتانە دا کە دەستدرێژیکەری جەستەیی لە ڕووی جینابیەوە بەرپرسیار نیە) تێبینی: دەستدرێژیی ناراستەوخۆ/بەکارهێنانی ئامراز یان | تێزدان بە هەر شێوەیەک بۆ ئەنجامدانی کردارێک کە پێشێلکردنی یاسایە، ئەگەر کەسی هاندراو بە هیچ شێوەیەک لە ڕووی جینابیەوە بەرپرساری ئەم پێشێلکاریە نەبێت.<br>تێبینی: بۆ نموونە لە حاڵەتێک دا کە دەستدرێژیکەری جەستەیی نائاگا بێت، یان ناچار کرابێت کە دەستدرێژی بکات. | • بەڵگەی دەستدرێژیکەری جەستەیی یان بەڵگەی شایەتحاڵی بەشداربوو (Insider)<br>• بەڵگەی قوربانی.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری.<br>• بەڵگەی ڤیدیۆیی سەلمێنراو (ئەگەری هەبوونی لە کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی دا زۆر کەمە بەڵام نامومکین نیە).<br>• بەڵگەی پەیام یان پەیوەندیی سەلمێندراو. | |
| پارمەتیدەری تاوان (بەپێی مادەی 48) کە لە شوێنی تاوانەکە ئامادە یە یان لە کاتی ئەنجامدانی کارێک کە کۆمەک دەکات بە ڕوودانی تاوانەکە ئامادە یە. یاسای سزادان، مادەی 49 | (a) پارمەتیدەری تاوان (بەشی خوارەوە بخوێنەوە) و<br>(b) ئامادەبوون. | • بەڵگەی قوربانی.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵی بەشداربوو (Insider).<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری (بۆ نموونە، تۆماری لۆجستیکی، تۆماری پێرسۆنێل، فەرمانەکان).<br>• بەڵگەی ڤیدیۆیی سەلمێنراو (ئەگەری هەبوونی لە کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی دا زۆر کەمە بەڵام نامومکین نیە). | |

## جۆری بەرپرسیارەتی: پارمەتیدەری تاوان - پارمەتیدان و هاودەستیکردن لە تاوان، مادەی 48(3)

| ئێلێمانەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلێمانەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
|---|---|---|---|
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| ئاگاهانە ئامراز یان هەرشتێک بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە دەدات بە تاوانکاری سەرەکی بۆ ئەوەی تاوانەکە ئەنجام بدات یان | (1 ئاگاهانە<br>(2 چەک، ئامراز یان هەرشتێک بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە دەدات<br>(3 بە تاوانکاری سەرەکی | • بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵی بەشداربوو (Insider).<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری (بۆ نموونە، تۆماری لۆجستیکی، فەرمانەکان).<br>• بەڵگەی فیزیکی و دۆزینەوەی ئاسەوار. | |
| ئەنقەست پارمەتیی تاوانکاری سەرەکی دەدات بە هەر شێوەیەکی تر بۆ ئەنجامدانی ئەو کردارانەی کە بۆ ئەنجامدانیان پارمەتی دراوە. | (1 ئەنقەست<br>(2 پارمەتیدان بە هەر شێوەیەک بۆ ئەنجامدانی کردارەکان<br>(3 بە تاوانکاری سەرەکی | • بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵی بەشداربوو (Insider).<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری (بۆ نموونە، تۆماری لۆجستیکی، فەرمانەکان، ڕاپۆرتەکان). | |

## جۆری بەرپرسیارەتی: پارمەتیدەری تاوان - تێزدان، مادەی 48(1)

| ئێلیمێنەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلیمێنەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
|---|---|---|---|
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *بەڵگەی تۆ* |
| تێزەی کەسێکی تر دەدات<br>تێبینی: جیاوازیی نێوان ئەو کەسەی کە تێزەی تاوانکاری سەرەکی دەدات (دەستدرێژیکەری جەستەیی نابەرپرسیار) و ئەو کەسەی کە تێزەی یارمەتیدەری تاوان دەدات (ئەو دەستدرێژیکەرە جەستەییە کە لەڕووی جیناییەوە بەرپرسیارە/تاوانکاری سەرەکی). | تێزەی کەسێکی تر دەدات کە تاوانێک بکات، و | • بەڵگەی دەستدرێژیکەری جەستەیی یان بەڵگەی شایەتحاڵی بەشداربوو (Insider)<br>• بەڵگەی قوربانی.<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری (بۆ نموونە، فەرمانەکان، ڕاپۆرتەکان).<br>• بەڵگەی ڤیدیۆیی سەلمێنراو (ئەگەری هەبوونی لە کەیسەکانی توندوتیژیی سێکسی دا زۆر کەمە بەڵام نامومکین نیە).<br>• بەڵگەی پەیام یان پەیوەندیی سەلمێندراو. | |
| | تاوانەکە لەسەر بنەمای تێزەدان ئەنجام دەدرێت (پێویستە هەندێ پەیوەندی لەنێوان تێزەدان و تاوانەکە دا هەبێت). | | |

| جۆری بەرپرسیارەتی: یارمەتیدەری تاوان - پیلانگێری، مادەی 48(2) | | | |
|---|---|---|---|
| ئێلیمێنەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلیمێنەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *نموونەکان/بەڵگەی تۆ* |
| پیلانگێری لەگەڵ کەسانی تر<br>تێبینی: هەروەها تاوانی پیلانگێری، بەپێی مادەی 55. | پیلانگێری لەگەڵ کەسانی تر (لانیکەم 2)<br>تێبینی: ئەو پێناسەی کە لە مادەی 55 دا هاتووە دەتوانێت لەبارەی «پیلانگێری» زانیاریمان پێ بدات: واتە هەر ڕێکەوتنێک لەوانە قۆناخە سەرەتاییەکانی پلاندانان، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورت بووبێت.<br>و | • بەڵگەی شایەتحاڵی بەشداربوو (Insider).<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری (بۆ نموونە، فەرمانەکان، ڕاپۆرتەکان، ڕێکەوتنەکان، گرێبەستەکان).<br>• بەڵگەی پەیام یان پەیوەندیی سەلمێندراو. | |
| | تاوانەکە وەکوو بنەمایەکی پیلانگێری ئەنجام دەدرێت. تێبینی: پێویستە نیشان بدرێت کە پەیوەندیەک لەنێوان پیلانگێریەکە و تاوانەکە دا هەیە. | بەو شێوەی لە سەرەوە دیاری کراوە. | |

| جۆری بەرپرسیارەتی: هەوڵدان، مادەی 30. | | | |
|---|---|---|---|
| ئێلیمێنەکانی تاوانەکان | پێکهاتەکانی ئێلیمێنەکان | ئامرازەکانی سەلماندن | |
| | | جۆرەکانی بەڵگە: | *نموونەکان/بەڵگەی تۆ* |
| دەستپێکردنی کردارێک بە نیەتی ئەنجامدانی تاوانێک کە پووچەڵ دەکرێتەوە یان ڕێگری لێ دەکرێت لەبەر هۆکارگەڵێک کە پەیوەندییان بە نیەتی کەسی تۆمەتبارەوە نیە | دەستپێکردنی کردارێک: | • بەڵگەی شایەتحاڵی بەشداربوو (Insider).<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی قوربانی.<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری. | |
| | بە نیەتی ئەنجامدانی تاوانێک | • بەڵگەی لاوەکی لە کردارەکان، وتەکان و ڕەفتار. | |
| | ڕێگریکردن یان پووچەڵکردنەوەی کردارەکە لەبەر هۆکارگەڵێک کە پەیوەندییان بە نیەتی کەسی تۆمەتبارەوە نیە.<br>دەکرێ نامومکینبوونیش یەکێک لە هۆکارەکان بێت. | • بەڵگەی شایەتحاڵی بەشداربوو (Insider).<br>• بەڵگەی شایەتحاڵ.<br>• بەڵگەی دۆکۆمێنتاری یان بەڵگەی پەیوەندی (بۆ نموونە، ڕاپۆرت، پەیوەندیی کۆنترۆڵکراو). | |

Institute for International
Criminal Investigations

Anna Paulownastraat 101
2518 BC Den Haag
The Netherlands

+31 70 364 4660

info@iici.global